حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی کۆمەڵناسی


# بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سلێمانی )

**نامەیەکە خوێندکار**


**شنۆ حسن عبدالصمد**


پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی

**بە سەرپەرشتی**


**پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید**



**٢٧٢٠ ك** **١٤٤١ هـ** **٢٠٢٠ ز**

ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(شنۆ حسن عبدالصمد) بە ناونیشانی (بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ ) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی کۆمەڵناسی، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت : 7 / 5 / 2020

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. کەژا ل حسین محمد
سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی
ڕێکەوت : 9/ 5 / 2020

ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندكار ( شنۆ حسن عبدالصمد ) بە ناونیشانی ( بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی زانكۆ ) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەكانی تری كردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی لە زانستی كۆمەڵناسی پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. مراد حكیم محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆكی لیژنە
ڕێكەوت : 13 / 7 / 2020

واژۆ:
ناو: د. واحدە حمە وەیس نصر الله
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێكەوت : 4 / 7 / 2020

واژۆ:
ناو: د. داود یوحنا دانیال
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
ڕێكەوت : 13 / 7 / 2020

واژۆ:
ناو: د. پەیمان عبدالقادر مجید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیا
ڕێكەوت : 4 / 7 / 2020

لە لایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانی - پەسەند كرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان

بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نامە/ تێزەی خوێندکار ( شنۆ حسن عبدالصمد ) کە ناونیشانی ( بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ ) پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامە/ تێزەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو:

ڕێکەوت : 27 / 6 / 2020

قال سبحانه وتعالى

وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ

الصافات ٢٤

# پێشکەشە بە

## دایک و باوکی خۆشەویستم

## بە خوشک و براکانم

# سوپاس و پێزانین


* سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانا و تەندروستی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە

* سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستای بەڕێز سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم ( پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید ) بۆ پێدانی سەرنج و تێبینیە بەسوودەکانی هەر لەسەرەتای توێژینەوەکەوە تا کۆتایی و گەیشتن بە ئەنجامەکان .

* سوپاس بۆ سەرۆک بەشی کۆمەڵناسی و هەموو ئەو مامۆستایانەی هاوکارم بوون .

* سوپاس بۆ ئەو مامۆستایانەی، کە فۆڕمی پێوانەکەیان بۆ هەڵسەنگاندم .

* سوپاس بۆ سەرۆک بەش و بڕیاردەری بەش و ئەو کارمەندانەی لە پڕکردنەوەی و فۆڕم و چاوپێکەتنەکاندا هاوکارم بوون .

* سوپاس بۆ خاڵی خۆشەویستم (م.ناصح ) هاوکارم بوو لە وەگێڕانی بابەتەکانی توێژینەوەکە .

* سوپاس بۆ خوشک و براکانم کە هاوکار و پاڵپشتم بوون .

* سوپاس بۆ (د. پەروین ابوبکر ) کە هاوکاری دڵسۆز و بەردەوامم بووە

* سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و بەڕێزانەی لەهەر بوارێکی توێژینەوەکەدا هاوکارم بوون .

( پێڕستی بابەتەکان )


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە | ا |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێڕستی بابەت و خشتە و شێوە و پاشکۆکان | ت - خ |
| پێشەکی | 3 -1 |
| **دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە** | 75 - 6 |
| **بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** | 9 – 6 |
| باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە | 6 |
| یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە | 7 - 6 |
| دووەم : گرنگی توێژینەوەکە | 8 - 7 |
| سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە | 8 |
| چوارەم : گریمانەی توێژینەوەکە | 9 |
| باسی دووەم : دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان | 12 – 10 |
| یەکەم : بەرپرسیارێتی | 11 – 10 |
| دووەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 12 – 11 |
| سێیەم : خوێندکارانی زانکۆ | 12 |
| باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو | 21 - 13 |
| یەکەم : خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو | 19 – 13 |
| دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | 21 – 19 |
| **بەشی دووەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و خوێندکارانی زانکۆ** | 75 – 23 |
| باسی یەکەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی | 40 – 23 |
| یەکەم : مێژووی چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 24 – 23 |
| دووەم : تایبەتمەندیەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 26 – 25 |
| سێیەم : گرنگی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 27 – 26 |
| چوارەم : مەرجەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی | 28 |
| پینجەم : بوارەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 30 – 29 |
| شەشەم : ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 32 – 30 |
| حەوتەم : پایەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 33 – 32 |

| | |
|---|---|
| هەشتەم : هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 37 – 33 |
| نۆیەم : دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 40 – 37 |
| باسی دووەم : چوارچێوە تیۆریەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 48 – 40 |
| یەکەم : تیۆری ڕۆڵ | 42 – 40 |
| دووەم : تیۆری پێداویستییەکان | 44 – 42 |
| سێیەم : تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی | 46 – 44 |
| چوارەم : گفتۆگۆی تیۆرەکان | 48 – 47 |
| باسی سێیەم : خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 75 – 49 |
| یەکەم : خوێندکارانی زانکۆ | 52 – 49 |
| دووەم : تایبەتمەندییەکانی خوێندکارانی زانکۆ | 56 – 52 |
| سێیەم : پێداویستییەکانی خوێندکارانی زانکۆ | 58 – 57 |
| چوارەم : گرنگی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ | 59 – 58 |
| پێنجەم : ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 66 – 60 |
| شەشەم : کێشەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 72 – 66 |
| حەوتەم : ئەرک و مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 75 – 72 |
| **دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوە** | 133 – 78 |
| **بەشی سێیەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی** | 93 – 78 |
| باسی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە | 83 - 78 |
| یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە | 79 – 78 |
| دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 79 |
| سێیەم : نموونەی توێژینەوەکە | 82 – 79 |
| چوارەم : سنورەکانی توێژینەوەکە | 83 |
| باسی دووەم : ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە | 93 – 83 |
| یەکەم : ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 92 – 83 |
| دووەم : ئامرازە ئامارییەکان بەکارهاتووەکان | 93 |
| **بەشی چوارەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیاریەکانی** | 133 – 95 |
| باسی یەکەم : خستنەڕووی ئامانج و گریمانەکان و گفتوگۆکردنیان | 124 – 95 |
| باسی دووەم : ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی | 133– 125 |
| یەکەم : ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 131 -125 |

| | |
|---|---|
| دووەم : ڕاسپاردەكان | 132 |
| سێیەم : پێشنیازەكان | 133 – 132 |
| سەرچاوەكان | 151 –135 |
| پاشكۆكان | 171 –153 |
| كورتەی توێژینەوەكە بە زمانی كوردی | ا ـ ب |
| كورتەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی | ا ـ ب |
| كورتەی تێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی | b – a |


## ( پێڕستی شێوەكان )


| ژ | ناونیشانی شێوەكان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەكان و پایەكان | 33 |
| 2 | هەرەمی پێداویستییەكان لای (ماسلۆ) | 43 |
| 3 | پێكهێنەرەكانی زانكۆ | 61 |


## ( پێڕستی خشتەكان )


| ژ | ناونیشانی خشتەكان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | نموونەی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (7%) | 80 |
| 2 | ژمارەی نموونەی توێژینەوەكە بە پێی بەشەكان | 81 - 80 |
| 3 | زانیاریە گشتیەكانی نموونەی توێژینەوەكە | 81 |
| 4 | زانیاریە گشتیەكانی نموونەی چاوپێكەوتنەكان | 82 |
| 5 | هێزی بڕگەكانی ئامڕازی توێژینەوەكە بە پێی پێوەری لیكرت (Likert Scale ) | 85 |
| 6 | بەهای ناوەندە ژمێرەیی | 85 |

| | | |
|---|---|---|
| 7 | جێگیری فۆڕمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 87 |
| 8 | بڕگە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکان | 88 |
| 9 | هێزی جیاکاری بڕگەکان بۆ پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 89 -90 |
| 10 | پەیوەندیی بڕگەکان بە کۆ نمرەی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە | 91 |
| 11 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود | 95 |
| 12 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ | 97 |
| 13 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە | 98 |
| 14 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان | 99 |
| 15 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی ڕەگەز | 104 |
| 16 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی ڕەگەز | 104 |
| 17 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی ڕەگەز | 105 |
| 18 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی ڕەگەز | 106 |
| 19 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی پسپۆڕی | 107 |
| 20 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی پسپۆڕی | 108 |
| 21 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی پسپۆڕی | 109 |
| 22 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی پسپۆڕی | 110 |
| 23 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون | 111 |
| 24 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون | 112 |
| 25 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون | 113 |
| 26 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون | 113 |
| 27 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی قۆناغی خوێندن | 114 |
| 28 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی قۆناغی خوێندن | 115 |
| 29 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی قۆناغی خوێندن | 116 |
| 30 | ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی قۆناغی خوێندن | 117 |

## ( پێڕستی پاشکۆکان )


| ژ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | نوسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی ئامار و نەخشەکێشان تایبەت بە ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی | 153 |
| 2 | فۆرمی بەرایی | 154 |
| 3 | شێوازی سەرەتایی فۆرمی پێوەری بەرپرسیارێیتی کۆمەڵایەتی ( فۆرمی پسپۆڕان ) | 160 -155 |
| 4 | ڕاستێتی فۆرمی پێوانەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پسپۆڕان | 161–160 |
| 5 | جێگیری فۆرمی توێژینەوە | 162 |
| 6 | شێوازی کۆتایی فۆرمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 168–163 |
| 7 | ئاستی بڕگەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود | 169–168 |
| 8 | ئاستی بڕگەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ | 170–169 |
| 9 | ئاستی بڕگەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە | 171–170 |

# پێشەکی

مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەستی بەرپرسیاریێتی هەبووە، ئەو بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆی بووە وەک ئەرکێک لەسەرشانی بووە جێبەجێی بکات، لە پێناو مانەوە و بەردەوامبوونی لەژیان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بەڵام بە گەشەکردنی کۆمەڵگەکان و پێشکەوتنی زانستی و کاریگەربوونی پرۆسەی بەجیهانیبوون، شێوازی ژیان لە کۆمەڵگەکاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ژیان ئاڵۆزتربووە و پێداویستی و داخوازییەکانیش زیاتربوون .

لە نێو ئەو ئاڵۆزیانەدا بۆئەوەی کاروبارەکانی ژیان بەڕێوەبچن و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان کەمتر ببێتەوە و زۆرترین داخوازی و پێداویستیەکان پڕبکرێنەوە، کۆمەڵگەکان بەدامەزراوە کران و بەرپرسیارێتییەکانیش لە نێو ئەو دامەزراوانەدا لە چوارچێوەی یاسادا رێکخران، یەکێک لەو بەرپرسیارێتیيانەش بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە .

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە جۆرەکانی بەرپرسیارێتی، لەبەرئەوەی چەندین جۆری هەیە، لەوانەش بەرپرسیارێتیی (ئاینی، ئاکاری، یاسایی، نیشتمانی، ژینگەیی)، هەروەها چەمکێکی فرە ڕەهەندە و هەر یەک لەو ڕەهەندانەش جیاواز لەوی دیکە پێناسەی بۆ دەکات و بەکاریدەهێنێت، ئەوانیش ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئاکاری، پەروەردەیی، ئابوری، ڕاگەیاندن و ژینگەی ) یە .

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێو دامەزراوە فەرمی و نا فەرمیەکاندا بوونی هەیە و لەسەرشانی ئەندامانی ئەو دامەزراوانە ئەرکە پابەندبن پێیەوە و جێبەجێی بکەن، لەبەرئەوەی کەمتەرخەمی و سەرپێچی کردن لێیان کاریگەریی نەرێنی لەسەر کار و ڕۆڵی ئەودامەزراوەیە لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات و ئاکامی زیانبەخشی لێدەکەوێتەوە .

بەوپێیەی زانکۆش دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەیە و لە چەندین پێگە پێکهاتووە و لە ناو ئەو پێگانەشدا چەندین بەرپرسیارێتی هەیە، لە هەمانکاتدا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بەرپرسیارێتیانە و لەئەستۆی ئەندامەکانی ئەم دامەزراوەدایە لە پێگەکەکانیاندا جێبەجێی بکەن .

هاوکات خوێندکاری زانکۆش ئەندامێکە لە ئەندامانی زانکۆ و لە ناو زانکۆدا لە پێگەی خوێندکاریدایە، هەربۆیە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ئەستۆی و وەک ئەرکێک کە

لەسەرشانیەتی جێبەجێی بکات و پابەندبێت پێیەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوێندکاران هەوڵ بدەن پێزان و هۆشیاربن بە ئەرک و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکانیان بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە, لە هەمانکاتدا ئەرکی زانکۆشە خوێندکاران هۆشیار بکاتەوە سەبارەت بە ئەرک و پەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیەکانیان و ئامادەیان بکات بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیانە، بەم کارەی لەلایەکەوە سەنگ و قورسایی ڕۆڵی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت و ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەی کە زانکۆ لە ئەستۆیەتی بەرامبەر کۆمەڵگە جێبەجی دەکات، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک گەنج بۆ داهاتوو ئامادە دەکات کە هەر پێگەیەک و هەربەرپرسیارێتیەکان لەسەر شان بێت بێ کەم و کورتی و بەوپەڕی تواناوە جێبەجێی دەکەن و دەبنە هاوڵاتیەکی دروست و سوودمەند بۆ خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە .

هاوکات ئەو دۆخەی کۆمەڵگەی کوردی تیادایە و پڕە لە قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری، وایکردووە ئامادەکردنی نەوەیەک، کە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان لە ئاستی پێویستدا بێت، ببێتە زەرورەتێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی، تا بتوانن لە داهاتوودا ئەو قەیرانانە تێپەڕێنن و کار بۆ باشترکردنی دۆخەکە بکەن، هەروەها هەوڵ بۆ پێکەوە ژیان و بەرەوپێشچوون بدەن و کار بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ڕێگریانەدا بکەن، کە دێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵگە .

لەم سۆنگەیەوە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی، کە ئایا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر (خود و زانکۆ و کۆمەڵگە) لە چ ئاستێکدایە ؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش بە شێوەیەکی زانستی، تەواوی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو دەروازەی سەرەکیدا، کە دەروازەی ( تیۆری و دەروازەی مەیدانی ) ن .

دەروازەی تیۆری توێژینەوەکە بۆ دوو بەش دابەشکراون، لە بەشی یەکەمدا کە سێ باسە، لە باسی یەکەمدا ئاماژە دراوە بە پێکهاتە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە و تیایدا باس لە کێشە و گرنگی و ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە کراوە، لە باسی دووەمدا پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە کراون، باسی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ گفتوگۆکردنیاندا، هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە کراوەتە سێ باس، باسی یەکەم، تایبەتە بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتەکانی، باسی دووەم، تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆرەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، باسی سێیەمیش، بۆ خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە .

دەروازەی دووەمی توێژینەوەکە، لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و دەکەوێتە بەشی سێیەم و چوارەمی توێژینەوەکە، بەشی سێیەم کە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانیەکانی لە خۆدەگرێت دابەش بووە بەسەر دوو باسدا، لە باسی یەکەمدا، ئاماژە بە میتۆدەکانی توێژینەوە و کۆمەڵگە و نموونە و سنورەکانی توێژینەوەکە کراون، باسی دووەم تایبەتکراوە بە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان، بەشی چوارەمی توێژینەوەکە ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیاریەکان لەخۆدەگریت و بەسەر دوو باسدا دابەش بووە، یەکەمیان تایبەتە بە خستنەڕووی زانیاریەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنی ئامانجەکانی، دووەمیشیان تایبەتە بە ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی .

کۆتایی توێژینەوەکەش پێکدێت لە لیستی سەرچاوەکان و چەند پاشکۆیەک و پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی .

# دەروازەی یەكەم

# لایەنی تیۆری توێژینەوە

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە

چوارەم : گریمانەی توێژینەوەکە

### باسی دووەم : دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان

یەکەم : بەرپرسیارێتی

دووەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

سێیەم : خوێندکارانی زانکۆ

### باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم : خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

#### یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە (The Problem of The Study )

دەستپێکی هەرتوێژینەوەیەک بریتییە لە بوونی کێشەیەک, دیاردەیەک یان بابەتێک, کە سەرنجی توێژەری ڕاکێشاوە و بیرو هزری داگیر کردووە, بەجۆرێک کە توێژینەوەکردن دەربارەی بە گرنگ و پێویست دەزانێت, بۆ ئەمەش ئەو کێشە یان دیاردەیە لەژێر ناوی کێشەی توێژینەوە بەشێوەی پرسیار دەخاتەڕوو, هەوڵدەدات لە میانەی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارانە .

بەوپێیەی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ڕێکخەری ڕەفتار و چالاکیە مرۆییەکانە لە نێو کۆمەڵگەدا و هانی ئەندامەکانی دەدات ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە بەرپرسارانە و دڵسۆزانە جێبەجێی بکەن، لەکاتێکدا لاوازی لە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی دەبێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ داهاتووی کۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی نادادی کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی ماف و بڵاوبوونەوەی سەرپێچی و تاوان و گەندەڵی لە بەڕێوەچوونی کاروباری دامەزراوەکاندا، لەم سۆنگەیەوە ئەم ڕەفتارە لای ئەندامانی کۆمەڵگە بەگشتی و لای گەنجان بە تایبەتی لە نێویشیدا خوێندکارانی زانکۆ پێویست و گرنگن بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پیشکەوتوو و ئارام، لەبەرئەوەی خوێندکارانی زانکۆ توێژێکی گەنج و ئایندەی کۆمەڵگەن و ئەوانن لە داهاتوودا کاروباری دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن و نەوەی دوای خۆیان پێدەگەیەنن، لەم ڕوانگەیەوە پرسە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە :

1. ئایا بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود لە چ ئاستێکدایە ؟

2. ئایا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ لە چ ئاستێکدایە ؟

3 . ئایا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە لە چ ئاستێکدایە ؟

## دووەم : **گرنگی توێژینەوەکە** (The Significance of the Study)

بێگومان هەر توێژینەوەیەک کەئەنجام دەدرێت گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە چەندین گرنگی هەیە، لەو گرنگیانەش :

1. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بەرپرسارێتیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە و تیۆرەکانی و بەستنەوەیان بە خوێندکارانی زانکۆوە، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لەو بوارەدا، لەکاتێکدا توێژینەوە لەم بوارەدا و بەتایبەت بە زمانی کوردی زۆر کەمە ( ئەوەندەی توێژەر زانیاری هەبێت) .

2. بەهۆی ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی دەگات، پێزان دەبین بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ و زانینی ئەم لایەنەی کەسێتیان .

3. دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە دەبنە هاوکاری زانکۆ لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و کارکردن و گرنگیدانی بەم بوارە، لەبەرئەوەی خوێندکارانی زانکۆ هێشتا لە تەمەنێکدان کە دەتوانرێت ئاڕاستەبکرێن بۆ چەسپاندنی ڕەفتاری دروست و سوودمەند لە کەسێتیاندا .

4. بۆ مامۆستایانی زانکۆ گرنگە، لەبەرئەوەی ڕۆژانە پەیوەندی بەردەوام لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاراندا هەیە و ئەو پەیوەندیەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران دروست دەکات، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ مامۆستایانی زانکۆ تا گرنگی زیاتر بەم ڕەفتارە بدەن و هەوڵبدەن لە ڕێگای ڕەفتارەکانیانەوە خوێندکاران فێری لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بکەن .

5. بۆ ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی لە بواری گەنجدا کار دەکەن گرنگە، چونکە دەتوانن سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ وەک توێژێکی گەنج و کارکردنیان بۆ گرنگیدان بەم ڕەفتارە و هۆشیارکردنەوەی گەنجان بەگشتی و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی .

## سێیەم :ئامانجی توێژینەوەکە (The Aim of the Study)

هەرتوێژینەوەیەک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ئامانجانەش لەلایەن توێژەرەوە دیاری دەکرێت بەهۆی ئەو پرسیارانەی کە لای توێژەر گەڵاڵە بووە، ئەو ئامانجانەش دەبنە بەرچاو ڕوونیەک بۆ توێژەر لە چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی و گرتنەبەری ڕێوشوێنە زانستیەکانی دیکەی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیکی دیکە چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەمانەن :

1. زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود .

2. زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ .

3. زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە .

4. زانینی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە گشتی بۆ هەر سێ تەوەرەکە لای خوێندکارانی زانکۆ .

5. زانینی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە (خود، زانکۆ، کۆمەڵگە) و  بە گشتی بۆ هەر سێ تەوەرەکە لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، پسپۆڕی زانستی و مرۆیی، شوێنی نیشتەجێبوون ، قۆناغی خوێندن ) .

6. زانینی سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ .

7. زانینی ڕادەی فەراهەم بوونی مافەکانی خوێندکاران لە زانکۆدا .

## چوارەم : گریمانەی توێژینەوەکە (The Hypothesis of the Study)

وەڵامێکی بەرایی گرفتی توێژینەوەکەیە، کە وەک بیرۆکەیەک یان وەڵامێکی لۆژیکی دەخرێتەڕوو، ئەگەری ساخکردنەوەی پرسەکەی هەیە (شوانی،2015: 211) .

گریمانەکانی ئەم توێژینەوە بریتین لە :

1. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خودیان نزمە .

2. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ نزمە .

3. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە نزمە .

4. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ .

5. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی) جیاوازە لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی .

6. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوینی نیشتەجێبوون (دەرەوەی شار ، ناو شار) جیاواز نییە .

7. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک .

8. زانکۆ لەپەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ کەموکورتی هەیە.

9. ڕادەی فەراهەم بوونی مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستێکی باشدایە .

## باسی دووەم / دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان

دەستنیشانکردنی چەمکەکان و پێناسەکردنیان هاوکار دەبێت بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ئامانجی توێژینەوە و مانا و مەبەستی توێژەر لای خوێنەرانی، چونکە دەکرێت چەمکێک بۆ چەندین مانا و مەبەست بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوە بەپێی جیاوازیی کۆمەڵگە و کات و بواری توێژینەوە مانای چەمکەکانیش دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لەو پێناسانە وەردەگیرێت، کە پێشتر لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکە کراون و توێژەر ئەو پێناسانە بۆ چەمکەکانی هەڵدەبژێرێت، کە نزیکترینن لە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکەوەی، چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە (بەرپرسیاریێتی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، خوێندکارانی زانکۆ ) .

### یەکەم : بەرپرسیارێتی (Responsibility)

#### لە ڕووی زمانەوانیەوە

بەرپرسیارێتی لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژەیە بۆ وشەی (Responsibility) کە لە زاراوە (Responsible) وەرگیراوەیە بە واتای متمانە پێکراو، بەرپرس یان وەفادار بەئەرکەکان دێت، کە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Responsive) لاتینی وەرگیراوە کە واتای (لە ئەستۆگرتن) دەگەیەنێت (الشاعر،2011 :30) .

#### لەڕووی چەمکەوە

ـ پابەندبوونی مرۆڤە بە ئەرکەکانی بەرامبەر کەسانی تر و ئامادەییەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە و لە ئەستۆگرتنی دەرئەنجامەکانی (الصالح،1999: :45) .

ـ توانا و ئامادەباشی تاکە بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو کارانەی خراوەنەتە ئەستۆی، هەروەها پابەندبوون، یان بەڵێندانیەتی بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە و پابەندبوونیەتی بەبەها وداب و نەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە (عبدالله،2016: 10) .

ـ ئامادەیی تاکە بۆ لەئەستۆگرتنی دەرئەنجامەکانی هەر کار و کردەوەیەک کە ئەنجامی داوە ( فحجان،2010: 36) .

**پێناسەی ڕێکاری** : لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆیە بەرامبەر ئەرکەکانی و پابەندبوونە پێیانەوە .

## دووەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی (social Responsibility) :

### لەڕووی زمانەوانیەوە :

بەبۆچوونی (البادی) لەساڵی (1980) چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر زاراوەی (Social Responsibility) ئینگلیزیدا هاتووە، هەروەها هاووتای چەندین زاراوەی دیکەیە لە زمانی ئینگلیزیدا کە ئەمانەن :
(Social Concern)گرنگی پێدانی کۆمەڵایەتی، (Social Conscience )ویژدانی کۆمەڵایەتی، (Involvement)بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی(Social Response) وەڵامدانەوەی کۆمەڵایەتی لە هەمووان زیاتر زاراوەی(Social Responsibility)بەکاردەهێنرێت (ابوکوش،2012: 37)

### لەڕووی چەمکەوە

ـ بەرپرسیارێتیی تاکە بەرامبەر بە خودی خۆی و ئەو کۆمەڵەی ئینتمای بۆی هەیە، کە بەرپرسیارێتییەکی ئاکارییە، لە ناخی تاکەکاندا وەک چاودێریکارێکی ناوەکی و لێپرسەرەوەیەکی خودیە و پابەندی دەکات بەو ئەرکانەی لەئەستۆیەتی (رزق، 2015: 33).

ـ ئاماژەیە بۆ مەودای پابەند بوونی تاک بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی لەو ژینگەی کەتیایدایە، پێویستە زەحمەتیەکانی ئەو ڕۆڵە لەئەستۆبگرێت و کاریگەری لەسەر دەوروبەر دروست بکات (کرمة و دةمیر،2014: 49) .

ـ بەرپرسیارێتیی تاکە بەرامبەر بە خودی خۆی و خێزانی و هاوڕێ و ئایین و نیشتمانی لە ڕێگای تێگەیشتنی لە ڕۆڵەکەی، هەروەها گرنگیدانیەتی بە کەسانی دەوروبەری لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندیەکی ئەرێنی لەگەڵیان و بەشداریکردنی لە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە و هێنانەدی ئامانجە گشتیەکانی (حسونة، 2014: 13) .

ـ جێبەجێکردن و پابەندبوونی تاکە بە ئەرکەکانی بەرامبەر بە خودی خۆی و کۆمەڵگەکەی و سووربوونیەتی لەسەر بەشداریکردنی کارا لەگەڵیان و پەیوەستبوونە پێیانەوە (ابوکوش، 2012: 39) .

ـ بەرپرسیاریتیی تاکە بەرامبەر بە خۆی و جەستە و دەروون و کاتەکانی، هەروەها بەرامبەر بە ژینگەی دەوروبەری و ئەو پێگەی کە هەیەتی لە کۆمەڵگەدا (عمر،2017: 56) .

**پێناسەی ڕێکاری** : لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە کۆمەڵێک ئەرکن کە لە ئەستۆی خوێندکارانی زانکۆیە جێبەجێیان بکەن بەرامبەر بە خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە .

## سێیەم: خوێندکارانی زانکۆ (University students)

ـ ئەو توێژەن کە سەر بە دامەزراوەیەکی فێرکاریە و کارتێکەر و کارلێکراوە بە پرۆسەی فێرکردن (الزیود، 2011: 12) .

ـ توێژێکی گەنجن کە لە زانکۆ دەخوێنن، خاوەن ئەزموونی زانستی و ڕۆشنبیری و پەروەردەین، لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایانی و کارمەندانی تری زانکۆ هەڵسوکەوت دەکەن (عمیرش، 2005: 77) .

ـ ئەو توێژەن کە خوێندنی ئامادەییان تەواوکردووە و پاش تێپەڕبونیان بە مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆ، لە کۆلێژێک لە کۆلێژەکانی زانکۆ وەرگیراون و بەردەوامن لە خوێندن (جابر و مهدی، 2011: 4) .

ـ کەسێکە خاوەن لێهاتوویەکی زانستیە و قۆناغی دواناوەندی تەواوکردووە و هاتۆتە زانکۆ لەپێناو بەدەستهێنانی لقێکی پیسپۆری لە بوارێکدا (الزیود،2011: 12) .

**پێناسەی ڕێکاری** : لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە خوێندکارانی قۆناغی یەک و چواری بەکالۆریوسە، کە بەردەوامن لە خوێندن لە بەشە زانستی و مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی .

## باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو (The Previous Studies)

مەبەست لە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەو توێژینەوانەن، کە پێشتر لەلایەن توێژەرانی دیکەوە ئەنجامدراون لەسەر ئەو بابەتە یان نزیک لەو بابەتە، تیایدا توێژەر ئاماژە بەئامانج و گرنگترین دەرئەنجام و چەند لایەنێکی دیکەیان دەکات، بە مەبەستی خستنەڕووی لایەنە هاوشێوە و جیاوازەکانی توێژینەوەکەی خۆیی و توێژینەوەکانی پێشوو (محمود،2017: 18).

### یەکەم / خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

### توێژینەوە کوردییەکان

**روخسار محمد عمر**

**بەناونیشانی (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی صلاح الدین لە هەرێمی کوردستان ساڵی (2007) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان لە شاری هەولێر، هەروەها ناسینی سروشتی جیاوازیی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای کارمەندان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، پەیژەیی وەزیفی)، کۆمەڵگەی توێژینەوە، کارمەندان لە هەردوو ڕەگەز بوون لە دەزگا فەرمییەکانی شاری هەولێر لە (24) فەرمانگەدا، لەکاتێکدا نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی مەبەستی ناهەڕەمەکی پشکی وەرگیراون، کە ژمارەیان (300) فەرمانبەر بوون، توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕووپێو کۆمەڵایەتی بەستووە، ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان بریتیبووە لە (پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (ڕێژەی سەدی، تاقیکردنەوەی (T.test)، تاقیکردنەوەی توکی(Tuckey Test)، ئامڕازی پەیوەندیی پێرسون، شیکردنەوەی جیاوازیی یەکی) لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکانی شاری هەولێر بەرز بووە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی نێر بەرزتربووە بە بەراوورد بەڕەگەزی

مێ، هەروەها تەمەن کاریگەری هەبووە لەسەر بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک ئەو کارمەندانەی کە پێگەشتوون لەڕووی تەمەنەوە زیاتر هەست  بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەکەن (عمر:2007) .

## توێژینەوە عەرەبییەکان

1. **محمد بن سليمان البلوي**

**بەناونیشانی(بونیادنانی شوناسی خودی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی جیاوازیی پسپۆڕی و ئاستی خوێندن) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی دەروونناسی لە زانکۆی ام القرى لە سعودیە ساڵی(2002) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی پەیوەندی بووە لە نێوان شوناسی خود و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، هەروەها زانینی ئاستی شوناسی خود و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە بەپێی گۆڕاوەکانی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی، قۆناغەکانی خوێندن)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (دوو، سێ، چواری)ی زانکۆی ام القرى بوون، بەڵام نموونەی توێژینەوەکە (265) خوێندکار بوون کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (پێوەری شوناسی خود و پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی) بوون، جۆری توێژینەوەکە وەسفی بووە، ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (ئامڕازی پەیوەندیی پێرسۆن، ڕێژەی سەدی، (T.test)، هاوکێشەی کا2 )، لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە،  ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی زانستی و مرۆیی ، قۆناغەکانی خوێندن ) (البلوي ، 2002 ) .

## 2. منى بنت سعد بن فالح العمرى

**بەناونیشانی (شێوازی مەعریفی و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی کچان) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی پەروەردە و دەروناسی لە زانکۆی طیبة لە سعودیە ساڵی (2007) ئەنجامدراوە .**

لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی پەیوەندی بووە لە نێوان شێوازی مەعریفی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ( پسپۆڕی زانستی و مرۆیی، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی)، کۆمەڵگەی توێژینەوەش سەرجەم خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی کچان بوون بە هەردوو بەشی زانستی و مرۆییەوە لە پارێزگای جدة، بەڵام نموونەی توێژینەوەکە (400) خوێندکار بوون و بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، بەجۆرێک (200) خوێندکار لەبەشی زانستی و (200) خوێندکار لەبەشی مرۆیی، جۆری توێژینەوەکە وسفی بووە، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبوون لە ( پێوەری شێوازی مەعریفی و پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و فۆرمی زانیاری تایبەت)، ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (ئامڕازی پەیوەندیی پێرسۆن، هاوکێشەی(T. test)، هاوکێشەی (کا2)، شیکاری جیاوازی یەکی، ڕێژەی سەدی)، لە دەرئەنجامانی توێژینەوەکە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی ( زانستی و مرۆیی ، تەمەن ، باری کۆمەڵایەتی ) ( العمری، 2007 ) .

## 3. میسون محمد عبدالقادر مشرف

**بەناونیشانی (بیرکردنەوەی ئاکاری و پەیوەندیی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و هەندێک گۆڕاوی تر لای خوێندکارانی زانکۆی ئیسلامی غەزە) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی دەروناسی لە زانکۆی ئیسلامی غەزە لە فەلەستین ساڵی (2009) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ئاکاری و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە لای خوێندکارانی زانکۆی ئیسلامی غەزە، دۆزینەوەی پەیوەندیی و جیاوازی هەریەکەیان بووە بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، کۆلێژ، قۆناغی خوێندن، ئاستی خوێندنی باوک و دایکی خوێندکار، ئاستی ئابووری خێزان، ژمارەی ئەندامانی خێزان )،

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی زانکۆی ئیسلامی غەزە بۆ ساڵی خوێندنی (2008 - 2009) کە ژمارەیان (19149) خوێندکار بوون و نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی وەرگیراوە کە ژمارەیان (600) خوێندکار بوون، ئامڕازەکانی کۆکۆدنەوەی زانیاری بریتیبوون لە فۆڕمی پێوەری (بیرکردنەوەی ئاکاری پێگەشتوان، بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی)، جۆری توێژینەوەکە وەسفی بووە، ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان برتیببوون لە (دووبارە بووەکان ، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی (T.test)، شیکاری جیاوازی، تاقیکردنەوەی شیفە) لە دەرنجامەکانی توێژینەوەکە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی ئیسلامی غەزە بەرزە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران جیاوازە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ، جیاوازە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی و مرۆیی) لە بەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆیی، هەروەها بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوک (سەرەتای، دواناوەندی، زانکۆ بەرزتر) جیاوازە لە بەرژەوەندی ئاستی دواناوەندی، هەروەها بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری خێزان (نزم، ناوەند، بەرز) جیاوازە لە بەرژەوەندیی ئاستی نزم، بەڵام ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاران جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندنی یەک و قۆناغی چوار ، شوێنی نیشتەجێبوون ، ژمارەی ئەندامانی خێزان) (مشرف:2009 ) .

## 4. نائف بن سراج النجيبي الهذلي

**بەناونیشانی (ئاڕاستەکان دەربارەی دیاردەی تیرۆر و پەیوەندیی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و هەندێک گۆڕاوی ترەوە لای خوێندکارانی ئامادەیی)نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی دەروونناسی زانکۆی ام القری لە سعودیە ساڵی (2009) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانیی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە لای خوێندکارانی ئامادەیی لە شاری مەکە، هەروەها زانینی ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە مەترسیەکانی دیاردەی تیرۆر بووە، لە هەمانکاتدا زانینی پەیوەندیی نێوان ئاستی هۆشیاری دەربارەی مەترسیەکانی تیرۆر وئاستی هەستکردنیان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بووە، هەروەها زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و ئاستی هوشیاریان سەبارەت بە مەترسیەکانی تیرۆر بووە بەپێی گۆڕاوەکانی (پسپۆڕی، ئاستی ئابوری خێزان، ئاستی

زانستی خێزان)، کۆمەڵگەی توێژینەوە (5) خوێندنگای ئامادەیی بوون لە شاری مەکە لە(باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، ناوەندی) ی شاری مەکە، بەڵام نموونەی توێژینەوەکە (269) خوێندکار بوون کە تەمەنیان لە نێوان (16-20)ساڵیدا بوون، کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێراون، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان بریتیبوون لە (پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، پێوەری دیاردەی تیرۆر، فۆرمی زانیاری سەرەتایی)، میتۆدی بەکارهاتوو، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بووە، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (لادانی پێوەری، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرونباخ، ئامرازی پەیوەندی پێرسۆن، (T.test) ) لە دەرئانجامەکانی توێژینەوەکە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی ئامادەیی لە شاری مەکە مام ناوەندە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی (زانستی، مرۆیی و ئاستی ئابووری خێزان)، بەڵام ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاوازە بەپێی گۆڕاوی ئاستی زانستی خێزان لە بەرژەوەندیی ئاستی زانستی بەرز بە بەراوورد بە ئاستەکانی تر (الهذلی: 2009) .

## 5 . یاسر علی محمد عودة

**بەناونیشانی ( بەشداریکردنی سیاسی و پەیوەندیی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی هاوئاستەکان لای خوێندکارانی زانکۆی قودس)نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە لە بەشی دەروونناسی زانکۆی ئیسلامی غەزە لە فەلەستین ساڵی(2014) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە، زانینی پەیوەندی بووە لە نێوان بەشداریکردنی سیاسی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی هاوئاستەکان لای خوێندکارانی زانکۆی قودس، هەروەها زانینی جیاوازیی ئاستی بەشداری سیاسی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی هاوئاستەکان بووە بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی، ئاستی ئابوری، ئینتمای حیزبی)، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتی بووە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی قدس بۆ ساڵی خوێندنی (2013 - 2014) کە ژمارەیان (3638) خوێندکار بوون، بەڵام نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (366) خوێندکار، بەڕێژە (10%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگیراون، پاشان خوێندکارەکان بەشێوەی هەڕەمەکی لە ( ڕەگەز و قۆناغی خوێندن و پسپۆڕی و ئاستی ئابوری و ئینتمای حیزبی) وەرگیراون، جۆری توێژینەوەکە وەسفی بووە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان بریتیبوون لە پێوەری (بەشداریکردنی

سیاسی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی هاوئاستەکان). هەروەها ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە ( ناوەندە ژمێرەیی، ڕێژەی سەدی، دووبارە بووەکان، ئامرازی پەیوەندیی پێرسۆن، ئامرازی پەیوەندیی سپێرمان، (T.test)، شیکاری جیاوازی یەکی)، لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی قودس لە ئاستێکی بەرزدایە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاوازە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ و بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندیی قۆناغی چوار و بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی (عودە،2014) .

## 6. عهود بن ناصر بن عبيد

**بە ناونیشانی(ڕۆڵی خێزان لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ڕۆڵەکانیان) نامەیەکی ماستەری بڵاو نەکراوەیە لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی مەلیک سعود لە سعودیە ساڵی (2015) ئەنجامدراوە .**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە، زانینی ڕۆڵی خێزان بووە لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ڕۆڵەکانیان، زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە لای خوێندکارانی زانکۆی مەلیک سعود، لە هەمانکاتدا زانینی جیاوازی بووە لە شێوازی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی خێزانەکان لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ڕۆڵەکانیان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ژمارەی ئەندامانی خێزان، پلەبەندی نێوان ئەندامانی خێزان، ئاستی ئابووری، ئاستی زانستی باوک و دایک، پیشەی باوک و دایک، دەستکەوتی مانگانەی خێزان)، هەروەها دۆزینەوەی جیاوازیی ئاماری ئەو ڕێگریانە بووە کە دێنە بەردەم خێزان لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ژمارەی ئەندامانی خێزان، پلەبەندی نێوان ئەندامانی خێزان، ئاستی ئابووری، ئاستی زانستی باوک و دایک، پیشەی باوک و دایک، دەستکەوتی مانگانەی خێزان)، زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی مەلیک سعود بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ژمارەی ئەندامانی خێزان، پلەبەندی نێوان ئەندامانی خێزان، ئاستی ئابووری، ئاستی زانستی باوک و دایک، پیشەی باوک و دایک، دەستکەوتی مانگانەی خێزان)، سەرەڕای ئەوانەش زانینی پەیوەندی پرۆسە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای

خوێندکارانی زانکۆی مەلیک سعود بووە، کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی مەلیک سعود بووە، کە ژمارەیان (5325) خوێندکاربوون، بەڵام نموونەی توێژینەوەکە (355) خوێندکاربوون، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان بریتیبوون لە پێوەری (شێوازی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، ڕێگریەکانی بەردەم خێزان لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی)، میتۆدی بەکارهاتوو بریتیبووە لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، ئامڕازە ئاماریە بەکارهاتووەکان بریتیبوون لە (ئامڕازی پەیوەندیی پیرسۆن، ئالفاکرونباخ، ڕێژەی سەدی، دووبارەبووەکان، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری)، لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی مەلیک سعود لە ئاستێکی بەرزدایە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاواز نییە (بن عبید ،2015) .

## دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

1. **لەڕووی ئامانجەوە** : لەدوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو دەرکەوت یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکان بەستنەوەی چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە بە کۆمەڵێک گۆڕاوی ترەوە، بۆ نموونە  لە توێژینەوەکەی (العمری، 2007) بە شێوازی مەعریفی، لە توێژینەوەکەی (مشرف، 2009) بە بیرکردنەوەی ئاکاری، لە توێژینەوەکەی (الهذلی، 2009) بە دیاردەی تیرۆر، هەروەها زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بووە، لە هەمانکاتدا زانینی ئەو ئاستە بووە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی، ئاستی خوێندنی دایک و باوکی خوێندکاران، پیشەی دایک و باوک، ئینتمای حیزبی)، لەم توێژینەوەیەشدا ئامانجی سەرەکی زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بووە بەرامبەر خود، زانکۆ و کۆمەڵگە، هەروەها زانینی ئەو ئاستە بووە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێبوون، قۆناغی خوێندن ) .

2. **لەڕووی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە** : سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکانی پێشوو، زۆرینەیان قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان دیاری نەکردووە، بەڵام ئەوانەی کە قەبارەکەیان دیاریکردووە ژمارەکەیان کەوتۆتە نێوان (3638 - 19149) خوێندکار، هەرچی تایبەت بووە بە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکان بەپێی جۆری کۆمەڵگەی توێژینەوەکان

جیاواز بوون، کە لە نێوان (265 - 600) خوێندکاردا بوون، نموونەی توێژینەوەکانیش بەشێوەی (هەڕەمەکی چینایەتی، مەبەستی ناهەڕەمەکی پشکی) هەڵبژێردراون، سەبارەت بە ڕەگەزی نموونەکانیش تەنها لە توێژینەوەکەی (العمری،2007) خوێندکارانی ڕەگەزی مێی وەرگرتووە، بەڵام بۆ سەرجەم توێژینەوەکانی دیکە هەردوو ڕەگەز وەرگیراون، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی زانکۆی سلێمانیە لە بەشە زانستی و مرۆیەکان لە دەوامی بەیانیان، هەرچی نموونەی توێژینەوەکەشە (428) خوێندکارن، کە بەشێوەی (هەڕەمەکی ڕێژەیی چینایەتی) هەڵبژێردراون .

3. **لەڕووی جۆر و میتۆدی توێژینەوە** : جۆری توێژینەوەکانی پێشوو بەگشتی وەسفین، ئەم توێژینەویە لە ڕووی جۆرێتیەوە توێژینەوەیەکی فرەمیتۆدە، سەبارەت بەمیتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بەڵام میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکهەڵکێشراوە .

4. **لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری** : سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو پێوەر و فۆڕمی ڕاپرسیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێناوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ بەکارهێنانی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، چاوپێکەوتنیشی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێنراوە .

5. **لە ڕووی ئامرازە ئامارییەکان** : سەبارەت بە ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بەپێی ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ شیکردنەوەی داتاکان ئامرازە ئاماریەکانی (ئالفا کرونباخ، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری، ناوەندە ژمێرەیی، ئامرازی پەیوەندی پێرسۆن، ئامرازی پەیوەندی سپێرمان،T.test، شیکاری جیاوازی یەکی، تاقیکردنەوەی شیفە، کا2) بەکارهێناون، بەهەمان شێوەی لەم توێژینەوەیەشدا ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکارهاتوون بریتین لە (ئالفا کرونباخ، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری، ناوەندە ژمێرەیی، ئامرازی پەیوەندیی پێرسۆن، ئامرازی پەیوەندیی سپێرمان، T.test ) .

6. **لەڕووی دەرئەنجامەکانەوە** : بەپێی سەرجەم دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ئاستی بەپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای لێتوێژراوانی توێژینەوەکان بەرزە، تەنها لە توێژینەوەکەی (الهذلی،2009) ئاستیان مامناوەندە، سەبارەت بە گۆڕاوەکانیش لە توێژینەوەکەی (بلوی،2002) و (مشرف،2009) ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی

خوێندن جیاواز نییە، بەڵام لە توێژینەوەکەی (عودة،2014) ئاستی بەرپرساریێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی چوار، بەپێی توێژینەوەکەی (بلوی،2002) و ( العمری،2007) و (الهذلی،2009) ئاستی بەپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی (پسپۆڕی) جیاواز نییە، بەڵام لە توێژینەوەکەی (عوده،2014) ئاستی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی، لە توێژینەوەکەی (بن عبید،2015) ئاستی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاواز نییە، بەڵام لە توێژینەوەکەی (عمر،2007) ئاستی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازە لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی نێر و لە توێژینەوەکەی (عودة2014) ئاستی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازە لەبەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ .

وە ئەم دەرئەنجامانەش لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە کۆتایی بەشی دووەمی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەمان بەراووردکاری و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت .

# بەشی دووەم

## بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی  و خوێندکارانی زانکۆ

باسی یەکەم : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی

باسی دووەم : چوارچێوەی تیۆریەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

باسی سێیەم :خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

# بەشی دووەم

## بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و خوێندکارانی زانکۆ

### باسی یەکەم : بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی

#### یەکەم : مێژووی چەمکی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەستی بەرپرسیاریێتی تیادا بووە، بەڵام سەرەتاکانی گەشەکردنی بەرپرسیاریێتی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەکان پاشان لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیەتیەکان پەرەی سەندووە، ئەم چەمکە لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینەکاندا زیاتر جێگیربووە (العطاروالزجالية، 2014: 18) بۆ نموونە  لە ئایینی مەسیحیدا وەکو ئایینێکی ئاسمانی جەختی کردۆتە سەر ڕەفتارە ئاکارییەکان لە کار و مامەڵەکردندا، لە ئایینی ئیسلامیشدا گرنگی بە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی دراوە وەک بنەمایەکی ئاکاری و چاکەکاری (عبدلله،2016: 25)، بەڵام سەرەتای گەشەکردنی چەمکی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زانستی بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی کە فەیلەسوفی بەریتانی (ئادەم سمث) (Adam Smith ) بانگەشەی ئەوەی کرد پێویستە داواکاری و پێویستیەکانی کۆمەڵگە دابینبکرێت بە باشترین شێوە، لە ڕێگای دروستبوونی هاوکاری نێوان دامەزراوە ئابووریەکان و کۆمەڵگە ( فطيمة و خديجة،2013: 2) .

هەروەها لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، کاتێک (شیلدۆ) (Sheldo) ئاماژەی بەوەکرد بەرپرسیاریێتی هەر دامەزروەیەک دیاریدەکرێت لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەو کارە کۆمەڵایەتیانەی کە سوود بەکۆمەڵگە دەگەیەنێت، پاشان لە ساڵی (1972) لە زانکۆی کالیفۆرنیا کۆنگرەیەک بەسترا لەژێر ناونیشانی" بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی لەدامەزراوەکانی کاردا " تیایدا ئاماژە بەوەکراوە پێویستە سەرجەم دامەزراوەکان ڕەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بکەن و بەشدار بن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا (بن عبيد،2015: 40) .

پاشان (چامیرلەن)(Chamberlian) لە ساڵی (1973) ئاماژەی بە چەمکی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی کردووە کاتێک کە جەختی کردۆتەوە سەر پرۆژە بازرگانی و ڕێکخستنە هەرەمیەکان کە کێشەی دەروونیان بۆ کرێکارەکان دروستکردبوو وەک دڵەڕاوکێ و شڵەژان

و لاوازی هاوسۆزی، هەموو ئەوانە پەیوەندیی نێوان کرێکارەکانی ئاڵۆزتر کردبوو، کە لە داهاتوودا دەیانکاتە کەسانێک خۆیان بە بەرپرس نەزانن بەرامبەر یەکتر و ئەو دامەزراوانەی کاری تیادا دەکەن ( العمری، 2007: 38) .

ئەمە پیشانی دەدات، لە سەرەتادا زیاتر ئەم چەمکە لە بواری کاری بازرگانی و بەرهەمهێناندا بەکارهاتووە پاشان چۆتە نێو بابەتە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان (العطار والزجالية، 2014: 18) .

ئەوەی زۆر گرنگە لەم توێژینەوەیدا ئاماژەی پێبکرێت، سەرەتای بەکارهێنای ئەم چەمکەیە لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کۆمەڵایەتییە دەروونیەکاندا، هەروەک بۆ یەکەم جار ئەم چەمکە لە توێژینەوە عەرەبیەکاندا لە ساڵی (1971) لەلایەن (سید عثمان) لە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا بەکارهاتووە، کە تیایدا چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی شیکردۆتەوە و ڕەگەزەکانی دیاریکردووە، کە بریتیبوون لە (گرنگیپێدان و تێگەیشتن و بەشداریکردن)، پاشان لە ساڵی (1973)دا زیاتر ئەم چەمکەی گەشەپێدا و فراوانتری کرد لە ڕێگای توێژینەوەکەی دواتری دەربارەی ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی پایەکانی، کە بریتیبوون لە (چاودێریکردن، ڕێنوێنی، شارەزایی)، سەرەڕای ئەوانەش لە ساڵی (1979) توێژینەوەیەکی دیکەی کردووە بە ناونیشانی (بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای کەسێتی موسوڵمان) لەوێدا چەمکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە (رزق، 2015: 32) .

لەکاتێکدا لە ئەوروپا، بۆ یەکەم جار ئەم چەمکە لەلایەن (جاکابسن)(Jacabsen)ەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونیی کۆمەڵایەتیدا لە ساڵی (1973) بەکارهاتووە، هەربۆیە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەماوەی مێژوویی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازیەکاندا دادەنرێت، پاشان لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە توندانەی ئاڕاستەی پرۆژە یشەسازییەکان کراوە بەکارهێنانی ئەم چەمکە زیاتر گەشەی کردووە (فهمی، 2015: 23) .

سەرەڕای هەموو ئەوانە و لەم سەردەمەدا و لە دوای پرۆسەی بەجیهانیبوون و کاریگەربوونی لەسەر ڕەوتی ژیان و بەڕێوەبردنی کار لە دامەزراوەکاندا زیاتر گرنگی بەم چەمکە لەڕووی زانستی و پراکتیکیەوە دراوە، هەروەها لە چەندین بواردا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دەربارە کراوە، وەک بوارەکانی دەرونناسی و کۆمەڵناسی و کارگێڕی و پەیوەندییەکان .

## دووەم : تایبەتمەندییەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

ئەم چەمکە خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی لەوانە، لە دوو چەمکی بنەڕەتی پێکهاتووە، کە (ئەرک و ماف )ن، ئەرک لایەنە پاندێتیەکەی مرۆڤ دەگرێتەوە، واتە پابەند و جێبەجێکردنی ئەو کار و ئەرکەی لەسەرشانیەتی، لە کاتێکدا ماف لایەنە فەراهەمکردنەکەی دەگرێتەوە، واتە فەراهەم کردن و پێدانی ئەو مافانەی کە هەیەتی لە بەرامبەر ئەو ئەرکانەدا (مشرف،2009: 36) ، لە هەمانکاتدا ئەم چەمکە دوو لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لایەنێکیان دەرەکیە، کە پەیوەست بوونێکی دەرەکیە و دەسەڵاتێک لە دەرەوە کەسەکە پابەند دەکات بە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگەوە و دەیکاتە ئەرک لەسەرشانی و پێویستە لەئەستۆی بگرێت، بەڵام لایەنی دووەم ناوەکیە، کە پەیوەست بوونێکی خودی تاکە لە ناخی کەسەکەدا و خۆی پابەند دەکات بە ئەرکەکانی بێ ئەوەی دەسەڵاتیکی دەرەکی هەبێت، لەم بارەدا دەبێتە ئاکاری خودی کەسەکە (عمر،2017: 58) .

هەروەها بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی مرۆییە و تایبەتە بە مرۆڤ لە نێو هەموو بوونەوەرەکانی تردا، چونکە ئەوە مرۆڤەکانن کە بەشێوەیەکی سروشتی لە خۆیان و کار و کردەوەکانیان بەرپرسن ( مصطفى،2007: 31 ) .

لە هەمانکاتدا ئەم چەمکە پەیوەستە بە چەندین چەمکی دیکەوە و لەگەڵ ئەوان پێکەوە دەبێتە ڕەفتار لە مرۆڤدا و لەکردەوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، لە دیارترین ئەو چەمکانەش هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە (مشرف،2009: 111)، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی تێگەشتنی مرۆڤە لە خودی خۆی  و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی (حلس،2010: 148)، هەروەها تێگەیشتنیەتی لە توانا و لێهاتوویی و هزر و هەستەکانی، درککردنیەتی بەکێشەکانی دەوروبەر و سروشتی ئەو  دۆخەی کەتیایدایە (عزیز،2015: 6) .

هەربۆیە مرۆڤ کاتێک هۆشیار دەبێت بەرامبەر بە خۆی و ئەو بارودۆخ و کێشانەی، کە لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا هەیە و پێزان دەبێت بە کاریگەریی ڕۆڵ و تواناکانی لە دروستکردنی گۆڕانکاریدا، ئەوا ئامانج و پلانی دەبێت بۆ باشترکردنی دۆخەکە و بەشدار دەبێت لە پێشخستنی دامەزراوە و کۆمەڵگەکەی و خۆی بە بەرپرس دەزانێت بەرامبەریان  .

سەرەڕای ئەوانەش بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی جیاوازیی کۆمەڵگە و شارستانیەت و داب و نەریتەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی جیاوازە وەک لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جیاوازە وەک لە کۆمەڵگەیەکی نامەدەنی، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەو

هێز و دەسەڵاتەی کە هەیەتی لە سیستەمی ئەو کۆمەڵگەیە وەریدەگرێت، کە تیایدایە بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی نائیسلامیدا پشت بە داب و نەریت یان یاسا نوسراوەکان دەبەستێت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا پشت بە شەریعەت و یاسا ئایینیەکان دەبەستێت، هەروەها بەردەوامە بە بەردەوامی کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی و جیاوازە بەپێی جیاوازیی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ نموونە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، یان ئایینی جیاوازە وەک لە دامەزراوەیەکی ئابووری بۆ دامەزراوەکانی دیکەش هەمان شێوەیە (بن عبید،2015: 44-43) .

## سێیەم : گرنگی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەندین گرنگی بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەیە و ڕۆڵی کارای لە هەستانەوەی کۆمەڵگە و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی و ڕێگریەکانی دەوروبەری و گەیشتنی بەئامانجە باڵاکانیدا هەیە (کلیبە، 2013: 18) .

لە هەمانکاتدا پێویستییەکی خودیە بۆ تاک و پێویستییەکی کۆمەڵایەتیشە بۆ کۆمەڵگە (مصطفى، 2007: 31) لەبەر ئەوەی تاک دەگەیەنێتە گونجاندنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو گرفت و کێشانە ببێتەوە، کە دێنە ڕێگای و خۆی لەگەڵ دۆخەکاندا بگونجێنێت (بشرى،2011: 36) هەروەها تاک دەکاتە کەسێکی گەشبین و ئەو متمانەی لا دروست دەکات، کە دەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و متمانەی بە تواناکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی و ڕووبەڕوو بوونەوەی سەختییەکانی ژیانیدا هەبێت، سەرەڕای ئەوانەش دەیکاتە کەسێکی پێگەیشتوو و هۆشیار بەرامبەر ئەرک و ماف و ڕۆڵەکانی و تێگەیشتوو لە کێشەکانی کۆمەڵگە (عودە،2014: 47) هەروەها دەیکاتە کەسێک، گرنگی بە کەسانی دەووروبەری بدات و پەیوەندیی باشیان لەگەڵ دروست بکات، بەمەش پێگەی کەسی و کۆمەڵایەتیی متمانە پێکراو لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ خۆی بەدەست دەهێنێت (بن عبید،2015: 61).

سەبارەت بە کۆمەڵگەش دەیکاتە ڕەگەزێکی چالاکی کۆمەڵ و کۆمەڵگە و دووری دەخاتەوە لە نەرێنی بوون و بێباکی، دەیکاتە کەسێک گرنگی بەکێشەکانی کۆمەڵگە و دەوروبەری بدات و بە کردار لە چارەسەکردنیان بەشدار دەبێت، ئەم گرنگی پێدانەش تەنها بۆ ئەو کۆمەڵە

نابێت، کە ئینتمای بۆی هەیە، بەڵکو بۆ سەرجەم ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا دەبێت (فهمی،2015: 3) .

سەرەڕای ئەوانەش بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە سەقامگیر بوونی ژیانی کۆمەڵگە و کار دەکات بۆ باشترکردنی سیستەمەکانی و پاراستنی یاساکانی، دەبێتە پاڵنەرێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی تاک لە ئەستۆیەتی بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگەکەی (شیلدان و صایمة،2014: 154) . بەمەش هاوکار دەبێت لە هێنانەدی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئارام و سەقامگیر، چونکە تاکەکانی کۆمەڵگە وەک خانەی یەک جەستە وان، چۆن جەستەی مرۆڤ تەندروست نابێت ئەگەر سەرجەم خانەکانی جەستە ئەرکی خۆیان بەدروستی جێبەجێ نەکەن، بەم شێوەیەش کۆمەڵگە تەندروست نابێت، ئەگەر سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە ئەرکەکانیان بە دروستی ئەنجام نەدەن و بەرپرسیارێتیی ئەرکەکانیان لە ئەستۆ نەگرن (حسونة،2014: 11)

هەموو ئەو گرنگیانە سەرنجمان بۆ پێوستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای تاک و کۆمەڵگە ڕادەکێشن ، بەتایبەت لە ئێستادا کە سەردەمی گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنی زانیاریە، هەروەک (کینستۆن) لەم ڕووەوە ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەهۆی تەکنەلۆجیاوە ڕوودەدەن کاریگەریان لەسەر پەیوەندییەکان کردووە و جۆرە کەسانێکیان دروست کردووە، کە گرنگی بە ڕووداوەکان نەدەن و بێباک و بێهەڵوێست بن بەرامبەریان و هەستی پابەندبوونی بەرامبەر خۆیان و تواناکانیان و بەرامبەر دەورووبەریان لا کەم کردوونەتەوە (احمد،2016: 55) .

لەم دۆخەدا تاکەکان متمانەیان بە هێز و تواناکانیان نامێنێت و گرنگی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان نادەن و هەست ناکەن بەرپرسن بەرامبەر یەکتر و لەسەر شانیانە هاوکاری یەکتربن، لە کاتێکدا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەو فاکتەرەیە توانای ڕێکخستنەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤی هەیە، بەجۆرێک گۆڕانکاریە خێراکانی سەردەم نەتوانن کاریگەری نەرێنی مەترسیدار لەسەر پەیوەندییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە و ئاستی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر یەکتر دروست بکەن .

## چوارەم : مەرجەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بۆ هێنانەدی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و دەستەبەربوونی له کۆمەڵگەدا پێویستە زەمین سازی بۆ بکرێت و مەرجەکانی لای کەسەکە و لە کۆمەڵگەشدا بهێنرێنە دی ، چونکە بێ بوونی ئەو مەرجانە نایەتە دی و جێبەجێ نابێت، ئەو مەرجانەش ئەمانەی خوارەوەن :

1. **ئازادی** : پێویستە مرۆڤ ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی کارەکانی پاشان بەرپرسیارێتییەکەی بکەوێتە ئەستۆ، چونکە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی نایەتەدی لە جیهانی ناچاری و زۆرەملێیدا. هەروەک سارتەر (Sarter) کە فەیلەسوفێکی بوونگەرایی دیارە، ئاماژەی بەوە کردووە بەرپرسیارێتی پەیوەستە بەئازادیەوە، پێیوایە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی کارەکانیدا و بەپێی گرنگیان بۆی هەڵیان دەبژێرێت، لە بەرامبەریشدا بەرپرسە بەرامبەر کارەکانی ئەو ئەنجامانەی لێیدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئازادی بێ بوونی بەرپرسیارێتی دەبێتە هۆی پەشێوی و تێکچوونی کۆمەڵگە بەگشتی، کەوایە مرۆڤ بەرپرسە بەرامبەر خۆی و کردارەکانی و دەرئەنجامی کردارکانی جا ئەرێنی یان نەرێنی بن، چونکە ئازادی تەواوەتی، بەرپرسیارێتی تەواوەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت (عویضة،1993: 24) .

2. **دروستی توانای ژیری** : پێویستە کەسەکە هێزی درککردنی بە هەڵبژاردنی کردارەکان هەبێت و لەڕووی ژیریەوە تەندروست بێت، چونکە کەسانی ناساغ لەڕووی ژیریەوە بەرپرسیارێتی کارەکانیان ناکەوێتە ئەستۆ .

3. **چاودێریکار** : پێویستە دەسەڵاتێک هەبێت کە چاودێری کردارەکان بکات جا دەسەڵاتی کارگێڕی بێت کە سەنگێکی یاسایی هەیە یان دەسەڵاتی خودایی و ویژدانی بێت کە سەنگێکی ڕەوشتی هەیە ( الطائی،2008: 339) .

4. **مەعریفە** : زانینی ئەو پرنسیپانەی کە دەبێت لە ڕەفتارکردندا تاک لەسەریان بڕوات بەشێوەیەکی گشتی و بەزیادبوونی مەعریفەش بەرپرسیارێتی زیاد دەبێت .

5. **جێگیری ناسنامەی کەسی** : واتە مرۆڤ ناسنامەیەکی کەسی دیاریکراوی هەبێت و بەرپرسیارێتی کردەوەکانی بخاتە ئەستۆ (القیسی و نجف،2011: 7) .

بۆ نموونە ئەو ئەندامی چ خێزانێک یان دامەزراوەیەک یان سەر بە چ ئاین و نەتەوە و نیشتیمانێکە، هەموو ئەوانە دەبنە ناسنامەی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەریان دەکەوێتە ئەستۆ .

## پێنجەم : بوارەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەندین بواری هەیە و هەر بوارێکیش تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و شێوازی پێوانەکردنی لە بوارەکانی دیکە جیاوازە، لە دیارترین ئەو بوارانەش (لوماک کیوین) ساڵی(1989) ئاماژەی پێکردووە و پێنج بواری سەرەکی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

١. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود .
٢. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر هاوڕێ و هاوپیشەکانی .
٣. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر خێزان و دراوسێ و کەسانی تر .
٤. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر قوتابخانە یان زانکۆ .
٥. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر نیشتمان یان کۆمەڵگە (كرمة و دةمير،2014: 95) .

لەم توێژینەوەیەدا (سێ) لەو بوارانە ئاماژەی پێکراون، ئەوانیش (بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیە بەرامبەر بە خود، بە زانکۆ، بە کۆمەڵگە)، هەر سێ بوارەکە تەواو پەیوەستن بەیەکەوە، چونکە زانستەمرۆڤایەتییەکان بەهەردوو بەشەکەیەوە (سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا ) لە دوو ڕەهەندی مرۆڤ دەدوێت، مرۆڤ وەک تاکێکی سەربەخۆ، مرۆڤ وەک تاکێکی سەربە کۆمەڵگە، واتە باس لە دوو لایەنی پابەندێتی مرۆڤ دەکات، یەکێکیان بەرامبەر بە خۆی و ئەوی دیکەیان بەرامبەر بە دەوروبەر، هەرگیز حیکمەت لەوەدا نەبووە قوربانی بە یەکێک لەو دوو پابەندبوونە بدات لە پێناو ئەوی تریاندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە حیکمەت لە هاوسەنگ ڕاگرتنی نێوانیاندا بووە (سەعید،2004: 23).

هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەسێ جۆر لە بەرپرسیارێتی کراوە بەرامبەر (خود، زانکۆ، کۆمەڵگە)، کە هەردوو جۆری پابەند بوونەکە لە خۆدەگرێت .

### 1. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵاییەتی بەرامبەر بە خود

بەرپرسیار بوونە بەرامبەر بە تەندروستی جەستە و لایەنی دەروونی و ژیری و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکان، هەروەها کۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و مەعریفەی نوێ و هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی کار لە داهاتوودا (غرايبة،2009: 116) هاوکات بەرپرسیاربوونە بەرامبەر بە کار و ئەرکەکانی کە لە ڕۆڵەکەیدا پێیدەسپێردرێت، هەروەها بەرپرسیاربوونە بەرامبەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و گوفتارەکانی، لە هەمانکاتدا هۆشیاربوونە بەرامبەر مافەکانی و داخوازی و پێداویستییە خودیەکانی (منوخ،2016: 268 ) .

### 2. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ

بەرپرسیاربوونی خوێندکارە بەرامبەر بە پاراستنی ژینگەی زانکۆ و کەلوپەلەکانی هۆڵەکانی وانە خوێندنی، هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندن و ئامادەبوونە لە وانەکان و پابەندبوونە بە ڕێنمایەکانی زانکۆ، لە هەمانکاتدا هەڵسوکەوتکردنی دروست و ڕێزگرتنە لە مامۆستا و کارمەندانی زانکۆ و هاوڕێکانی و هاوکاریکردنیان و ڕێزگرتنە لە بۆچوونەکانیان، هەروەها سازدانی گفتوگۆیە لەگەڵیان سەبارەت بە زانکۆ و بەشداربوونیەتی لە چالاکییەکانی و هەوڵدانیەتی بۆ پێشکەوتنی (Raudys,2016:37) .

### 3. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە

پابەندبوونی تاکە بە ئەرکەکانی بەرامبەر کۆمەڵگە و پاراستنی کەلوپەل و شوێنە گشتیەکانی و باسەکانی و هەروەها پاراستنی ئارامی و ئاسایش و تەندروستی کۆمەڵگە، لە هەمانکاتدا پابەندبوونە بە یاسا و داب و نەریت و پێوەدانگە دروست و باوەکانی کۆمەڵگە (فهمی،2015: 34)، تێگەیشتن و تاوتوێکردنی گیروگرفت و باس و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەیە و بەرپرسیار بوونە بەرامبەر بە خزم و خێزان و نزیکەکانی و هەموو ئەوانەی هەڵسوکەتیان لەگەڵ دەکات و پێشێلنەکردنی مافەکانیانە (غرايبة،2009: 11).

## شەشەم : ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەند ڕەگەزێکی هەیە، هەموو ئەو رەگەزانە پێکەوە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان پێکهیناوە، ئەو ڕەگەزانەش بەپێی سەرچاوەکان بەگشتی(سێ) ڕەگەزن، کە ئەمانەن :

1.**تێگەیشتن**: واتە تێگەشتنی تاکە لە خۆی و لە کەسانی دەوروبەری لەو کۆمەڵەی ئینتمای بۆی هەیە و ئەو هێزە دەروونیانەی کە کاریگەریان لەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکە هەیە، هەروەها تێگەشتنە لەو پاڵنەرە ڕەفتارییانەی کە دەبنە هاندەرێک بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و هۆکارێکیشە تا هەڵوێستی لەگەڵیان هەبێت و بەشداربێت لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی، سەرەڕای ئەوانەش تێگەیشتن و بڕوابوونە بە ڕەوایی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە و پاراستنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەیە، کە یەکێتیی کۆمەڵەکەی پاراستووە ( طلحی،2015: 14) .

بەشێوەیەکی گشتی (تێگەیشتن)یش دوو جۆرە :

یەکەم : تێگەیشتنی تاک لە کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەی، مەبەست لێی هەر تێگەشتنێکە لە ( دۆخی ئێستای کۆمەڵەکە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و سیستەم و نەریت و بەهاکانی و کولتوور و مێژووەکەی ) .

دووەم : تێگەشتنی تاکە لە گرنگی کۆمەڵایەتیی کردارەکانی واتە درکی تاکە بە کاریگەریی کردارەکانی و هەڵسوکەوتەکانی و بڕیارەکانی لەسەر کۆمەڵگە و تێگەشتنیەتی لە بەهای کۆمەڵایەتیی کردارەکانی (مشرف،2009: 114) .

2. **گرنگیپێدان** : مەبەست لێی پەیوەست بوونێکی سۆزداریە بەو کۆمەڵەی کە تاک ئینتمای بۆی هەیە، بچوک بێت یان گەورە، ئەم پەیوەست بوونە هانیدەدات بۆ گرنگیدان بە ئامانج و کێشەکانی کۆمەڵەکە و پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و هێنانەدی ئامانجەکانی (یوسف،2016: 51 ) .
ڕەگەزی گرنگیپێدانیش چوار ئاستی هەیە :
ئاستی یەکەم : هەڵچوونە لەگەڵ کۆمەڵەکەی : لەم بارەدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەی کۆمەڵەکی تێدایە بێ هەڵبژادن یان مەبەست (فحجان،2010: 40) .

ئاستی دووەم : هەڵچوونە بە کۆمەڵ : لەم بارەدا تاک بەویستی خۆی بەشدارە لەو هەڵچوونەدا و درک بەخوودی خۆی دەکات .

ئاستی سێهەم : یەکگرتنە لەگەڵ کۆمەڵ: ئەندامەکە واهەست دەکات لەگەڵ کۆمەڵەکەی یەک شتە، چاکەی ئەوان چاکەی ئەمە، هەر زیانێک بە کۆمەڵەکە بگات زیان بەمیش دەگات .

ئاستی چوارەم : بە ئاگایی کۆمەڵەیە : تیایدا بە ڕوونی لایەنی ژیری یان هزری دەردەکەوێت، جیاواز لە ئاستەکانی پێشوو کە لایەنی سۆزداری تیایدا زاڵ بووە (العجلة،2012: 17) .

3.**بەشداریکردن** : پرۆسەیەکە تاک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیدا ڕۆڵی تێدا دەبینێت، هەلێکی پێدەدات کە بەشدار بێت لە ئامانجی گشتی کۆمەڵگەکەی، لە کاتێکدا ئەم

بەشداریکردنە ئەو توانایە بە تاک دەدات تا ئەو ئەرک و بەرپرسیاریتییانەی لە ئەستۆیەتی جیبەجێی بکات .

بەشداریکردنی سێ لایەنی هەیە :

یەکەم : پەسەندکردن، واتە تاک ڕۆڵەکەی خۆی پەسەند بکات .

دووەم : جێبەجێکردن، واتە تاک کارەکەی جێبەجێبکات وگرنگی پێبدات  و سووربێت لەسەر گەیشتنی بەدەرئەنجامێک کە خۆی و خەڵکیش پێی ڕازی بن .

سێهەم : هەڵسەنگاندن، واتە هەموو تاکێک کارەکەی هەڵبسەنگێنێت بەجۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ پێوەدانگە گشتی و ئاکاریەکاندا (حليمة،2016: 5) .

به کورتی گرنگیپێدان پەیوەستبوونێکی سۆزداری تاکە بەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەی ئینتمای بۆی هەیە، لە کاتێکدا تێگەشتن هۆشیاری و درککردنی تاکە بە ئامانج و مەبەستەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکە و هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤانەیەتی بۆی، لە کۆتایدا گرنگیپێدان و تێگەشتن دەبنە پاڵنەری تاکەکە، تا بە پراکتیکی کار بکات و بەکردار لەگەڵ کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەی بەشداربێت .

## حەوتەم : پایەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سێ پایەی سەرەکی و بەیەکەوە بەستراوی هەیە کە بونیادێکی کارا و کاریگەر بە  بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەدەن، ئەوانیش :

1. **چاودێریکردن** : چاودێریکردن پەیوەستە بە ڕەگەزی گرنگیپێدانەوە، هەموو ئەندامێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە لە هەردۆخێکی کۆمەڵایەتیدا بێت بێ جیاوازی، چونکە هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرپرسیارێتیی چاودێریکردنی دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی و ئەو کەسانەی لەژێر چاودێریکردنی ئەودان، ئەویش لە ڕێگای هاوکاریکردن و بەخشندەیی و یارمەتیدانیانەوە دەستەبەر دەبێت (بن عبيد،2016: 51) .

2. **ڕێنوێنی** : ڕێنوینی لە ڕەگەزی تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێنوێنی زۆر بابەت لەخۆدەگرێت لەوانە بانگەوازکردن و ئامۆژگاریکردن بۆ پابەندبوون بە بەها کۆمەڵایەتیە دروستەکان و نموونە باڵاکانی ڕەفتار و ئارامگرتن و ئومێدبوون لە ژیان، باشترین نموونەیەک بۆ ڕێنوێنی و شێوازەکانی، پەیامبەران و چاکەکاران بوون کە کاریان بۆ چاکەی خەڵک کردووە و ڕێگریان لە کاری خراپ کردووە .

4. **شارەزایی و کارامەیی** : ئەم کۆڵەکەیە پەیوەستە بە ڕەگەزی بەشداریکردنەوە، کارامەیی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە خودای گەورە پێی خۆشە هەرکەسێک هەر کارێک دەکات بەکارامەیی و شارەزایی بیکات  تا ماندوویەتی و هیلاک بوونەکەی ببێتە پەرستش بۆی و سودەکەی بۆ خۆی و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بێت  (عودە، 1014: 51-52) .

لە هەمانکاتدا گەر کەسەکێک لە کارەکەیدا شارەزا و لێهاتوو بێت، ئەوا بەرهەمی باشتری لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە دەبێت، لەبەرئەوەی بە باشترین شێوە بەرپرسیارێتییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت .




شێوەی (1) پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان و پایەکان (عمر،2007: 82)

## هەشتەم : هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

لاوازی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەندین هۆکاری هەیە، ئەو هۆکارانە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لەسەر لاواز بوونی  ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای تاکەکان دەبێت، لە دیارترین ئەو هۆکارانەش هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لاوازبوونی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەش ئەمانەن :

ا. **تێکچوونی پێوەرەکان** : لە دۆخی جێگیری و سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا، پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕەفتارەکان ئاراستە دەکەن و ئەو بەهایانەش دیاریدەکەن، کە بۆ

جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان پێویستن (الزيناتي،2014: 53) بەڵام کاتێک کۆمەڵگە ڕووبەڕووی نا سەقامگیری و ناجێگیریی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەوا پێوەدانگەکانی کۆمەڵگە بەرەو دارمان دەچن و توانای ڕێکخستنی ڕەفتارەکان لە دەستدەدەن، کە هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی تاک بەها و یاسا و پێوەدانگە باوەکانی کۆمەڵگە ڕەتبکاتەوە و متمانەی پێیان نەمێنێت (ابوشعيرة،2014: 246) .

هەروەک زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (ئەمیل دورکایم ) ئاماژەی بەم دۆخە کردووە و ناوی ناوە (ئەنۆمی)، کە جەخت لەوە دەکاتەوە لەم دۆخەدا بەها و پێوەدانگ و یاسا ئاکاریەکان لاواز دەبن و توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانیان نامێنێت و ناتوانن ببنە ڕێنیشاندەر و ڕێنوێنی کاری ڕەفتارەکان، ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو بارێکی ئاڵۆز و بە یەکداچوویی بەها کۆمەڵایەتیەکان دەبات، بە جۆرێک ناتوانرێت ئەوە دیاری بکرێت کامە ڕاستە و کامە هەڵەیە، هۆکاری ڕوودانی ئەم دۆخەشی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێرایانەی کە لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکاندا ڕوودەدات (الجوهری و اخرون،2011: 142) .

وەک دەشزانرێت لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری لە بونیاد و سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکاندا بە خێرای ڕوودەدات کە بەدەرە لە توانای ئامادەسازیکردن بۆی، بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و کاریگەربوونی لەسەر شێواز و ڕەوتی ژیان لە نێو کۆمەڵگەکاندا (علی،2010: 18) هەر گۆڕانکاریەکیش لەناو ئەو سیستەمە گەورە و گشتییەدا ڕووبدات، کاریگەری لەسەر ئاکار و ڕەفتاری تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەکات (عثمان،2010: 108) .

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیش وەک هەر ڕەفتارێکی ئاکاری دیکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بار و دۆخە و لەگەڵ لاوازبوونی کاریگەریەکانی بەها و پێوەدانگەکانی کۆمەڵگە، کاریگەری و ڕۆڵی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیش لەڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت و بەرەو لاوازی دەچێت .

ئەگەر سەیری دۆخی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین بەدەر نییە لە بوونی (ئەنۆمی کۆمەڵایەتی) و ئەو دۆخەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگە کردووە و بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین دیاردەی ناتەندروست و ناباو لە کۆمەڵگەدا .

ئەم تێڕوانینەش هاوتایە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی ( فائز ابراهيم محمد) کە لەساڵی(2019) لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە بە ناوی (ئەنۆمی کۆمەڵایەتی لە

هەرێمی کوردستان)، گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی، ئاستی ئەنۆمی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەرزە و هۆکارەکەشی بۆ دوو هۆکاری سەرەکی گەڕاندۆتەوە، یەکەم هۆکاری دەرەکییە کە خۆی لە پرۆسەی گەشەکردن و بەجیهانیبووندا دەبینێتەوە، هۆکاری دووەمی ناوەکیە، کە خۆی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێمدا دەبینێتەوە، کە زۆرترین ڕۆڵی هەبووە لە پەرەپێدانی ئەنۆمی و کولتووری گەندەڵی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان (محمد،2019: 266) .

**ب. کۆتکردنی ئازادی** : کۆتکردنی ئازادی و شێواندنی دەبێتەهۆی لاوازی ڕەوشتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی یان دوورکەوتنەوە و هەڵهاتن لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، چونکە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەبێ ئازادی نایەتەدی و یەکێکە لە مەرجەکانی (قاسم،2008: 36) . لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری کەسانێکی ئازاد و هۆشیارە، کاتێک تاک هۆشیار دەبێت بەرامبەر مافەکانی و پێداویستی و ئەرکەکانی و ئازادانە لە هەڵبژاردنی کارەکانیدا ڕۆڵی دەبێت، ئەوا دەزانێت ئەو کارەی لەسەرشانیەتی پێویستە بەرپرسانە لە ئەستۆی بگرێت و دڵسۆزانە جێبەجێی بکات، هەروەها گرنگی بەو دامەزراوە و کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە دەدات کە کاری تیادا دەکات و بەکردار بەشدار دەبێت لەگەڵیان و هەوڵی پێشخستنیان دەدات (عثمان،2010 :114) .

لە کاتێکدا لەدۆخی نەبوونی ئازادی، یان بوونی ئازادیەکی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەدا، تاکەکان بە جۆرێک بیردەکەنەوە، کە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی هی ئەوان نین و یاساکان بەسەریاندا سەپێندراوە، بێ ئەوەی گرنگی بە بۆچوون و بیروڕاکانیان بدرێت و بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەش وادەکات ئینتیمایان بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی نەبێت و خۆیان بە بەرپرس نەزانن بەرامبەریان و ئەو بەرپرسیارێتییانەی لە ئەستۆیانە جێبەجێی نەکەن .

**پ. بێ سەروبەری دەسەڵاتی سیاسی** : سیاسەتی وڵات پێویستە لە خزمەتی بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەییدا بیت و ئاسایش و ئازادی بپارێزێت، بە جۆرێک کە تاکەکانی کۆمەڵگە هەستی پێبکەن و نەبێتە بارگرانی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەرژوەندیی تایبەتیی چەند کەس و لایەنێک بەکارنەهێنرێت، چونکە لەم دۆخەدا دەبێتە بارگرانی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و تێکچوون و پەشێوی ئاکاری و دروستکردنی بێ متمانەیی لای هاوڵاتیان بەرامبەر ئەو سیاسەتە (یوسف،2016: 63) بە جۆرێک کە ناتوانێت ئەو پەیوەندییەی هەیە

لە نێوانیاندا ڕێکیبخات و متمانە لای هاوڵاتیان دروست بکات کە لە بەرژەوەندیی ئەوان کار دەکات و دەیەوێت خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و ئەو ڕێسا و یاسایانەی، کە دایدەنێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدایە، ئەمەش وادەکات هاوڵاتی ڕێز لە یاسا و ڕێساکانی حکومەت نەگرن و پابەند نەبن پێیانەوە و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیانە بەرامبەر کۆمەڵگە و دەسەڵات بەرپرسانە جێبەجێی نەکەن (الخمسان،2012: 2 ) .

ئەگەر سەیری ڕەوشی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بکەین، بێ سەروبەری و نادادی سیاسی بە ئاشکرا دەبینرێت، بەجۆرێک سیاسەت و دەسەڵاتی حکومڕانی لە بەرژەوەندیی پارتە سیاسییە دەڵاستدارەکانە و لە خزمەتی کەمینەیەکی دەستڕۆیشتووی دەسەڵات کاردەکات و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیان لەبەرچاو ناگیرێت، ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە هاوڵاتیان متمانەیان بە دەسەڵات و سیاسەت نەمێنێت و وەک ناشرینیەک تەماشای بکەن و بایەخ بەو یاسا و ڕێسا و ڕێنمایانەی، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دادەنرێت نەدەن و سەرپێچیان لێ بکەن .

**ت. تێکچوون و ناڕێکی ئابووری** : داڕووخانی ئابووری و بێ سەروبەری و ناڕوونی لە فەلسەفەی ئابووری، یان پەیڕەوکردنی فەلسەفەیەکی ئابووری ناشەفاف دەبێتە هۆی نایەکسانی و نادادی لە دابەشکردنی کەرەستە و دەستکەوتەکانی کاردا، کە لەناکاو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی کەمینەیەک بێ ماندوبوون و هەژاربوونی زۆرینەیەک لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش کۆمەڵگە دەبات بەرەو ستەمی کۆمەڵایەتی و ڕەشبینی و متمانە نەکردن بە ئێستا و داهاتوویی کۆمەڵگە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و بەرەو لاوازی دەبات (الزيناتي،2014: 53) .

ئەگەر سەیری دۆخی هەرێمی کوردستان بکەین ناڕێکی و نادادی لەدابەشکردنی دەستکەوتە ئابووریەکاندا زۆر دەبینرێت و مافە ئابوورییەکان بە یەکسانی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە بەدەست نایەت، زۆرجار دەستکەوتنی هەلی کار لەسەر بنەمای خزمایەتی و ناسین و ئەندامبوونی پارتە سیاسییە باڵاکان بەدەست دێت، نەک لەسەر بنەمای شارەزایی و بڕوانامە و لێهاتوویی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە گەنجان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان زۆر بەزەحمەت کاریان دەستبکەوێت، یان زۆرجار بێکار دەمێننەوە، بەجۆرێک بێکاری زۆر لەناو گەنجاندا بڵاوبۆتەوە و خستونیەتیە دۆخێکەوە هەست بە بێبەش بوون و زەوتکردنی مافەکانیان دەکەن و ڕەشبینن بەرامبەر

داهاتووییان، لەم دۆخەدا گەنج خۆی بەئەندامێک لە کۆمەڵگە نازانێت و ئینتیمای بۆی لاواز دەبێت و بەرپرسیارێتییەکانی بەرامبەری لەئەستۆ ناگرێت .

ئەم تێڕوانینەش هاوتایە لەگەڵ دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەی (فائز ابراهیم محمد) لە ساڵی (2019) لەهەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی، هەرێمی کوردستان لە دۆخی لێکترازانی سیاسی و بەڕێوەبردندا دەگوزەرێت، ئەمەش لە ئەنجامی بێ پلانی و نەبوونی ئەزموونی حوکمڕانی هاتۆتەدی کە زیاتر بەرۆکی سیستەمی ئابووری گرتووە، هەربۆیە کەمینەیەک بێ ماندووبوون و لە نەکاو دەوڵەمەند بوون، چونکە سامانەکان دادپەروەرانە لە نێوان خەڵکیدا دابەش نەبووە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تاوان و تاکگەرایی و خۆویستن و ڕەچاونەکردنی مافی تاکەکانی دیکە، لە هەمانکاتدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەژەوەندیگەرایی لە کاتێکدا هەموو ئەمانە سیمای لە ئەستۆنەگرتنی بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتە بەرامبەر خەڵک، خەڵکیشە لە نێوان خۆیاندا (محمد،2019: 257) .

## نۆیەم : دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

کاتێک تاک و کۆمەڵ لاواز دەبن لەڕووی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە، ئەوا لەڕەفتار و کارەکانیاندا دەردەکەوێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە دەبێت و دەبێتە ڕێگرێک لەبەردەم پێشکەوتنیان و گەیشتنیان بەئامانجەکانیان، لێرەدا ئاماژە بەدەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ( تاک ) و لای (کۆمەڵ) دەکەین :

### 1. دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای تاک

دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای تاک لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە :

ا. **خەمساردی** : بریتییە لە کەموکورتی لەجێبەجێکردنی ئەو کار و ئەرکانەی، کە تاک لەسەرشانیەتی (الشاعر،2011: 36). هەروەها خەمساردبوونیانە لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان بەرامبەر یەکتر و بە پێویست نەزانینی هاوکاریکردنی یەکتر، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەلێن خستنە نێو پەیوەندییە مرۆییەکان و پەرتبوونیان و لاوازبوونی پەیوەندیی نێوانیان، بەجۆرێک کۆمەڵگە دەبات بەرەو هەڵوەشان و لێکترازان و نەمانی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی (کرمة و دۆمیر،2014: 25) .

**ب. بێباکی** : بریتییە لە ساردی و کەمتەرخەمییەک، کە تووشی تاک دەبێت و وای لێدەکات بە پێویستی نەزانێت خۆی ماندوو بکات و ئامانجی هەبێت هەوڵی بۆ بدات(مشرف،2009: 121) لەم بارەدا تاک بایەخ نادات بەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری و لە کۆمەڵگەکەیدا ڕوودەدەن و وەڵامدانەوەشی بۆیان نابێت (بدوی،1982: 23) و بەشدار نابێت لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ناکات، هەروەها گرنگی بە کەسانی دەورووبەری نادات و بەرامبەریان خەمسارد و بێباکە (ابوشعیرة،2014: 246-247) .

**ج. گۆشەگیری** : لەم دۆخەدا تاک لە گۆشەگیریەکی دەروونیدا دەژی کە خۆی دروستی کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی متمانەکردن بە خۆی بەجۆرێک کە پێیوایە کار و ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ژیانی خۆی و ئەو ناوەندە نابێت کە تیایدایە و ناتوانێت گۆڕانکاری ئەرێنی تیادا بکات، هەروەها متمانەی بەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەش نامێنێت کە تیایدایە و ئومێدی بە ئێستا و داهاتوویان نییە و پێیوایە خزمەت بەم ناکەن (قاسم،2008: 35). هەربۆیە بەها و کولتووره باوەکانی ناو ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە ڕەتدەکاتەوە و پێیانەوە پەیوەست نابێت و پێیوایە ئەو بەها و کولتوورانە بە ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ئەم نامۆن و لە گەیشتن پێیان هاوکاری نابن، هەر بۆیە کەسەکە لە نا مۆییەکدا دەژی، کە نامۆبوونە بەرامبەر خۆی و واقع و کۆمەڵگەیەی کە تیایدایە (ابوشعیرة،2014: 246) .

ئەو نامۆبوونەش وا لە کەسەکە دەکات لە کۆمەڵگەکەی و لە ژیان کردن تیایدا بێ هیوا بێت، هەروەها ئامانجی لە ژیان نەبێت و بێ مانا ببینێت و گرنگی پێنەدات، کە دەبێتە هۆی کەم و کورتی و لاوازی لە هەوڵەکانی و خۆ بە بەرپرس نەزانینی بەرامبەر بە ژیانی خۆی و ئەو دامەزراوە و کۆمەڵگەیەی کە تیایدایە .

## 2. دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵ

دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵ لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە :

**ا. گومانکردن**: بریتییە لە دوودڵی و دڵەڕاکێ لە شیکاری ڕووداو و دیاردەکان و لە هەڵسەنگاندنی بەهای کەسەکان و شتەکانی دەورووبەری (حسونة،2014: 18) .

بەجۆرێک لە شیکاری ئەو ڕووداو و دیاردانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەن گومانی هەیە و نایگەیەنێتە دەرئەنجامێک، کە باوەڕی پێی هەبێت و دڵنیا بێت لێی، هەروەها متمانەی بە سیستەمەکانی کۆمەڵگە نامێنێت، جا ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، پەروەردەیی یان هەر سیستەمیکی دیکە بێت، ئەمەش وایلێدەکات بۆ کۆمەڵگەکەی دڵسۆز نەبێت و ئەندامێکی چالاک و کارا نەبێت، هەروەها متمانەی بە کەسانی دەورووبەری نامێنێت و ناتوانێت هەڵسەنگاندی واقعی و دروست بۆ ڕەفتاری کەسەکانی دەرووبەری بکات و هاوکاریان نابێت، ئەگەرچی پێویستیشیان بێت، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە لە سیماکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین .

**ب.لێکهەڵوەشان** : بریتییە لەو جیاوازی و دژیەکیەی، کە دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵێک یان کۆمەڵگەیەک و پەیوەندیی نێوانیان لێکهەڵدەوەشێنێت، ئەمەش دەرئەنجامی و لاوازی کاریگەربوونی پێوەدانگە باوەکانی کۆمەڵگەیە لەسەر شێوازی ڕەفتاریان لەگەڵ یەکدی و پەیوەندیی نێوانیان (الصالح،1999: 167) هەروەها ئەنجامی لاوازییە لە تێگەشتن لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە و گرنگینەدانە بە تێگەیشتن لێیان و بەشداری نەکردنە لە هێنانەدی ئەو ئامانجانە، لە کاتێکدا تێگەشتن و گرنگیپێدان و بەشداریکردن ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین (خليفة،2016: 25).

کەواتە لە دۆخی لێکهەڵوەشان و لێکترازانی پەیوەندیی نێوان تاکەکان ئەوا ئەو بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیانەی، کە لە ئەستۆیانە بەرامبەر یەکتر جێبەجێی ناکەن و هاوکاری یەکتر نابن و خۆیان بە بەرپرس بەرامبەر یەکتری نازانن .

**ج.دوورەپەرێزی** : بریتییە لە خۆ بەدوورگرتن و دەستبەرداربوون لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژیان و دروستکەرەکەی و هەستکردن بە بێ مانایی ژیان، کە وا لە کەسەکە دەکات بێ هیوابێت و پابەندنەبێت بە ئەرکەکانیەوە (قاسم،2008: 35) .

**د. هەڵهاتن لەبەرپرسیارێتی** : دەستبەرداربوونە لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و هەڵهاتنە لێی، لەم دۆخەدا تاک بەرژەوەندییەکانی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و پێی وانییە کە بەرپرسە بەرامبەر بە کۆمەڵگە و ئەندامەکانی و تەنها کار بۆ هێنانەدی ئامانج و خولیاکانی خۆی دەکات، چونکە بڕوای وایە ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگە یەکناگرنەوە و لەیەکەوە دوورن (الكلیبة،2013: 27) .

لەم بارەشدا تاکگەرایی و بەرژەوەندیخوازی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا ڕوو لە زیادبوون دەکات و هەر پێگە و بەرپرسیارێتییەکیان هەبێت بۆ بەژەوەندییە خودی و کەسییەکانیان بەکاردەهێنن لە هەوڵی گەیشتنن بە ئامانجە تایبەتیەکانیان دەبن و بێباک و خەم سار دەبن بەرامبەر ئامانج و بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی کۆمەڵگە .

## باسی دووەم : چوارچێوە تیۆریەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەیەک، یان بابەتێک پێویستە تیۆری زانستی تایبەت بەو بوارە هەبێت، تا بگەینە دەرئەنجامی زانستی و باوەڕپێکراوی تایبەت بە دیاردەکە، یان بابەتەکە، زانستی کۆمەڵناسیش وەک هەر زانستێکی دیکە خاوەنی چەندین تیۆرە، کە ڕەنگدانەوەی پسپۆڕی و ڕاڤە و بیروڕاکانی ئەو زانستەن و بڕبڕەی پشتی کۆمەڵناسین (عمر،2007: 48) گەر پێناسەیەک بۆ تیۆری کۆمەڵناسی بکەین ئەوا لە یەکێک لە پێناسەکاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆمەڵە چەمکێکە بەشێوازێکی ڕێکخراو پێکەوە بەستراون، کە کۆمەڵە پرسێکی تیۆری پێکدەهێنن و گرنگی بە ڕاڤەکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەدەن، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو تێبینی کراوە (فرج،2013: 28) .

لەم توێژینەوەیەشدا چەند تیۆرێکی تایبەت بە بابەتەکە خراوەتەڕوو، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بەبابەتی توێژینەوەکە و بەستنەوەیان بە تیۆرەکانی بواری کۆمەڵناسی، وا لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو .

### یەکەم : تیۆری ڕۆڵ

هەندێک وای دەبینن ئەم تیۆرە سەر بەقوتابخانەی بونیادی ئەرکییە لە زانستی کۆمەڵناسیدا، چونکە پێکهاتووە لەوەی خەڵکی سەرقاڵن بە پێگەیەکی تایبەت لە بونیادی کۆمەڵایەتی، هەر پێگەیەکیش پەیوەستە بە ڕۆڵێکی دیارکراوەوە (كرمة و دةمير،2014: 109) هەروەها تیۆری بونیادی ئەرکەکی جەخت دەکاتە سەر پەیوەندیی نێوان بونیاد و وەزیفە، بەچەشنێک بونیاد بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە، هاوکات وەزیفەش چالاکی کۆمەڵایەتی پێشکەش بەبونیاد دەکات، لەبنەڕەتدا ئامانج لەم تیۆرە، ڕاڤەکردنی ڕۆڵ و وەزیفەی

کۆمەڵایەتی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە لەنێو بونیادی گشتیدا (بیبانی،2017: 36-37) هەر بۆیە وادەبینرێت ڕۆڵ سەر بەهەمان قوتابخانەیە .

تیۆری ڕۆڵ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە، بە یەکێک لە تیۆرە مۆدێرنەکانی کۆمەڵناسی دادەنرێت، باوەڕی وایە ڕەفتاری تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی پشت بەو ڕۆڵە دەبەستن، کە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن، لە زانایانی ئەم تیۆرە ( ماکس ڤیبەر، هانز کێرس، س.رایت میلز، تالکوت بارسونز ، ڕۆبێرت ماکیڤەر )ە (حەسەن،2010: 194-195) .

لەم تیۆرەدا، بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت و هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش بۆ چەندین پێگە دابەش دەبن و لەو پێگانەشدا چەندین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتیش لەخۆگری کۆمەڵێک ئەرک و مافە، کە تاک بە پێی تواناو شارەزایی و ئەزموونی ئەنجامیان دەدات، دوای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە تاک کۆمەڵێک مافی مادی و مەعنەوی وەردەگرێت (حەسەن،2010: 202) کەواتە ڕۆڵ کۆمەڵێک ڕێنمایی لەخۆدەگرێت، کە لەپێگەیەکدا دەردەچێت، ئەندامانی ئەو پێگانە بەجێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەوە پابەند دەبن (الجوهری،2007: 107) .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زانکۆ دامەزراوەیەکی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە و لە چەندین پێگە پێکهاتوون و هەر پێگەیەگیش بۆ چەندین ڕۆڵ دابەش بوون، ڕۆڵی خوێندکارانی زانکۆش بەیەکێک لەو ڕۆڵانە هەژمار دەکرێت، ڕۆڵەکەشی لە چەندین ئەرکدا خۆی دەبینێتەوە و یەکێک لەو ئەرکانە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیە .

کاتێک خوێندکار دەچێتە زانکۆ پێشبینی لێدەکرێت ئەو ڕۆڵەی لەسەر شانیەتی جێبەجێی بکات و ئەو ئەرکانەی لەو ڕۆڵەدا هەیە ئەنجامی بدات، یەکێک لەو ئەرکانەش لەناو زانکۆدا لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پابەند بوون بە یاسا و ڕێنمایەکانی زانکۆ و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر وانەکانی و خۆ ڕۆشنبیرکردن و خزمەتکردنی زانکۆ و پاراستنی ژینگە و کەلوپەلەکانی و ڕێزگرتنی لە مامۆستا و هاوڕێکانی و بەشداربوونی لە چالاکیەکانی زانکۆ و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە چالاکیەکاندا دەخرێتە ئەستۆی .

لە ڕێگای بەشداربوونی خوێندکار لەو چالاکیانەدا دەکرێت فێری لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، ببێت چونکە هەر خوێندکارێک ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی پێدەدرێت بە پێی ڕێنمایەکانی چالاکییەکە و بە پراکتیکی فێردەبێت چۆن جێبەجێیان بکات و بەڕێوەیان

بەرێت، ئەمەش هاوکاری دەبێت  لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی کار و ئەنجامدانی ئەرکەکانی و هاوکاریکردنی هاوڕێکانی لە چالاکییەکەدا و هەوڵدەدانی بۆ یارمەتیدان تا هەموو پێکەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی چالاکییەکە کاربکەن، لەم دۆخەدا خوێندکار هۆشیار دەبێتەوە سەبارەت بە بەپرسیاریتیە کۆمەڵایەتیەکانی و فێردەبێت چۆن لەئەستۆیان بگرێت و چۆن ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، لە هەمانکاتدا فێر دەبێت لە دۆخی بێباکی و جێبەجێ نەکردنی ئەو ئەرکانەدا ئەوا بەڕێوەچوونی چالاکیەکە و ناگاتە ئامانجەکانی سەرکەوتوو نابێت .

## دووەم : تیۆری پێداویستییەکان

پۆلێنبەندی بۆ پێداویستییە مرۆییەکان زۆرن، بەڵام گرنگترین پۆلێن بەندی بریتییە لە هەرەمی پۆلێنبەندی زانای دەرونناسی ئەمریکی (ئەبراهام ماسلۆ) (Abraham Maslow)، کە تیایدا پێداویستییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی هەرەمی ڕێکخراون(رشید، 2012: 72) وەک لە شێوەی ژمارە (2)دا پیشاندراوە، بە جۆرێک بە پێداویستی فسیۆلۆجیەکان دەستپێدەکات، کە کۆمەڵێک پێداویستی لە خۆدەگرێت و هەموو مرۆڤایەتی پێویستیانە بۆ بەردەوامی مانەوەیان لە ژیان وەک ئاو، هەوا، خواردن، پشودان ( Taormina, 2013: 156) پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت، کە ئەویش پێداویستی پاراستنیەتی لەو ترس و دڵەڕاوکێیانەی، کە دەبنە مەترسی بۆ سەر لایەنی دەروونی  و جەستەیی (Berl, 1984: 34) . دوا بەدوای ئەو پێداویستی ئینتما و خۆشەویستی دێت، کە هەست کردنیەتی بەوەی بەشێکە لە کۆمەڵێکی دیاریکراو، جا ئەو کۆمەڵە خێزان، کۆمەڵەی هاوڕێ و هاوپیشە، یان دامەزاوەیەک بێت (فهیم،2007: 42) پاشان پێداویستی ڕێزگرتن دێت، ئەم پێداویستیە دووجۆر ڕێزگرتن لە خۆدەگرێت، یەکێکیان ڕێزگرتنی کەسەکەیە لە خودی خۆی، کە بریتییە لەوەی هەست بە گرنگی و بەهای خۆی و ڕۆڵی بکات و ئامانج و پلانی بۆ ژیانی هەبێت، ئەویتریان ڕێزگرتنیەتی لە لایەن کەسانی ترەوە و بە گرنگ تەماشاکردن و پەسەندکردنیەتی لەبەرئەوەی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی لەلایەن کۆمەڵگە و دەوروبەریەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی کەسەکە بۆ خودی خۆی، چونکە مرۆڤ ئاوێنەی کۆمەڵگەکەیەتی، کە دەکرێت ئەم ڕێزگرتنە بە ڕێگای  پێگە و بەها و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ بە دەستی بهێنێت (شلتز،1983: 294-295).

پاشان کۆتا پێداویستی دێت، ئەویش بەدیهێنانی خودە، کە تیایدا دەگاتە بەرزترین ئاستی ڕەزامەندبوون لە خۆی، هەروەها خەڵکانی تر و جیهان بە مانا فراوانەکەی دەبینێت، زیاتر لەوەی گرنگی بە کێشەکانی خۆی بدات گرنگی بە کێشەکانی کۆمەڵگە دەدات و پێیوایە هەڵگری پەیامێکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و پێیەوە پابەند دەبێت (العانی،1989: 99- 100) .

هەروەها (ماسلۆ) جەخت دەکاتەوە لەوەی ئەو پێداویستییانە کۆنتڕۆڵی ڕەفتارەکانی مروڤ دەکەن و دەبنە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی، بەجۆرێک پێداویستییەکی فەراهەم دەبێت، بیر لە پێداویستی دوای ئەوە دەکاتەوە ( Sengupta ,2011: 103) .




شێوەی (2) هەرەمی پێداویستییەکان لای (ماسلۆ) (Jerome ,2013:41)

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆ و هەر کەسێکی دیکە هەمان ئەم پێداویستییانەیان هەیە و هەوڵدەدات بۆ پڕکردنەوەیان و هەوڵەکانیشیان کاریگەریان لەسەر شێوازی ڕەفتارەکانیان دەبیت .

لە سەرەتایترین پێداویستیەکانی خوێندکارانی زانکۆ پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانن، پاشان پێداویستی ئارامی و ئاسایش دێت، کە دەبێت هەست بەوە بکەن ئارامی و ئاسایشیان لە ناو

زانکۆ و کۆمەڵگەدا پارێزراوە، دواتر هەست بکەن بەشێکن لە زانکۆ و کۆمەڵگە و خۆشیان دەوێن و پەسەندیان دەکەن، لەم دۆخەدا پەیوەست دەبن پێیانەوە و ئینتمایان بۆیان دەبێت، هەربۆیە ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیانەی لەسەر شانیانە بەرامبەریان جێبەجی دەکەن، بەمەش دەگەنە پلەی بەدەستهێنای ڕێز، کە دوو لایەنە، ڕێز لە خود، کە بە هۆیەوە بەها و گرنگی ڕۆڵ و کارەکانیان دەزانن، لایەنەکەی دیکە ڕێزلێگرتنیانە لەلایەن زانکۆ و کۆمەڵگەوە، لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کار و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیانەی لە ئەستۆیان بووە لە زانکۆ و کۆمەڵگە بەدەستیان هێناوە و لەم ڕێگایەوە دەتوانن پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پێگەی پەسەندکراو لە نێو زانکۆ و کۆمەڵگە و لای هاوڕێکانیان بەدەست بهێنن، پاشان دەگەنە پلەی بەدیهێنانی خود، کە لەم ئاستەدا بەتەوای متمانەیان بە خۆیان و تواناکانیان دەبێت و دەزانن ئەوەی دەیانەوێت دەتوانن بیکەن، هەر بۆیە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیەکانیان لە بەرزترین پلەدا لەئەستۆ دەگرن بەرامبەر بە خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگەکە .

لە کاتێکدا لە دۆخی فەراهەم نەبوونی پێداویستی و داخوازیەکانیان، ئەوا خۆشەویستی و ئینتمایان بۆ زانکۆ و کۆمەڵگە لاواز دەبێت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیان دروستدەکات و ئەو بڕوایەیان لا دروست دەبێت، کە بەرپرسیار نین بەرامبەر کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی و پێویست ناکات خۆیانی بۆ ماندوو بکەن .

## سییەم : تیـۆری فێربوونی کۆمەڵایـەتی

بۆ یەکەمین جار ئەم تیۆرە لەسەر دەستی هەردوو سایکۆلۆجستی ئەمریکی (میللر و دۆلارد) (Neal E. Miller & Jhon Dollard) سەریهەڵداوە، کە دوو زانان لە قوتابخانەی ڕەفتاری هاوچەرخ، لە کتێبە بەناوبانگەکەیان بەناوی (فێربوونی کۆمەڵایەتیی چاولێکەری) ئاماژەیان پێکردووە لەساڵی (1941) و هەوڵیانداوە هەماهەنگی دروست بکەن لەنێوان پرنسیپە ڕەفتارییەکان و پرنسیپە شیکارییە دەروونییەکاندا، بەڵام گەڵاڵەبوونی ئەم ئاڕاستەیە لەسەر دەستی سایکۆلۆجستی کەنەدی (ئەلبێرت باندۆرا) (Albert Bandura) و سایکۆلۆجستی بەریتانی (ڕیتشارد وولتەرز) (Richard H. Walters) بووە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیان بەناوی (فێربوونی کۆمەڵایەتی و گەشەی کەسایەتی) لە ساڵی (1962)،

پاشان کتێبی(تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی) باندۆرا ساڵی (1977) (عمر،2007: 61) کە ڕۆڵی سەرەکیی لەپەرەسەندنی ئەم تیۆرەدا هەبوو (بیانی،2017: 37) .

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لای (باندۆرا) ناویشدەبرێت بەتیۆری (دیتن)، یان تیۆری (نموونەکردن)، کورتەی تیۆرەکە جەختکردنەوەیە لە فێربوون لە ڕێگای دیتنەوە، سەرەڕای ڕەزامەندبوونی بە پرنسیپی پاڵپشتی بۆ بەهێزکردنی ڕەفتار، بەڵام پێیوایە باشترین ڕێگا نییە بۆ فێربوون، بەڵکو باشترین ڕێگا بۆ فێربوون (دیتن)ە، دیتنی ڕەفتارەکانی نموونەیەک (نموذج) و لە ڕێگای ئەو نموونەیەوە کەسەکە فێری کۆمەڵێک ڕەفتار دەبێت کە پێشتر نەیدیوە، جا ئەو نموونەیە زیندووبێت، یان لە ڕێگای ڤیدیۆ و فیلمەوە بێت و پاشان لاساییان دەکاتەوە (شلتز،1989: 399) .

بۆ جێبەجێبوونی فێربوون بە (دیتن) پێویستە بە چوار پرۆسەی بەیەکەوە بەستراودا تێپەڕێت، ئەوانیش :

1.**پرۆسە سەرنجییەکان** : لەم پرۆسەیەدا پێویستە نموونەیەک هەبێت و سەرنجی فێرخواز ڕابکێشێت و سەرنجی تەواوی بچێت بۆ ڕەفتاری نموونەکە و بە دركی ورد و تەواوەوە زانیارییەکان و تایبەتمەندییەکانی نموونەکە وەربگرێت، تا لاسایی بکاتەوە(هریدی،2011: 222).

2.**پرۆسە یادەوەرییەکان** : لەم پرۆسەیەدا پێویستە هەموو لایەنە گرنگەکانی ڕەفتارە بینراوەکە بەجۆرێک سەرنج بدرێت کە لەبیربمێنێت و لە یادگەی کەسەکەدا کۆدبکرێت، چونکە ئەگەر کەسەکە نەیتوانی ڕەفتارەکە لە یادگەیدا هەڵبگرێت، ئەوا ناتوانێت فێری ببێت و لاسایی بکاتەوە (مستەفا،2019: 395) .

3.**پرۆسە جوڵەییە بەنموونەکراوەکان** : بریتیە لە وەرگێڕانی ئەو نواندنە کۆدکراوە بۆ ڕەفتارێکی دیار و ئاشکرا، بەواتایەکی دیکە وەرگێڕانی بۆ کردارێکی جوڵەیی بەنموونەکراو (مستەفا،2019: 397) .

4.**پرۆسە پاڵنەرییەکان** : واتە بوونی پاڵنەرێک یان پاڵپشتێک، کە بۆ فێرخواز هاندەر بێت، تا سەرنجی ڕەفتارەکە بدات و لە یادگەیدا بیپارێزێت، دەکرێت پاڵنەرەکە خەڵاتێک بێت و هانی بدات و دووبارەی بکاتەوە (شلتز،1989: 403-404)، یان دەکرێت پاڵنەرەکە سزا بێت ئەوا هانی فێرخوازەکە بدات واز لە ڕەفتارەکە بهێنێت و لێی دوور بکەوێتەوە (باندۆرا) ئەم جۆرە لە پاڵنەری ناوناوە پاڵنەری پەشیمانی ( عمر،2007: 71) .

باندۆرا لە باسکردنی پاڵنەرەکاندا ،سێ جۆر لە پاڵنەر ئاماژە پێدەکات، ئەوانیش :

1.**پاڵنەری دەرەکی :** پێوەدانگەکانی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە دەگرێتەخۆ، کە دەکرێت پاداشت، یان سزا بێت .

2.**پاڵنەری ناوەکی** : هاندەرە خودییەکانی کەسەکە دەگرێتەوە، وەک هزرە مەعریفیەکانی کەسەکە (واتە کەسەکە تا چەند ڕەفتارەکەی لاپەسەندە و متمانە و بڕوای بە تواناکانی خۆی هەیە کە دەتوانێت ئەو ڕەفتارە فێرببێت و لاسایی بکاتەوە ) (عبدالرحمن،1998: 365) .

3.**پاڵنەری جێگرەوە :** سوود وەرگرتنە لە سەرکەوتن، یان شکستی کەسانی دیکە، کە لەڕێگای دیتنەوە درکی بەو ئەزموونانە کردووە، بەجۆرێک لاسایی ئەو ڕەفتارانە دەکاتەوە کە بۆتە هۆی سەرکەوتنی کەسەکە، هەروەها لەو ڕەفتارانە دووردەکەوێتەوە، کە بۆتە هۆی شکستهێنانی کەسەکە (عبدالرحمن،1998: 365) .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، خوێندکاری زانکۆ لە قۆناغی گەنجێتیدایە و قۆناغی گەنجێتیش قۆناغی زیاد بوونی سەرنجدان و گەشەسەندنی توانای لە بیرمانی ئەو زانیاری و ڕەفتارانەیە، کە سەرنجی ڕادەکێشن، واتە زۆرترین توانای هەیە بۆ دیتن و هەڵگرتنی زانیارییەکان بۆ ماوەکی درێژ (الیوسف،2002: 52) .سەرەڕای ئەوە زانکۆش ناوەندێکە بۆ فێربوونی خوێندکارەکانی و دەکرێت چەندین نموونەی تیادا بێت و خوێندکاران لێیانەوە فێربن و لاسایی ڕەفتارەکانیان بکەنەوە .

هەر بۆیە دەکرێت خوێندکارانی زانکۆ فێری ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ببن لە ڕێگای دیتنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مامۆستایان و ستافەکانی دیکەی زانکۆ، ئەگەر ئەوان دڵسۆزانە کارەکانیان ئەنجام بدەن و بەرپرسیارێتییەکانیان بەرامبەر ئەرکەکانیان لە ئەستۆ بگرن و بەرژەوەندییەکانی زانکۆ و ئامانجەکانی بە بەرژەوەندی و ئامانجی خۆیان بزانن و کاری بۆ بکەن، ئەوا دەبنە نموونەیەک لەبەر چاوی خویندکاران و لێیانەوە فێری بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی دەبن، یان دەکرێت لە ڕێگەی خوێندکارانی سەرکەوتووە بێت و پاڵپشتی بکرێن و هانبدرێن لەلایەن بەش و زانکۆوە و ببنە نموونەیەک و خوێندکارانی دیکە چاویان لێ بکەن و لێیانەوە فێربن، یان لە ڕێگای پرۆگرامەکانی خوێندنەوە دەکرێت هۆشیار بکرێنەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی لە ئەستۆگرتنی و دەرئەنجامی زیانبەخشەکانی لە ئەستۆنەگرتنی .

## چوارەم : گفتوگۆی تیۆرەکان

ـ لە تیۆری ڕۆڵدا ئاماژە بەوەکراوە کۆمەڵگە لە چەندین دامەزراوە پێکهاتوون و هەر دامەزراوەیەکیش بۆ چەندین پێگە دابەشبوون، لە ناو ئەو پێگانەشدا چەندین ڕۆڵ هەیە، کە کۆمەڵێک ئەرک و ماف لە خۆدەگرن، لە ئەستۆی ئەندامانی ئەو دامەزراوەیەدایە پابەندبن بەو ئەرکانەوە، لە هەمانکاتدا لە ئەستۆی دامەزراوەکەشە مافەکانیان بۆ فەراهەم بکەن، ئەمەش تەواو پەیوەندیی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، چونکە خودی ئەم چەمکە لە ئەرک و ماف پێکهاتووە، لە هەمانکاتدا دامەزراوەی زانکۆ وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە، لە چەندین پێگە و ڕۆڵ پێکهاتووە و ئەرکە لەسەرشانی سەرجەم ئەندامانی ئەو پێگانە لە نێویشیدا خوێندکارانی زانکۆ ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیانە جێبەجێی بکەن، لەبەرامبەریشدا ئەرکە لەسەر زانکۆ و خوێندنی باڵا مافەکانیان بۆ فەراهەم بکەن، چونکە بوونی کەموکورتی لە یەکێکیاندا دەبێتەهۆی کەموکورتی لە ڕۆڵی زانکۆ بەجۆرێک ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لە کۆمەڵگەدا نەتوانێت جێبەجێی بکات و کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگە کارا نەبێت .

ـ لە کاتێکدا لە تیۆری پێداویستی (ماسلۆ)دا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەپێی گرنگییان لەهەرەمێکدا ڕێکخراوە و جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو پێداویستییانە پاڵنەرن بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ و هانیان دەدات بەجۆرێک ڕەفتاربکەن، کە بیانگەیەنێتە ئامانجەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، کەواتە ئەم پێداویستیبانە پاڵنەردەبن بۆ ڕەفتارەکانی خوێندکارانی زانکۆ وەک هەر کەسێکی دیکە و هەوڵدەدەن بەجۆرێک ڕەفتاربکەن، کە هاوکاریان بێت لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانییان و فەراهەمکردنی داخوازیەکانیان، بۆئەمەش چەندین ڕەفتار ئەنجامدەدەن و یەکێک لەو ڕەفتارانە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە، لەو ڕێگایەوە خوێندکاران دەتوانن بگەنە ئامانجەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان .

ـ سەبارەت بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (باندۆرا) ئاماژەی بەوەکردووە، دەکرێت فێری ڕەفتارێکی نوێ ببین، کە پێشتر ئەنجامدمان نەداوە، ئەوەش لە ڕێگای دیتنەوە دەبێت، جا ئەو ڕەفتارە ڕاستەوخۆ ببینرێن، یان لە ڕێگای فیلم و ڤیدیۆوە پیشان بدرێن، ئەگەر ئەو ڕەفتارە پەسەندکراو خوازراو بێت، ئەوا پاڵپشتی لێدەکرێت و کەسەکە هاندەدرێت، کە ڕەفتارەکە دووبارە بکاتەوە و لەسەری بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر ڕەفتارەکە پەسەندکراو و گونجاو نەبێت لەنێو کۆمەڵگەدا ئەوا پاڵپشتی لێناکرێت و زۆرجار لەبەرامبەریدا سزا دادەنرێت، دەکرێت سزاکە مادی وەک پێبژاردن، یان مەعنەوەی وەک سەرزەنشت و لۆمەکردنی کۆمەڵایەتی بێت، کە هانی کەسەکە دەدات لەڕەفتارەکە دووركەوێتەوە و وازی

لێبهێنێت، (باندۆرا) ئەم جۆرە لە پاڵپشتی ناوناوە (پاڵپشتی پەشیمانی)، بەو پێیەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پابەندبوونە بە ڕێسا و یاسا و و داب و نەریت و پێوەدانگەکانی کۆمەڵگە، کەواتە ڕەفتارێکی خوازراو و پەسەندکراوە لەلایەن کۆمەڵگەوە پاڵپشت دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ بەردەوامیدان و فێربوونی زیاتری ئەم ڕەفتارە لە کۆمەڵگەدا .

ـ جێگەی ئاماژە پێدانە هەرسێ تیۆرەکە کۆکن لەسەر فێربوونی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگایەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بەجۆرێک لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایتییدا دەکرێت کار لەسەر خوێندکارانی زانکۆ لە ناو زانکۆ دا بکرێت بۆ فێربوونی ئەم ڕەفتارە لە ڕێگای بینینی ڕەفتاری مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی زانکۆ و هاوڕێکانیان، یان لە ڕێگای گوتنەوەی وانە و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، یان بە پیشاندانی فیلم و ڤیدیۆ لەو بارەیەوە، هەروەها پاڵپشتی مادی و مەعنەوی بکرێن بۆ بەردەوامی دان و پەرەپێدانی لای خوێندکاران .

ـ هەروەک لە تیۆری ڕۆڵیشدا ئاماژەی پێکراوە، دەتوانرێت لە ڕێگای پێدانی ڕۆڵ بە خوێندکاران لەناو زانکۆدا بەتایبەت لە چالاکی خوێندکاری و ڤیستیڤاڵی ساڵانەی خوێندکاران، بە پراکتیکی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان فێربکرێت و ڕابهێنرێن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کار و بەرپرسانە جێبەجێکردنیان، هەروەک لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیشدا ئاماژەی پێکراوە، کە یەکێک لە پرۆسەکانی فێربوون بریتییە لە وەرگێڕانی نواندنە کۆدکراوەکان بۆ ڕەفتارێکی کرداری، ئەمەش لە چالاکی و ڤیستیڤاڵەکاندا دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، لەم ڕێگایانەوە خوێندکاران دەتوانن بە پراکتیکی فێری لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ببن، هەروەها گرنگی ڕۆڵی خۆیان لە نێو زانکۆ و کۆمەڵگەدا درک پێبکەن، کە هاندەریان دەبێت بۆ بەشداربوونی کارا لە خزمەتکردنی زانکۆ و کۆمەڵگە، دواجار خۆشەویستی و ڕێزی خۆیان و دەروبەر بە دەستدەهێنن، لێرەدا فێردەبن بەئەنجامدانی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، دەتوانن ڕێز و خۆشەویستی و پێگەی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا بە دەستبهێنن کە دواجار دەیانبات بەرەوە فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی دیکەی ژیانیان، بە ڕێگایەکی ئەرێنی، کە سوودی بۆ خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە دەبێت .

## باسی سێیەم : خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

### یەکەم : خوێندکارانی زانکۆ

خوێندکارانی زانکۆ توێژێکی گەنجن، کە هێشتا لە دەرەوەی بازنەی کاردان و لە دۆخی پێگەیاندنی کولتووری زانکۆیدان، ئاراستەیەکی بنچینەیی دەکرێن، تا ببنە چینێکی ڕۆشنبیر لە داهاتوودا (رشيد،2007: 22). سامانێکی مرۆیی کۆمەڵگەن و داهاتویەتی، هەروەها یەکێکن لە هۆکارەکانی بەردەوامی پێدان و پێشکەوتنەکانی، چەندین تایبەتمەندی هەیە کە پێویستی گرنگی کۆمەڵگەن (احمد،2018 :76) هەربۆیە پێویستە لە ڕووی زانستی و پراکتیکیەوە ئامادەبکرێن بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەک، کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی زانستی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنیاندا، لە هەمانکاتدا لە دروستکردنی داهاتووی کۆمەڵگە و نەتەوەکەیاندا بەشداریان پێبکرێت، چونکە ئەم قۆناغە بە باشترین و بە هێزترین قۆناغی ژیان دادەنرێت بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی، جا لەسەر ئاستی کەسی بێت، یان ئاستی کۆمەڵایەتی، یان هەر ئاستێکی تر، هاوکات ئەم توێژە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە و توانا و کاریگەریەکانیان لەسەر کۆمەڵگە گرنگ دەنرخێنرێت، چونکە مرۆڤ لەم قۆناغەدا لەوپەڕی توانای کار و بەرهەمهێنان دایە، دەتوانێت کار و بەرهەمی بەردەوامی هەبێت و بەرپرسیارێتیی گرنگ و گەورە لە ئەستۆبگرێت (اليوسف،2002: 27).

هەروەها گەنج ئەو هێزە جەستەیی و ڕۆحی و ئیرادەیەیە، کە دەتوانێت ئەوەی پێشبینی نەکەیت و وێنای نەکەیت ئەنجامی بدات، سەرچاوەیەکی بە توانایە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان و تازەگەری، ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان و بەهێزە، گەرچی خاوەنی ئەزموون نییە، بەڵام دەستە وەستانیش نییە لەبەردەم کێشە و کۆسپ و تەگەرەکانی ژیاندا، چونکە گەنج ڕۆحی بەرگری و کۆڵنەدان و خۆڕاگری تیادایە و زۆر بەزەحمەت تێکدەشکێت (سديق،2007: 103-104) لە ڕێگای ئەو هێز و ووزەی هەیەتی دەیەوێت بە خەونەکانی داهاتووی بگات و ژیانی بەردەوامی هەبێت و مەیلی گۆڕانکاری و ژیانێکی نوێتری هەیە و دەیەوێت خۆی لە نەریتە باوەکان بە دووربگرێت و ئەو کۆت و پێوەدانگەی گەورەکان دروستیان کردووە بیشکێنێت (سديق،2007: 21) .

هاوکات کەسێکە پڕە لە هیوا بۆ گەیشتن بە خەونەکانی، جیا لەوانی دی بیر دەکاتەوە و خەونی نوێی هەیە، گەنج بوون مانای پڕبوونە لە وزە و هێز و خولیای سەردەمیانە لە مرۆڤدا، واتای لێوان لێوە لە تەماح و خولیا و خەیاڵ و چاوەڕوانی، هەوڵدەدات بۆ

دروستکردنی پەیوەندیەکی تەندروست لەگەڵ ئایندەدا، گەنج هەڵگری وزەیەکی ناوازەیە بۆ ڕەتکردنەوەی واقع و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی (شاوەیس،2006: 25) .

ئەگەر ئاوڕێک لەمێژوو بدەینەوە، دەبینین خوێندکارانی زانکۆ خاوەنی یەکێک دیارترین شۆڕشن لە مێژوودا، ئەویش شۆڕشی فەڕەنسی ئابی (1968)ە، پێشەنگی ئەو بزوتنەوە گرنگە توێژی گەنج و خوێندکارانی زانکۆ بوون، کە توانیان لە دژی نۆرم و بەهاکانی نەوەی پێش خۆیان ڕاپەڕن و داوای هێنانە ئارای دنیایەکی نوێ بکەن (دۆلای،2013: 9). توانیان گۆڕانکاری ڕیشەیی لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگە و هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکەن، بەو ڕادەیەی، کە پاریسی پاش ئایاری (1968) دەبێت بە پاریسێکی تر و ئەو گۆڕانکاریانەش لە زۆربەی ئاستەکاندا دەبینرێت وەک بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگە و گۆڕینی شوێنی ئافرەت لە ماڵەوە و گۆڕینی تێگەشتن لە مانای تاکبوون و واتای ئازادی و ئازادی جەستەیی و گۆڕانکاری لە بواری پەروەردە و کاڵبوونەوەی ڕەگەزپەرستی، بەڕادەیەک کە بێگانە و غەیرە فەڕەنسیەکان لە ڕیزی پێشەوەی سیاسەتدا دەبینران، بۆ نموونە بوونی (نیکۆلاس سارکۆزی ) بە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا (باوکی کۆچەرێکی هەنگاری بووە)، ئەمانە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەیە بووە، کە خوێندکارانی زانکۆ لە فەڕەنسا کردویانە (حەمە،2011: 67-71) .

کەواتە خوێندکارانی زانکۆ خاوەنی هێز و ئیرادەن و بەرپرسیارێتیی گەورەیان لەسەر شانە و دەتوانن گۆڕانکاری کاریگەر و گرنگ ئەنجام بدەن کە دواجار ئەو گۆڕانکاریانە خزمەت بە خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە دەکات .

ئەگەر سەیری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین تەنها کێشەدارنین، بەڵکو ناڕازیشن، بەڵام بەهەڵوێستبوونی توێژی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان حاڵەتە و بێهەڵوێستبوونەکەی دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەم بێهەڵویست بوونەشی ڕەنگدانەوەی زۆری دەبێت لەسەر داهاتووی خۆی و کۆمەڵگە و بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ژیانی (عوسمان،2017: 27) .

ئەوەش گرنگە بزانرێت ئەم تایبەتمەندیە خودی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان خۆیان دروستیان نەکردووە، تا شەرم لە باسکردنیان بکەن و خۆیانی لێ ببورن، بەڵکو واقعێکە و دەرئەنجامی ئەو بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و هزریانەن کە بەسەریاندا سەپێنراوە و ئەم بوونەی بۆ بەدیهێناون، بەڵام گۆڕینی ئەم واقع و بارودۆخەی تاکی خوێندکار تێیکەوتووە، بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی خۆیەتی

(عوسمان،2017: 41). لەبەرئەوە لەسەر شانیانە بەشداریی کاریگەر بکەن لە جوانکردن و پێشخستنی ڕەوتی ژیان بە هەموو بوارە ویستراوەکانیەوە، بە جۆرێک کە هەردەم لەو ڕێڕەوەدا خاوەن چەکێکی مەعریفی تۆکمە بن و لەو بەشداریکردنەشدا ڕێبەرانە هەڵسوکەوت بکەن و بزوێنەری تویژ و تاکەکانی دیکەبن لەپێناو هێنانەدی مەبەست و بەرژەوەندییە باڵاکاندا، لە بەرامبەریشدا هۆشیاری و ئاگاییان ئەوەندە فراوان بێت، بتوانن لە بواری پسپۆڕی و کار و توانایانەوە ئایندەی ژیانی خۆیان و کۆمەڵەکەیان ڕۆشنتر بکەنەوە (محمود:2001: 93) .

ئەو بەرپرسیارێتییەش کاتێک لای خوێندکارانی زانکۆ دروست دەبێت، کە هۆشیاربن بەرامبەر بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان، چونکە ((هەر نەوەیەک وێنەیەکی دیاریکراوی خۆی و وێنەیەکی تایبەتی مێژووی ئەو کۆمەڵگایەی لەلایە کە لەناویدا دەژی، ئەو وێنەیە گوزارشت لە ویست و ئارەزوو و داواکارییەکانی ئەو نەوەیە دەکات، لە هەمانکاتیشدا گوزارشت لە هۆشیاری ئەو نەوەیە دەکات بەرامبەر بەو دونیایەی تێیدا ئامادەن، بەشێکی زۆری ئەم وێنانە زادەی ئەو ئەرک و فەرمانانەن، کە ئەو نەوەیە دەیخاتە سەرشانی خۆی و لە ڕێگای پیادەکردن، یان نەکردنیانەوە شوناسێکی تایبەت بەخۆی دەبەخشێت، هەروەها ئەم وێنەیە زادەی ئەو چاوەڕوانییانەیە، کە کۆمەڵگە و دەوروبەر و نەوەکانی دی بەرامبەر ئەو نەوەیە هەیانە)) (قانع،2010: 245-246) کەواتە هۆشیاریی هۆکاری تێگەشتنی خوێندکارانە لە بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان، لەبەرئەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی تەواو پەیوەندیی بەزانینی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای مرۆڤ هەیە، چونکە هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە خۆناسین و بەهای خۆزانینەوە دەست پێدەکات، هەر لەوەی کە دەبێت بزانێت ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی چین و مافەکانیشی لە بەرامبەریدا چین و نابێت زەوت بکرێن (سادق،2008:121) .

لێرەدا دەگەینە ئەوەی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری دوو هۆکاری سەرەکی، ئەوانیش هۆکاری ناوەکی و هۆکاری دەرەکییە، هۆکارە ناوەکییەکان پەیوەستن بە خودی خوێندکارەکە خۆیەوە، وەک توانا و ئاراستە و لێهاتوویەکانی و ئەو بەها و پێوەرانەی کە باوەڕی پێیەتی، لە کاتێکدا هۆکارە دەرەکییەکان پەیوەستن بە ژینگەی دەرەوە وەک کۆمەڵگە و زانکۆ (الحربی،2018:242 ) .

کەواتە ئەرکی هەردوولایە، هەم خودی خوێندکاران خۆیان، کە هەوڵبدەن بەرپرسیارێتییە کۆمەڵاتیەکانیان بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە بزانن و لە ئەستۆیان بگرن، هەروەها

ئەرکی زانکۆ و کۆمەڵگەشە سەبارەت بە بەرپرسیاریتییەکانیان هۆشیاریان بکەنەوە و فێریان بکەن، کە دەرئەنجامەکانی لە ئەستۆ نەگرتنی بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتی زیان بە خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگەکەیان دەگەیەنێت .

## دووەم : تایبەتمەندییەکانی خوێندکارانی زانکۆ

ناسینی تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە هەنگاوێکی گرنگە بۆ زانینی چۆنیەتی هەڵسو کەوتکردن لەگەڵیان و چۆنیەتی کاریگەربوون لەسەر ڕەفتارەکانیان، بەو پێیەش خوێندکارانی زانکۆ دەکەونە نێو توێژی گەنجەوە هەربۆیە دەکەوێتە نێو بازنەی تایبەتمەندیەکانی گەنج، لێرەدا ئاماژە بەو تایبەتمەندیانەی گەنج دەکرێن کە زیاتر نزیکن لە قۆناغی خوێندنی زانکۆوە، بۆ چوار جۆر دابەش دەکرێن، ئەوانیش (تایبەتمەندییە جەستەیی و فسیۆلۆجییەکان، تایبەتمەندییە کۆمەڵاتییەکان، تایبەتمەندییە دەروونییەکان، تایبەتمەندییە عەقلی و مەعریفییەکان )ن :

### 1.تایبەتمەندییە جەستەیی و فسیۆلۆجییەکان

گەشەی جەستەیی بە یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی گەشەی قۆناغی گەنجێتی دادەنرێت و ئەویش دوو لایەن دەگرێتەوە، یەکەم گەشەی فسیۆلۆجییە، کە بەشی ناوەوەی جەستەیە و دیار نییە وەک گەشەی هۆرمۆنە سێکسییەکان و گەورەبوونی قەبارەی دڵ و زیاد بوونی خرۆکە سورەکانی خوێن و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لایەنی دووەم، گەشەی بەشی دەرەوەی ئەندامەکانی جەستەیە، وەک زیادبوونی درێژی و کێش و کەڵەکە بوونی چەوری لەسەر پێست و گەشەی ئێسکی حەوز لای کچان و گۆڕانکاری لە ڕووخسار و شێوەی دەرەوەیاندا (خملة،2014: 63) لەم قۆناغەدا پێگەشتنی فیزیایی و ئەندامی بەرەو تەواوبوون دەچێت و گەشەی عەقلی و دەروونی دەست پێدەکات، تا دەگاتە ئاستی پێگەشتن (محمود،2017: 67) .

ئەم گەشە کردنانە دەکەونە ژێر کاریگەریی دوو هۆکار، هۆکاری ژینگەیی و هۆکاری بۆماوەیی، هۆکاری ژینگەیی وەک ژینگەی جوگرافی، کە کاریگەری لەسەر ڕەنگی پێست و قژ و شێوەی ڕووخساری دەرەوەیان دەبێت، هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتی و دۆخی دەروونی، کە کاریگەریی لەسەر گەشەی غودەکان و ئەرکیان و ڕێژەی دەردراوەکان دەبێت، ئەمەش جیاوازی لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی تر دروست دەکات، لە کاتێکدا هۆکارە

بۆماوەییەکان گواستنەوەی تایبەتمەندییە بۆماوەیەکانە لە نەوەکانی پێش خۆیانەوە (حفیظة،2013: 189) .

## 2.تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان

هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە جیاکەرەوە گرنگەکانی قۆناغی گەنجێتی لە قۆناغی منداڵی دادەنرێت، بۆ ئەمەش گەنجان تێدەکۆشن، تا بەخێرایی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیار بەدەستبهێنن بەم کارەشیان پرۆسەی گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئەوان خێراتر دەبێت (شێفەرس،2008: 117). ئارەزوو دەکەن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگیربن و خۆیان بسەلمێنن و پشت بە خۆیان ببەستن، چونکە لەم قۆناغەدا هۆشیارن دەربارەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پێگە کۆمەڵایەتییەکان (الدرویش،بدون السنە: 16) حەزیان بەکاری کۆمەڵییە و دەتوانن پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز دروست بکەن و لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوکاربن (الصالح،2018: 39) .

لەگەڵ ئەمانەشدا لە هەستی کەسانی تر و پێداویستەکانیان تێدەگەن و بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانە هاوکاریان دەکەن (صالح،2018: 47) چونکە لەم قۆناغەدا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ژیریانەوە، حەز دەکەن وەک گەورەکان بەرپرسیارێتی بخرێتە سەرشانیان (یاسین،2000: 73) .

لەگەڵ ئەوانەشدا خوێندکاری زانکۆ لەم قۆناغەدا هەڵگری دوو تێڕوانینی جیاوازن، یەکێکیان لە ڕووی بایلۆجیەوە خاوەن هێزێکی گەورەیە بۆ تێرکردنی غەریزە و پێداویستییە بایلۆجیەکانی، ئەویتریان لەڕووی سۆسیۆلۆجیەوە، کە نوێنەرایەتی کولتوور دەکات و لە هەوڵی دەستکاریکردنی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی دایە و دەیەوێت گۆڕانکاری تیێدابکات (شاوەیس،2006: 50) . چونکە گەنجان بەوە دەناسرێن، کە توانای زۆریان بۆ گۆڕانکاری هەیە و زۆرترین وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەبێت، بە مەبەستی سەلماندنی خود و سەلماندنی تواناکانیان لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان (ابراهیم:2016: 59) .

کەواتە خوێندکارانی زانکۆ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن هێز و توانان و ناکرێت لە بۆشاییدا بژین، یان بخرێنە پەراوێزی ژیانەوە، بەڵکو پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی گرنگیان پێبدرێت، تا بۆیان ببنە هاندەر و بە دڵسۆزی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بەمەش کۆمەڵگە دەبێتە خاوەن کەسانی باش و بەسوود، بەجۆرێک دەبنە کەسانێک هەوڵدەدەن توانا و

لێهاتووییەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بەکاربهێنن و کاری باش بکەن و بەرپرسیارێتیەکانیان لەئەستۆبگرن (الصفار،1992: 14) . بۆ نموونە ئەگەر ڕۆڵی گرنگ بە خوێندکارانی زانکۆ لە ناو زانکۆدا بدرێت ئەوا هەستی گرنگیدانیان بە زانکۆکەیان لا دروست دەبێت و هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەری دەکەن، پاشان ئەو گرنگی پێدانەیان بۆ هەموو کۆمەڵگە دەگوێزرێتەوە (حفیظة،2013:109)، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی بێت گرنگی بەم بابەتە نەدرێت و بواریان پێنەدرێت مومارسەی ویستەکانیان بکەن لەناو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەوا وزەکانیان لەدەست دەدەن و لێهاتووییان کەم دەبێتەوە، هەروەها خەونەکانیان بەرەو لەناوچوون دەچێت و هەستی بەرپرسیارێتییان لاواز دەبێت، لەبەرامبەردا کاری لادەر و زەرەرمەند دەکەن (الصفار،1992: 12) .

لە هەمانکاتدا خوێندکاران کە دێنە زانکۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووی ژیانیان فراوتنر دەبن، کەسانی تازە و گروپی تازە دەناسن پەیوەندی و وەلائیان بۆیان بەهێز دەبێت و دەکەونە ژێر کاریگەرییان، ئەمەش کار دەکاتە سەر ئەو پەیوەندیەی پێشتر هەیانبووە لەگەڵ خێزان و کەسوکاریان و بەرەو لاوازتری دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی لەم قۆناغەدا هەیانە، هەندێک لە پێوەدانگ و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە ڕەتدەکەنەوە، بەمەش ناکۆکی لە نێوان خوێندکاران و کەسوکاریان و گەورەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت (خملة،2014: 66-67) .

لەم ڕوانگەیەوە تیۆری (بۆشایی نێوان نەوەکان )پەیدا دەبێت، کە باوان هەوڵدەدەن پارێزگاری لە بەها و داب و نەریتەکان بکەن، لە لایەکی ترەوە نەوەکان هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیاکاری لە نێوانیاندا، بە واتای بچڕانی پەیوەندیی نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دێت، لەم بارودۆخەدا مرۆڤ دەبێتە قوربانی ئەو کارە کۆمەڵایەتییانەی، کە ناتوانێت حوکم بەسەریاندا بدات یان بە جوانی لێیان تێبگات، هاوکات ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی، کە تەکنەلۆجیا دروستی کردووە و کاریگەریی کردۆتە سەر پەیوەندییەکان و بەهاکان، واسەیر دەکرێت کە تەکنەلۆجیا هۆکاری دروست بوونی ئەو بۆشایی و نا ئارامیە بێت، کە لەنێوان نەوەکان لەم سەردەمەدا هەیە (احمد،2016: 55) .

## 3.تایبەتمەندییە دەروونییەکان

گەنجان لەم قۆناغەدا خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەروونین، کە بونەتە خەسڵەتی هاوبەشی ئەم توێژە و جیاکردنەوەیان لە توێژەکانی تر، لەوانە بوونی ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژان، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆجی و عەقڵیانەی کە تیاندا ڕوویداوە (بومعيزة،2006: 17) .

لەم قۆناغەدا حەزیان بە سەربەخۆییە و دەیانەوێت لە بڕیارەکانیان سەربەخۆبن (شێفەرس،2008: 117) هاوکات بەدوای بەدەستهێنانی دەروونێکی تەندروست و ئاسوودەوەن، هەربۆیە کاتێک خوێندکارن هەوڵدەدەن فێربن، بەتایبەت فێربوونێک کە گونجاوبێت لەگەڵ لێهاتووییاندا و مومارەسەی توانا داهێنانکارییەکانیان بکات، چونکە ڕێگایەکە بۆ ئاسوودەیی دەروونیان (زهران،1995: 407 ) .

لەگەڵ ئەوانەشدا، گەنج هەوڵدەدات بەرپرسانە هەڵسوکەوت بکات، تا بگاتە ئامانج و ویستەکانی لە ژیان، بەڵام کاتێک هەست دەکات هەوڵەکانی نایگەیەنێتە ئامانج و ویستەکانی و سەرکەوتوو نابێت لەو ڕووەوە، ئەوا بۆشایەکی دەروونی لە ناخیدا دروست دەبێت (معوشة،2008: 149) لە کاتێکدا بۆشایی دەروونی شاراوەترین و کاریگەرترین فاکتەرە بۆ تێکدانی کەسایەتی و ڕەفتاری گەنجان، چونکە هەست دەکەن، نەیانتوانیوە خودی خۆیان بەدەستبهێنن و بی توانا و لاوازن، هەموو ئەمانە وایان لێدەکات بەشداری چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ناکەن و کەسانی ڕەشبین بن بەرامبەر داهاتوویان (حەمەد،2015: 33)، دوورە پەرێزبن لە کۆمەڵگە و خۆیان بە دووربگرن لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان و پابەندنەبن بە ئەرکەکانیانەوە، هەموو ئەمانە دەیانکاتە کەسانێک، کە فاکتەرێکی کارا و کاریگەر نەبن لەکۆمەڵگە و بەشدار نەبن لەبەرەوپێشچوونی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان (حەمەد،2015: 42) .

## 4.تایبەتمەندییە ژیری و مەعریفییەکان

ئەمە یەکێکە لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی خوێندکاران، بەتایبەت لە قۆناغی زانکۆیدا، لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا ئاستی زیرەکیان دەگاتە بەرزترین ئاست و لە بەرزترین پلەی پێگەشتنی مەعریفی و ژیریدان و توانای تێگەشتنیان لە ئاستێکی بەرزدایە (معوشة2008: 146) .

لەم قۆناغەدا توانای شیکارکردن و ڕێکخستن و تێگەشتن و بەیەکەوە بەستنی فکرەکانیان هەیە، حەزیان بە ئازادی فکری و گفتۆگۆکردن هەیە لەسەر بیروباوەڕ و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە و ئەو پەیوەندیە مرۆییانەی کە تاکی پەیوەست کردووە بە کۆمەڵگەوە، هەروەها توانای لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و یاساییان هەیە و دەتوانن دەرئەنجامی کارەکانیان لەئەستۆبگرن بەهۆی گەشەی ژیری و مەعریفی و توانای هەڵبژاردنیانەوە (صالح،2018: 33) .

بەو پێیەش کە خوێندکارانی زانکۆ لە ناوەندێکدان پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی مەعریفی و بیرکردنەوە و توانای ژیری و گەشەی زیرەکی هەیە بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەیان، ئەوا هانیان دەدات بە بەردەوامی هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەسەر بابەتەکان و بە زانیاری ڕووکەشی رازی نەبن، بەڵکو لەسەر بابەت و هزرە جیاوازەکان گفتوگۆ بکەن و بیروڕا بگۆڕنەوە و ئاستی مەعریفییان بەرزبکەنەوە، بەمەش هێزی تازەگەری و گۆڕانیان تیادا دروست دەبێت (عمیرش،2005: 17 ) .

سەرەڕای ئەوانەش بەدوای کۆکردنەوەی زانیاری زیاترن دەربارەی ژیان و پلانیان بۆیان هەیە و دەیانەوێت بگەنە ئاستێک، کەپێی ڕازی بن، هەروەها گفتۆگۆ لەگەڵ هاورێکانیان دەکەن سەبارەت بە بابەتە هاوبەشەکانی نێوانیان و دەیانەوێت لە مانای ژیان تێبگەن و ئامانجیان بۆی هەبێت و بزانن ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا چییە و تا چەند کاریگەرن ؟ هەروەها دەیانەوێت لەو واقعە تێبگەن، کە تیایدا دەژین، ئایا پێی ڕازین، یان گۆڕانکاری تیادا بکەن (عتیق،2013: 30) .

بوونی ئەم تایبەتمەندیەش لای خوێنکارانی زانکۆ و بەرزی ئاستی درککردن و تێگەیشتیان، بەرپرسیارێتی سەرشانی خوێندکارانی زانکۆی زیاتر کردووە، هەربۆیە ئەرکە لەسەرشانیان کاتەکانیان رێکبخەن پلان و ئامانجیان لە ژیان هەبێت و هەوڵ بۆ هێنانەدییان بدەن، لەگەڵ ئەەشدا هەوڵی بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ بدەن دەربارەی ژیانی گەلانی جیهان و کولتووره جیاوازەکانیان و هۆکارەکانی پێشکەوتنیان، تا سوودیان لێوەربگرن دنیابینیان فراونتر بکات و بتوانن ببنە ئەندامێکی کارا و کاریگەر لەناو دامەزراوەی زانکۆ و کۆمەڵگەدا .

## سێیەم : پێداویستییەکانی خوێندکارانی زانکۆ

بێگومان خوێندکارانی زانکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان بەسەرکەوتوویی و بەدەستهێنانی زۆرترین سوود و زانیاری، پێویستیان بە فەراهەمبوونی چەندین پێداویستی هەیە، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین ئەو پێداویستیانە دەکەین، کە خوێندکارێکی زانکۆ پێویستیەتی لەناو زانکۆدا بۆی دابین بکرێت، تا هاوکاری بێت لە تەواوکردنی زانکۆکەی و بەدەستهێنانی بڕوانەمەکەی، هەندێک لەو پێداویستیانە لە باسکردنی تیۆری پێداویستی لای(ماسلۆ) ئاماژەی پێکراوە و لێرەشدا ئاماژە بەهەندێکی دیکە لەو پێداویستییانە دەکەین :

لەو پێداویستییانە، پێداویستی ژیری و مەعریفییە، پێداویستی ژیری و مەعریفی یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی خوێندکارانی زانکۆ و جیاییدەکاتەوە لە خوێندکارانی قۆناغەکانی دیکەی خوێندن، ئەم پێداویستیە پەیوەستە بە پڕکردنەوەی ویستەکانی لە ڕووی ڕۆشنبیری و مەعریفی، کە خۆی دەبینێتەوە لە فێرکردن و ڕێزگرتنی بۆچوون و هزرەکانی و بەدەستهێنانی ئەزموون و فێربوونی نوێ و دابینکردنی پرۆگرامی ڕۆشنبیری و کتێب و توێژینەوە لەلایەن زانکۆوە و ڕەخساندنی هەل بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان (ابراهیم،2016: 73). لەلایەکی ترەوە هۆشیارکردنەوە و هاندانی خوێندکاران، تا خۆیان هەوڵبدەن بۆ پڕکردنەوەی هەندێک لەم پێداویستییانە پشت بە چالاکییە خودیەکانیان ببەستن، لەڕێگای گرنگیدانیان بە زیادبوونی زانیاری و هەوڵدانیان بۆ خۆ فێرکردن (فهیم،2007: 30). و سوودوەرگرتنیان لە کاتە بەتاڵەکانیان و بەکارهێنانی ئەو کاتانە بۆ برەودان بە بەهرە و توانا و خولیاکانیان و بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ (فهمی،2007: 106) .

سەرەڕای ئەوەش، پێویستی دەربڕینی داهێنانکاری، یەکێکی ترە لە پێداویستییەکانی گەنجان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی، چونکە گەنجان خاوەن بەهرە و توانای داهێنانکارین و پێویستیان بەوەیە هەلیان بۆ بڕەخسێت تا بەهۆیەوە توناکانیان بخەنە گەڕ و برەویان پێبدەن، بۆ ئەمەش زانکۆ دەتوانێت لەڕێگای چالاکییە هەمەجۆرەکانیەوە ئەو هەلە بۆ خوێندکارەکانی بڕەخسێنێت (حفیظة،2013: 192). هۆکار بێت بۆ برەودان بە توانا داهێنانکاریەکانیان و هەلێک بێت بۆ دۆزینەوەی نوێ و بیری داهێنانکاریان، بۆ نموونە لە ڕێگای چالاکییە هونەرییەکان یان وەرزشی و زانستی و ڕۆشنبیرییەکان خوێندکاران دەتوانن گوزارشت لە خۆیان و توناکانیان بکەن و برەویان پێبدەن (غباری،2011: 76) ، لەبەرئەوەی چالاکیەکانی خوێندکاران خێراترین و زانستیترین ڕێگایە بۆ پەرەدان بە توانای

داهێناکاری و دۆزینەوەی نوێ لای خوێندکاران و بەرهەمدار بوونیان، دواجار ئەو بەرەهەمانە سوودیان بۆ خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگەش دەبێت و دەکرێت لەداهاتوودا ببێتە هەلی کار بۆ خۆیان و چەندین کەسی تر، هەروەها ڕۆڵی هەبێت لە گەشەسەندنی زانستی و ئابووری لە وڵاتدا .

یەکێکی تر لەو پێداویستییانە پێداویستی بەدەستهێنان و دەرچوونە، کە پێویستییەکی بنچینەیی ئیدراکی خوێندکارە، دەرچوون و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز ئامانجی سەرەکیی زۆرینەی خوێندکاران و خێزانەکانیانە، هەربۆیە بابەتی دەرچوون لە خوێندن بە یەکێک لەو بابەتانە دادەنرێت، کە پەیوەندیی تەواویان بە ژیانی خوێندکارەوە هەیە لە ماوەی خوێندنیدا (العنزی،2003: 176) لە هەمانکاتدا هەلێکە بۆ فەراهەمبوونی پێداویستی دیکە ئەویش پێداویستی دابینکردنی داهاتووە و دەستکەوتنی هەلی کارە، هەربۆیە پێویستە خوێندنەکەی بەجۆرێک بێت، کە ئامادەی بکات بۆ بەدەستهێنانی کار لە داهاتوودا و سەرکەوتن تیایدا، بەجۆرێک پلانی فێرکردن وەها دابڕێژرێت، کە هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی گەنجاندا ڕەچاو بکرێت تا لە داهاتوودا هەلی کاریان بۆ برەخسێت و بۆ ئەو کارانە ئامادەیان بکەن و بیانکەنە کەسێکی بەتوانا و گونجاو لەگەڵ پیشەکەیان (فهمی،2012: 146-156) .

جگە لەوانەش پێویستییەکی دیکەیان هەیە، ئەویش پێداویستی ئابووریە، سەرچاوەی دابینکاری و پێداویستییەکانی خوێندنی و ژیانیەتی، خوێندکاران لە نەبوون، یان کەمی ئەم پێداویستییەدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبنەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی خوێندن و بەردەوام بوونیان لە خوێندن دەکات .

## چوارەم : گرنگی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کاریگەریی دەبێت لەسەر شێوازی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی بیرکردنەوەی خوێندکاران وەک گەنجێک یان وەک تاکێک لە کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕێکخەری ڕەفتار و کردەوەکانی مرۆڤە بەجۆرێک کە سوودی بۆخۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی هەبێت .

گرنگیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی خودی خوێندکار، دەیکاتە کەسێکی گونجاو و پێگەیشتوو و پەیوەستی دەکات بەو کۆمەڵەی ئەندامە تیایدا، پەیوەستبوونێکی

سۆزداری و هۆشیارانە، لە هەمانکاتدا ئینتمایەکی بەهێزی دەبێت بۆی، بەجۆریک ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆی و کۆمەڵەکەی وەک یەک شت دەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەیکاتە کەسێکی متمانەپێکراو و باوەڕپێکراو، کە دەتوانرێت پشتی پێ ببسترێت و هەر کارێکی پێبسپێردرێت بەو پەڕی تواناوە جێبەجێی بکات، لەبەرامبەر ئەمەدا هەر هەڵەیەک لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا هەبێت، ئامادەیە دەرئەنجامەکەی لەئەستۆ بگرێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات و کەسانی دیکە تاوانبار نەکات، سەرەڕای ئەوانەش دەبێتە کەسێکی ئارام و خۆڕاگر لە ژیان و پشت بە خۆی دەبەستێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا (حسونة،2014:17) هەروەها بەهای کات و گرنگیەکەی دەزانێت و کاتە بەتاڵەکانی لە کاری بەسوود و خۆ پێگەیاندا بەکاردەهێنێت و بەهای ژیان دەزانێت و ئامانج و پلانی بۆی دەبێت و هەوڵ بۆ هێنانەدیان دەدات (الهذلی،2009: 60 ) .

هاوکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە لە هاوکاریکردن و چاکەکردن لەگەڵ هەر کەس کە پێوستی پێبێت، جا لە زانکۆ، یان لە کۆمەڵگەدا بێت، هەروەها بە ئەمەک و دڵسۆز دەبێت بۆ ئەو زانکۆ و کۆمەڵگەیەی کە ئەندامە تیایدا، لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات ببێتە ئەندامێکی چالاک و بەرهەمهێن لە کۆمەڵگەدا و کار بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی گشتی بکات (حسونة،2014: 17) .

جگە لەوانەش ئامادەیە لە کاری خۆبەخشی و خێرخوازیدا بەشداربێت(الشاعر،2011: 36). دەیەوێت تێبگات لە کێشەکانی کۆمەڵگە و گفتوگۆ دەربارەیان دەکات بەمەبەستی خستنەڕووی پێشنیاز بۆ باشترکردنی دۆخەکە، یان چارەسەرکردنیان (البلوی،2002: 23) .

هاوکات گرنگی بە سیستەم و پاکوخاوێنی گشتی دەدات و پارێزگاری لە سامان و داهاتی گشتی دەکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پەیوەستی دەکات بە داب و نەریت و پێوەدانگ و یاسای ئایینی و ئاکاریەکانی کۆمەڵگەوە (الهذلی،2009: 60) .

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خوێندکارانەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بەرزە کەسانێکن خاوەن تایبەتمەندیی پۆزەتیڤن و دەتوانرێت متمانەیان پێبکرێت و کاریان پێ بسپێردرێت، چونکە کەسانێکن بەسوودی خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە کاردەکەن و لە بیری پێشخستنیاندان .

## پێنجەم : ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەرچەندە پێکهاتەیەکی خودیە و لەسەر ویژدانی کۆمەڵایەتی وەستاوە و لە شێوەی چاودێریکاریکی کۆمەڵایەتییە لەناخی تاکەکاندا، بەڵام لە گەشەسەندیدا دەرئەنجامێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە فێردەکرێت و وەردەگیرێت لە ڕێگای پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە(عمر،2007: 84). کەواتە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە و لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تیایداین وەرگیراوە، کە دامەزراوە پەروەردەیی و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای خێزان و قوتابخانە و پەرستگاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانکۆوە ئەنجامی دەدرێن (عمر،2017: 54) .

لەمەوە دەردەکەوێت پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ و تەواوکەری یەکتر دەگێڕن لە فێربوون و پەرەدان بە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە، لەو کاتەی لە ناو خێزاندا بۆ یەکەمین جار فێری ئەم ڕەفتارە دەبێت و پەرەی پێدەدات پاشان قوتابخانە و زانکۆ دامەزراوەکانی دیکەی دێن و ڕۆڵی گرنگ لەم ڕووەوە دەگێڕن .

لەم توێژینەوەیەد لەنێو ئەو دامەزراوانەدا ئاماژە بە دامەزراوەی زانکۆ دەکرێت، چونکە ئەم توێژینەوەیە لەسەر خوێندکارانی زانکۆیە و زانکۆش یەکێکە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و بەشدارە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ (احمد،2013: 20) . هەروەک چۆن (بارسۆنز) جەخت دەکاتەوە لەوەی زانکۆ هەڵدەستێت بەکاری بنەڕەتی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە کەمتر نییە لە کاری خێزان و قوتابخانە، بەڵکو ئەمانە تەواوکەری یەکترن، ئەم کارانە دەبنە هۆی گەشەی ڕەفتار و کەسێتی لای خوێندکارانی زانکۆ (احمد،2016: 49) .

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە زانکۆ دەتوانێت لە ڕێگای پێکهێنەرەکانیەوە ڕۆڵی هەبێت لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران، هەموو ئەو پێکهێنەرانە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە لەسەر بونیادی کەسێتی خوێندکارانی زانکۆ کاریگەرن، ئەو پێکهێنەرانەش (مامۆستایانی زانکۆ، پرۆگرامی خوێندن، چالاکییەکانی زانکۆ، دەستەی کارگێڕی زانکۆ، کتێبخانەی زانکۆ، خوێندکارانی زانکۆ)ن (رحیم،2007: 19)، وەک لە شێوەی ژمارە (3) دا پیشاندراوە .




وێنەی (3) پێکهێنەرەکانی زانکۆ(توێژەر دروستی کردووە)

لە خوارەوە ئاماژە بە ڕۆڵی هەریەکە لەو پێکهێنەرانە دەکەین لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ :

### 1.دەستەی کارگێڕی

دەستەی کارگێڕیی زانکۆ پێکدێت لە سەرۆکی زانکۆ و جێگرەکانی و ڕاگرەکان و سەرۆک بەشەکان و یەکە زانستی و کارگێڕی و هونەری و پیشەییەکان (رحيم،2007: 76). ئەم دەستەیە هەماهەنگی دەکات لەنێوان پێکهینەرەکانی زانکۆ و ئاڕاستەیان دەکات و پێگە سەرەکییەکانی ڕێکخستن لەناو زانکۆدا دیاری دەکات (حوامد،2008: 73). ئەرکێکی دیکەی دیاریکردنی ئامانجەکانی زانکۆیە، دواتر کەسانی گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە (عطوی،2014: 21). لە هەمانکاتدا هەوڵ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دامەزراوەکە دەکات و کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ڕێگریانە دەکات کە دێنەبەردەم ئەم دامەزراوەیە لە گەیشتن بەئامانجەکانی (الحوراني،2013:11). یەکێک لە ئامانجەکانی زانکۆش دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندکاران و ڕاهێنانیانە لەسەر لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کردنیانە، هەروەها هاوکاریکردن و ئاسانکاری کردنە بۆ مامۆستایان و خوێندکاران لە ئەنجامدانی چالاکی و ڤیستیڤاڵ و پرۆژەکانی زانکۆ، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە یارمەتیدەرن بۆ پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ (العياشي،2017: 266) .

## 2.مامۆستایانی زانکۆ

مامۆستای زانکۆ مەرجێکی بنچینەیی سەرکەوتنی زانکۆن، گەرچی زانکۆ خاوەنی ئامانج و سیاسەت و پلانێکی پەروەردەیی ڕوون بێت و پرۆگرامەکانی پێشکەوتوو بن، هەروەها کەرەستەی ماددی تەواویشی لەبەردەستدا بێت، ناتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتە دی، ئەگەر مامۆستاکانی بەو بەرپرسیارێتییانە هەڵنەسن، کە لەئەستۆیانە (احمد،2013: 7)، کەواتە پەیوەندیی نێوان مامۆستاو و زانکۆ وەک پەیوەندیی نێوان جەستەیە بە عەقڵەوە و کۆڵەکەیەکی بنچینەییە، کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی زانکۆ (احمد،2013: 45) لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی، کە مامۆستایان هەیانە بە خوێندکارەکانەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و کارایان دەبێت لەسەر دروستکردنی کەسێتی خوێندکاران لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە (ابراهیم،بدون سنە:198) یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی لە ئەستۆی مامۆستایانی زانکۆیە، ئاڕاستەکردنی ئاکاری و کۆمەڵایەتی و زانستی خوێندکاران و هاندانیانە بۆ پشت بەخۆ بەستن و زیادبوونی متمانە بەخۆبوون و پەرەپێدانە بەهەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران بەرامبەر خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، ئەمەش لە ڕێگای وانە گوتنەوە یان ئەنجامدانی چالاکی و کۆڕ و سیمینارە (سعیدة،2013: 61 ) .

## 3.پرۆگرامی خوێندن

کۆمەڵێک وانەیە کە دەگوترێتەوە لە دامەزراوە فێرکارییەکان، یان لقەکانی ئەو دامەزراوەیەدا، کە پێویستە ئەو پرۆگرامانە گونجاوبن لەگەڵ پێویستی تاکەکاندا (Sprandel,2019: 180)

دەتوانرێت پرۆگرامەکان بەجۆرێک دابڕێژرێت، کە کاربکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە ئەرک و ماف و بەرپرسیارێتی کۆمەڵاتییان بەرامبەر زانکۆ لەژێر ڕووناکی ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە (تێگەیشتن، گرنگیپێدان، بەشداریکردن)، هەروەها خوێندکاران ڕابهێنرێن لەسەر ڕێزگرتنی ڕێنماییەکان و یاسا و ڕێساکان بەگشتی و یاسا و ڕێساکانی زانکۆ بەتایبەتی، لەگەڵ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە هەندێک ئاکاری نەگەتیڤ کە پێویستە لێیان بەدووربن، وەک پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێساکانی زانکۆ و سەرپێچیکردن لێیان و بەکارهێنانی مۆبایل لە هۆڵەکانی وانە خوێندن و پابەند نەبوون بەکاتی وانەکان و قۆپیەنەکردن لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، سەرەڕای ئەوانەش هۆشیاربکرێنەوە لەسەر چۆنیەتی پاراستنی شوێنە

گشتیەکانی کۆمەڵگە و کەرەستە و شتومەکەکانی زانکۆ و خاوێن ڕاگرتنیان (کیتا،2016: 226) .

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەناو پرۆگرامەکاندا چەمکی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی ڕوون بکرێتەوە لە هەر سێ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەوە بۆ زیاتر هوشیاربوونی خوێندکاران بەو چەمکە، چونکە زانکۆ ماڵی ئەزموونکردنی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتییە و هاوکارە لە پەرەدان بەو ئاکارە (احاندو،2016: 59) لەبەرئەوەی ئامانجی کۆتایی هەر پرۆگرامێکی خوێندن فێربوونی ڕەفتاری چاکە بۆ سوودی کەسەکە و کۆمەڵگە و دەورروبەری کە یەکێکە لە ئامانجەکانی بەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی ( Morris, 2019: 154) دەکرێت پەرەدان بەم ڕەفتارە لە پرۆگرامەکانەوە بە ڕێگای تیۆری بێت وەک خویندنەوە و وانەگوتنەوە، یان بە پراکتیکی بیت لە ڕێگای گوێگرتن و بینین و گفتوگۆکردن و چالاکی لە ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ (عودە،2014: 60) .

جێگای باسە بۆ خوێندنی ئەم ساڵ (2019– 2020) لە زانکۆی سلێمانی بڕیاردرا لە قۆناغی یەکەکاندا پرۆسەیەک جێبەجێ بکرێت بە ناوی (پێواژۆی بۆلۆنیا)، کە کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و دروستکردنی کەسایەتیەکی گونجاو و تەندروستی خوێندکاران، بۆ زانینی زیاتر بەرچاو ڕوونیمان سەبارەت بە(پێواژۆی بۆلۆنیا) چاوپێکەوتنمان لەگەڵ (د. ڕێژین هارون) کردووە، کە ئەندامی لیژنەی باڵای پێواژۆی بۆلۆنیایە لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد لە ساڵی(2015)ەوە بیرۆکەی جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا لە هەرێمی کوردستان گەڵاڵە بووە و لە ساڵی(2016-2017) بڕیاردرا لە زانکۆکانی هەرێم جێبەجێ بکرێت، گوتیشی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020) لەسەرجەم بەشەکانی جێبەجێی کردووە تەنها لە کۆلێژی یاسا نەبێت، لەبەرئەوەی کەیسێکی تایبەتی هەیە، یەکێک لە خاڵەگرنگەکانی لەم پێواژۆیەدا، بەسەنتەرکردنی خوێندکارانە بەجۆرێک لە ڕووی چۆنیەتیەوە ئامادەی دەکات واتە چ جۆرە کۆمەڵناس، یان ئەندازیار، یان پزیشکێکمان دەوێت بۆ کۆمەڵگە، بەمەش دەتوانرێت هێزی کاری پێویست و گونجاو بۆ کۆمەڵگە ئامادە بکرێت و پێویستمان بە دەستی کاری دەرەوە نەبێت، هەربۆیە لەسەرەتادا ستراتیژ و پلانی بەشەکەی بۆ ڕووندەکرێتەوە، کە لە داهاتوودا بە تەواوکردنی ئەو بەشە ئەو دەبێتە چی، هاوکات هۆشیاردەکرێتەوە سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی وەک خوێندکارێک لە زانکۆ، پاشان ئەتەکێتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێکانی لە زانکۆدا فێردەکرێت، لە هەمانکاتدا ئاشنا دەکرێت بە بەشەکانی کۆلێژەکەی و کتێبخانە و چۆنیەتی وەرگرتنی کتێب و ئەو زانیاریانەی پێویستی دەبێت لەماوەی خوێندنکەیەدا،

سەرەڕای ئەوانەش وانەیەکی تیادا بەناوی (کاری ژینگەیی زانکۆیی) کە تیادا پەیوەست دەکرێت بە کولتوور و ژینگەی زانکۆوە و فێردەکرێت چۆن پارێزگاری لە خاوێن ڕاگرتنی زانکۆ و سەوزکردنی بکات، بۆ ئەمەش قۆناغی یەکەکان سەرەتا هەستان بە خاوێنکردنەوەی بەشەکانیان و بەشداربوون لە چاندنی (4-5) هەزار نەمام لە زانکۆ، لەگەڵ ئەوانەشدا فێری فریاگوزرای سەرەتایی دەکرێن تا بتوانن هاوکاری هەر کەسێک بکەن کە لەو ڕووەووە پێویستی بێت .

سەبارەت بە فێربوونی زمانیش هەفتانە (5) کاتژمێر وانەی کوردۆلۆجی و (7) کاتژمێر وانەی ئینگلیزی دەخوێنن، کە مامۆستایانی کۆلێژی زمان سەرپەرستی دەکەن، بۆ سیمستەری دووەم وانەیەکی نوێیان دەبێت بەناوی (professional skills) کە تیایدا فێری سەرکردایەتی کار و کاری بە کۆمەڵ دەکرێن، هەروەها فێردەکرێت چۆن ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنە و کێشانە ببنەوە کە لە کۆمەڵگەدا دێتە ڕێگایان، بە کورتی ئامانجی سەرەکیی لەم پێواژۆیەدا دروستکردنی هاوڵاتیەکی تەندروست و چاکسازە لە کۆمەڵگەدا .

لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دروستکردنی هاوڵایەتییەکی تەندروست و چاکساز و سوودمەندە بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی .

## 4.کتێبخانەی زانکۆ

کتێبخانەی زانکۆ یەکەیەکی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و زانستیە لە زانکۆدا و کاردەکات بۆ کۆمەڵگایەکی دیاری کراو(زانکۆ و کۆلێژەکانی) و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەرانی ئەو زانکۆیە یان کولێژەن (عمیمور،2012: 7)، کتێبخانە بە بڕبڕەی پشتی زانکۆکانی سەردەم دەژمێردرێت و لە هێنانەدی ئامانج و پەیامەکانی زانکۆ بەشدارە، بۆ ئەمەش ڕاستەخۆ سوود لە کتێبخانەکانی زانکۆ وەردەگیرێت کە توانای دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری بۆ ستافەکانی زانکۆ هەیە (الزهراء،2018: 34) . سەرەڕای ئەوانەش مامۆستایانی زانکۆ لە ئامادەکردنی وانەکانیان و بەردەوامیدان بە خوێندنەویان لە بواری پسپۆڕیان سوود لە کتێبخانەکانی زانکۆ وەردەگرن، هەروەها یارمەتی خوێندکارەکانی زانکۆ دەدات بۆ باشتر تێگەشتن لەوانەکان و نووسینی توێژینەوەکانیان(میمونة و مراد،2018: 47)

جا پێدانی ئەم زانیاریانە بە مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ بە ڕێگای کلاسیکی بێت وەک کتێب و بڵاوکراوەکان، یان بە ڕێگایەکی سەردەمیانە و سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان بێت (نصر،2014: 20).

هەردوو ڕێگاکە بەکاردەهێنرێت و سوودی لێوەردەگیرێت بۆ خود ڕوشنبیرکردن و بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ، کە دەچێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود، هەروەها دەکرێت لە ڕێگای ئەو توێژینەوە و کتێب و نوسراوانەی، کە لە کتێبخانەکان هەن سەبارەت بە بەرپرساریێتیی کۆمەڵایەتی، زیاتر هاوکاری خوێندکاران بێت بۆهۆشیاربوونیان سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامەکانی لەئەستۆگرتنی .

## 5.چالاکی زانکۆیی

سەرجەم ئەو چالاکییەکانە دەگرێتەوە، کە زانکۆ ئەنجامی دەدات و لە چالاکییە فکری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشییەکان پێکهاتووە، ئەرکی زانکۆیە چالاکی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەندامەکانی لەلایەک و ڕاستکردنەوەی هزری گەنج لەلایەکی دیکەوە، نەک تەنها لەناو زانکۆ بەڵکو لەدەرەوەی زانکۆش ( حفیظة،2013: 173) .

لەبەرئەوەی چالاکی زانکۆیی ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە دەگێرێت لە بەدەستهێنان و پەرەپێدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران، ئەوەش لە ریگای پێدانی ڕۆڵ بە خوێندکاران لەناو چالاکییەکاندا کە گونجاو بێت لەگەڵ توانا و لێهاتوویی و پێویستییەکانیاندا، سەرەڕای ئەوەش هانیان دەدات بۆ پابەند بوون بە بەها و ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە خوازراوەکانی کۆمەڵگە و پەرەدان بە لێهاتوویی و بەدەستهێنانی ئەزموونی هەمەجۆر و ڕاهێنانیان لەسەر هاوکاریکردن و سەرکردایەتی کردن، کە وایان لێدەکات بتوانن کۆنترۆڵی لایەنی دەروونی و هەست و هەڵچوونەکانیان بکەن، هەروەها ڕایاندەهێنێت لەسەر لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و پابەند بوون بە ڕێسا و یاساکان (الخراشی،2004: 87-88).کەواتە چالاکی زانکۆیی بەشدارە لە دروستکردنی کەسێتیەکی هاوسەنگ و پێگەیشتوو لای خوێندکاران (الشقران،2016: 491). لە هەمانکاتدا پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا بەهێز دەکات و خوێندکاران دەتوانن سوود لە توانا و ئەزموون و ڕەفتاری

بەرپرسانەی مامۆستاکانیان وەربگرن لە چالاکییەکاندا و لێیانەوە فێرببن (الشقران،2016: 493) .

### 6.خوێندکارانی زانکۆ

لە باسی خوێندکارانی زانکۆ ئاماژەیی پێکراوە .

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ گرنگی ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی، ئەوەش لە ڕێگای بوونی پلان و پرۆژە و چالاکیی تایبەت بەو بوارە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە زەمینە سازی بۆ ئەو پرۆژە و چالاکییانە بکرێت و ستافی گونجاوی بۆ ئامادە بکرێت، تا زانکۆ بتوانێت گەنجانی دڵسۆز و بەرهەمهێن بخاتە کۆمەڵگەوە.

## شەشەم : کێشەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

خوێندکارانی زانکۆ وەک گەنجێک ڕووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە دەبنەوە لە ژیانیان بە گشتی و لە زانکۆدا بە تایبەتی، ئەو کێشانە کاریگەری نەگەتیڤ لەسەر ژیانیان دروست دەکەن و لە ڕەفتار و کردەوەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە، لێرەدا ئاماژە بەو کێشانە دەکرێن کە زیاتر لەگەل بابەتی توێژینەوەکە گونجاون و دەبەسرێنەوە بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە، کە ئەمانەن :

### 1. قەیرانی شوناس و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

زانای دەروونناسی ئەڵمانی ئەیرک فروم (Erich Fromm) ئاماژەی بەوەکردووە، قەیرانی شوناس لە گرنگترین ئەو کێشانەیە، کە ڕووبەڕووی گەنجان دەبێتەوە، لەم دۆخەدا گەنجان خۆیان ناناسن و نازانن کێن؟ ناوی دەبات بە (پەشێوی ناسنامە، یان قەیرانی ناسنامە) لەم قۆناغەدا بە دوای شوناسی تایبەت بە خۆیاندا دەگەڕێن (رشید،2012: 24) چەندین پرسیاریان هەیە، من کێم؟ بەرەوکوێ دەچم؟ چیم دەوێت؟ چ ڕۆڵێکم هەیە ؟ و چ ڕۆڵێک گونجاوە بۆم لە ژیان؟ (سالم،2017: 679) .ئەمەش وایان لێدەکات لە نێو ململانێیەکدا بژین کە کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیاندا هەبێت، ململانێیەکیان خودیە، کە

گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، ململانێیەکیان کۆمەڵایەتییە، سەرچاوەکەی ئەو ڕۆڵ و ئەرک و پێشبینیانەیە کە کۆمەڵگە لێیان چاوەڕێ دەکات (الداغستانی،2015: 1) .

لەم بارەدا، ناسنامە دوو مانا لەخۆدەگرێت، ناسنامەی من (الانا) و ناسنامەی خودی من (الذات) یەکەمیان، ناسنامەی کۆمەڵایەتییە، دووەمیش ئەو ناسنامەیە، کە من بۆخۆم دەمەوێت (میران،2017: 70). لەم دۆخەدا گەنج لەنێوان دوو هێزدایە هەریەکێکیان بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت و وای لێدەکات هەست بە گیرۆدەییەکی گەورە و نیگەرانیەکی قووڵ بکات، هێزێکی کۆمەڵایەتی لە دەرەوە گوشاری بۆ دێنێ تا تەسلیمی ئیرادەی ئەو بێت، هەروەها هێزێکی غەریزیش لەناوەوە زۆری بۆ دێنێ کە دەیەوێت ژیان بەو شێوەیە پراکتیزە بکات کەخۆی دەیخوازێت، نەک بەو جۆرەی کە دەورووبەر دەیسەپێنێت، ئیدی گەنج لەم گێژاوەدا کائینێکی نیگەرانە، نازانێت داخۆ خۆی بەو شێوەیە بگۆڕێت، کە واقع دەیخوازێت، یان بەپێچەوانەوە واقع بەو شێوەیە بگۆڕێت، کە خۆی دەیخوازێت ؟! (سەعید،2004: 27) .

لەم بارەیەوە دوو تێڕوانینی جیاواز هەن، یەکێکیان وەک ئەوەی لە فیکری هاوچەرخدا ئەنترۆپۆلۆجیستی فەرەنسی (لیڤی شتراوس) جەخت لەسەر ئەولەویەتی (واقعی کۆمەڵایەتی) کردۆتوە، کاتێک لە دەرەوە بەشێوەیەکی میکانیکی و سارد و سڕ دەڕوانێتە کۆمەڵگە و ئەو یاسا فیزیکییانەی جڵەوی دەکەن، بەڵام مەترسی ئەم تێزە لەوەدایە (ئیرادەی فەردی تاکەکەس دەسڕێتەوە، وەک ئەوەی تاکەکان تەنها ئامێری بەشتبوون بن)، لە بەرامبەردا فەیلەسوفی فەرەنسی (ژان پۆڵ سارتەر ) تەعبیر لە ئەولەویەتی (خود) دەکات بەرامبەر ستراکتوری کۆمەڵایەتی، کاتێک پێیوایە مرۆڤەکان بەردەوام لە ڕێگای مومارەسەی کردارییەوە جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیان دروست دەکەن و ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکدەخەن، ئەگەر باس لە پێگەی گەنج بکەین لەنێوان ئەو دوو هێزەی (بابەتی) و (خودگەرایی)، ئەوا دەکرێ بڵێین گەنج بەسروشت زیاتر لە ژێر کاریگەریی خودگەریدایە، چونکە خۆی وا دەبینێت، کە بوونەوەرێکی سەنتراڵە و خاوەنی زۆرترین خەون و پلانە و دەیەوێت گۆڕانکاری لە یاسا کۆمەڵایەتی و دروستکراوەکانی کۆمەڵگەدا بکات، ئەمەش شوناسێکی تایبەت بە گەنج دەدات و جیای دەکاتەوە لە کەسە بەتەمەنەکان (سەعید،2004: 28) .

هاوکات فەیلەسوف و دەروونناسی ئەڵمانی (ئیدوارد ئیشپرانگێز) هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە گەنج دەیەوێت ئازاد بێت و بەو شێوازە ڕەفتار بکات کە خۆی دەیخوازێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بیر و هزرەی گەنجدا کاردانەوەی ئەخلاقی و بۆچوونی سەیر و سەمەرە سەبارەت بەوان لەکۆمەڵگەدا دروست دەبێت (شیڤەرس،2008: 115). بەجۆرێک زۆرجار

ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەفتار و بیر و هزرەکانی گەنج نامۆ دەرکەون و وەک ناشرینیەک تەماشا بکرێن و لۆمەبکرێن و پەسەندکراو نەبن ،کە دروست ئەوەیە گەورەکان هەوڵبدەن لێیان تێبگەن و بزانن مەبەست و داواکاریان چییە نەک لۆمە و سەرزەنشت بکرێن .

ئەگەر سەیری دۆخی گەنجانی کوردیش بکەین، دەبینین بێبەش نین لەم کێشەیە، چونکە لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا گەنج بێ شووناسە و ونبووە و بواری نادرێت خۆی بناسێنێت و لە زمانی خۆیەوە باسی کێشەکانی بکات، یان ئیرادەی سەلماندنی خود و ناسینی شوناشی خۆی نییە، هەربۆیە شوناسێکی پێدراوە، کە شوناسی خۆی نییە، ئەرکێکی پێسپێردراوە، ئەرکی ئەو نییە (سدیق،2007: 100) . لەو کاتەدا لە جیاتی گەڕان بەدوای ناسنامەی گەنجایەتی و دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی و مومارەسەکردنی مافەکانی وەک گەنجێک ئەوا نامۆیی بەرۆکی دەگرێت و نایەڵێت لە جەوهەری گەنجایەتی بژی و هەموو قۆناغەکانی گەشەی کەسایەتی تێکەڵ بەیەکتری دەکات، ئەوکاتە کەسێکی مشەخۆر دەبێت و لە بەرپرسیارێتی ڕادەکات (حەمەد،2015: 25) .

خوێندکارانی زانکۆش وەک گەنج ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بوونەتەوە و بەخۆیان نامۆن و کۆمەڵگەکەیان وا هەست دەکەن، گرنگی و قورساییان لە ژیاندا نییە، پێیان وایە هەموو دنیا بە ئەوان نامۆیە و لێی دوورن (حفیظة،2013: 195). لە مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی نامۆبوونیش لاوازی و کەموکورتیە لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چونکە نامۆ دەبن بەرامبەر خۆیان و واقع و کۆمەڵگەکەیان (زهران،1984: 231) .

هەروەها ژیان بێ مانا دەبینن و ئامانجی ڕوونیان بۆ ژیان نابێت و هەست بە دوورەپەرێزی و بێزاری دەکەن لەو کۆمەڵگەیەی تیایدان، ئەمەش دەیانبات بەرەو گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە تەنهای و لاوازبوونی ئینتما و لاوازی متمانە بە خۆبوونیان، لەم دۆخەدا خوێندکاران هەستی بەرپرسیارێتیان لاواز و کەموکورت دەبێت (نعیم،2017: 103) .

## 3. کێشەی لاوازی ئینتما و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

لاوازی ئینتما کێشەیەکی دیکەی خوێندکارانی زانکۆیە، چونکە کاتێک هەست دەکەن پشتگوێ خراون و گرنگیان پێنادرێت، هەروەها مافەکانیان بەدەست ناهێنن و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم ناکرێن، جا ئەو هەستەی ڕاستی بێت یان خۆیان دروستیان کردبێت، ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە لاوازبوونی ئینتمایان (العیسوی،2004: 14). لە کاتێکدا

لاوازبوونی ئینتما دۆخێکی نەرێنی و بێباکی لای گەنجان دروست دەکات و بەرەو و لاوازی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەیانبات (عباس،2016: 147).لەبەرئەوەی ئینتما بەهایەکی جەوهەرییە و جوڵێنەر و هاندەری بەرپرسیارێتییە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوانیاندا هەیە (ربیعة،2017: 24) .

لە کاتێکدا مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگە و هەردامەزراوەیەکدا بێت، یان لە هەر بارودۆخێکدا بێت هەستی بەوەکرد پشتگوێخراوە و پێداویستی و مافەکانی بۆ فەراهەم ناکرێن، ئەوا خۆشەویستی و ئینتمای بۆ ئەو کۆمەڵگە و دامەزراوە لاواز دەبێت و دەبێتە فاکتەرێک بۆ لاوازی هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەریان و پشتگوێخستن و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانیان .

## 3.دڵەڕاوکێی ئاینده و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

دڵەڕاوکێی ئایندە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە گەنج پێیەوە سەرقاڵە، بێگومان گەنج لەم سەردەمەدا لە دۆخێکدا دەژی، کە ڕووداوەکان بە خێرایی و چاوەڕواننەکراوی ڕوودەدەن و ململانێیەکی زۆر لە ژیاندا هەیە، هەموو ئەو هۆکارانە وا دەکەن، گەنج هەست بە مەترسی و هەڕەشە لەسەر داهاتووی خۆی بکات (الغامدی،2013: 40) .چونکە گەنج بەردەوام و بە وریاییەوە دەڕوانێتە ئایندە و چۆنیەتی بونیادنانی پاشەڕۆژی و بەردەوام بۆیە لە دڵەڕاوکێدایە، ئەگەر لە دیوی یەکەمیدا کەسێکی بێباک و کەمتەرخەم بێت لە ئاست کێشەکانیدا و سەرگەرمی ڕابواردن و دەرخستنی چێژەکانی بێت، ئەوا بەدیوەکەی تردا کەسێکی خاوەن ئیلتیزام و هۆشیارە و لە دڵەڕاوکێدایە بۆ چۆنیەتی دابینکردنی دواڕۆژی (شاوەیس،2006 : 28) ، چونکە گەنج چەندین ئامانج و هیوا و داخوازی لە ژیان هەیە و دەیەوێت بەدەستی بهێنێت (المومنی واخر،2013: 173) .

ئەم دڵەڕاوکێیە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لە داهاتوودا نەتوانێت خێزان دروست بکات و ببێتە خاوەن کار و پیشەیەکی خۆی (صالح واخرون،2018: 36). بۆ نموونە ئەگەر درکی بەوەکرد تەواوکردنی خوێندنەکەی نابێتە هۆکارێک بۆ دەستکەوتنی کار و پیشەیەک، ئەوا کاریگەریی لەسەر بەرپرسیاربوونی بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندنی دەبێت و بەرەو لاوازی دەبیات .

وەک ڕوونە یەکێک لە ئامانجە دیارەکانی خوێندکاری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستەکەوتنی کار و پیشەیە لە داهاتوودا، ئەوەی لەبەرچاوی خوێندکاردا پلەیەکی بەرز

دەداتە دامەزراوەیەک بەناوی زانکۆ، ئەوە نییە، کە دەزگایەکی مەعریفییە، بەڵکو پەیوەندیداربوونی زانکۆیە بەدەستکەوتنی پیشەوە لە ئایندەدا، ئەم خاڵەش زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت، کاتێک لە بەشێکی زانکۆدا وەردەگیرێت، یەکەم پرسیار کە بەبیریدا دێت ئەوەیە ئاخۆ ئەم بەشە لە داهاتوودا هەلی کاری هەیە؟" هەڵبەت مەبەستەکە لەوەدا نییە سەرەکۆنەی ئەم ئامانجە بکرێت و بگوترێت خوێندکار بۆچی بۆ کار هەوڵ دەدات و مەیلی فێربوون و بیرکردنەوەی نییە، بەڵکو ئەوە واقعە ئەو دۆخەی بەسەردا سەپاندووە (عوسمان،2017: 22) ئەگەر زانی بەشەکەی هۆکارێک نابێت بۆ دەستکەوتنی کار و پیشەیەک، ئەوا تەنها دەیەوێت بڕوانامەیەک بەدەستبهێنێت و زانکۆ وەک قۆناغێکی خوێندن بەڕێدەکات، لە کاتێکدا گرنگە مەبەستەکانیان تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانەمەیەکدا کۆتا خاڵ نەبێت، بەڵکو لەپێناو بەدەستهێنانی بەرهەم و دەستکەوتی زانستی نوێدا برەو بە تواناکانیان بدەن، چونکە کۆمەڵگە پشت بەو کەسانە نابەستێت و متمانەی پێیان نابێت، کە تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانامە دەڕواننە زانکۆ و خوێندن (محمود: 2001: 109) .

## 4. ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی خوێندنی زانکۆیدا و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

یەکێک لەو کێشانەی، کە خوێندکارانی زانکۆ ڕووبەڕوویان دەبنەوە، وەرگرتنیانە لە بەشێک کە ناگونجێت لەگەڵ توانا و لێهاتوویەکانیاندا و یەکناگرێتەوە لەگەڵ هیوا و خەونەکانیان، هیچ پەیوەندیەکی نییە بەکێشە و مەبەستەکانیانەوە، یان هاوکاریان نابێت لە تێگەشتن لەواقع و سەرکەوتنیان لە ژیان، بەڵکو لەسەر بنەمای نمرەکانیان پابەندیان دەکەن بە خوێندنی وانەکانی بەشێکەوە، کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ویست و ئامانجەکانیان و مافی هەڵبژاردنیان پێنادرێت لەو پسپۆڕیەی کە لەگەڵ حەز و خولیاکانیان یەکدەگرێتەوە، بەمەش هەست  بە دۆڕان و نائومێدی و ئازاد نەبوونیان دەکەن (غباری،2011: 132-133) . لەکاتێکدا یەکێک لە مەرجەکانی جێبەجێبوونی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بوونی ئازادییە، ئازادی لە بیرکردنەوە و بیر و باوەڕ و هەڵسوکەوت و هەڵبژاردن (الغازی،2000: 31) . چەندین ساڵ پێش ئێستا باس لە ئازادی ئەکادیمی و هەڵبژادنی ئازادانەی وانەکان کراوە لە زانکۆکانی جیهاندا، بۆ یەکەمین جار ئازادی ئەکادیمی لە زانکۆی (لیدن) لە (هۆڵەندا) ساڵی (1557) باسکراوە، دوای ئەویش چۆتە زانکۆکانی ئەڵمانیا لە(بەرلین) ساڵی(1811) بەسەرۆکایەتی فەیلەسوفی ئەڵمانی (فیختە) کە باسی لە ئازادی ئەکادیمی فێرکردن و فێربوون کردووە، پاشان چۆتە زانکۆکانی ئەمریکا (عباس،2017: 156). لە زانکۆکانی

ئەمریکاش بە سەرۆکایەتی (جۆرج تکنر )(Georg Ticknir ) بووە و ئاماژەی کردووە بە پێویستی ئازادبوونی خوێندکاران لە هەڵبژاردنی وانەکانیان، دوای ئەویش سەرۆک (تۆماس جفرسون، سییەم سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان) (Thomas Jefferson) لە زانکۆی (فرجینیا)، لەگەڵ ئەوە بووە کە ئازادی تەواو بدرێت بە خوێندکاران لە هەڵبژاردنی وانەکان تا ئەو وانانە هەڵبژێرن، کە دەیانگەیەنێتە ئامانجەکانیان و ئەو پۆستەی دەیانەوێت لە داهاتوودا پێیبگەن، بۆ یەکەم جار جێبەجێکردنی ئەم فکرەیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بووە لە زانکۆی براون (Brown University) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (الصاوی،1991: 73) .

وەک دەبینین تا ئەم سەردەمەش خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا ئازاد نین لە هەڵبژاردنی خوێندنی زانکۆیی و لەسەر بنەمای نمرەکانیان لە زانکۆ وەردەگیرێن و ئەمەش کاریگەریی نەگەتیڤ دەکاتە سەر پێورەکانی ئەرک و ماف لای خوێندکارانی زانکۆ و هەستی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر وانەکانیان و خوێندن و خۆشەویستیان بۆ ئەو بەشەی لێی وەرگیراون، هەروەها توشی دڵساردیان لە ڕۆڵدا دەکات .

لەکاتێکدا دڵساردی لە ڕۆڵدا واتە تاک ڕۆڵێکی جیا لە هەست و حەزەکانی بەڕێوە دەبات و ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت، کە بایەخێکی ئەوتوی بۆی نیە، بەڵام خۆی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی دەکات تەنها بەهۆی پێویستیەوە کە دەبێت ڕۆڵێکی ئاوا بگێڕێت، لەم بارەدا بیر لە پێشکەوتنی لە کار و ڕۆڵەکەی ناکاتەوە و تەنها بەڕێی دەکات (کۆهین،2014: 114) .

## 5. کەمی پاڵنەری بەدەستهێنانی ئەکادیمی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بوونی پاڵنەری بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای خوێندکاران یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەکادیمی، بەڵام نەبوونی ئەو پاڵنەرە ئاستی گرنگی خوێندن لای خوێندکاران و چالاکییە عەقلی و دەروونی و زانستیەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندنیان دادەبەزێنێت، وایان لێدەکات، کە بێباک بن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان و گرنگی بە وانەکانی خوێندنیان نەدەن و پابەندنەبن بەو ڕێنمایانەی لەلایەن مامۆستاکانیانەوە پێیان دەدرێت (الصالح و اخرون،2018: 239) . لەکاتێکدا بێباکی و پابەند نەبوون بە ئەرکەکانەوە دوانن لە ڕووکارەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، ئەمەش وا لە خوێندکاران دەکات تەنها بۆ دەرچوون بخوێنن و پشت بە لەبەرکردنی وانەکان ببەستن بێ

تێگەشتن لێیان، هاوکات نرخ و بەهای خوێندنیان لا کەم و بێبایەخ دەبێت ( حفیظة،2013: 197) .

هەموو ئەوانە هۆکار دەبن بۆ کەم و کورتی لە بەرپرسیارێتییان بەرامبەر خوێندنەکەیان و لاوازی لە ڕێکخستنی کات و گرنگینەدان بە خوێندن و کەمی دەستکەوتی زانستی و ئەکادیمی لە بوارەکەیاندا (الصالح و اخرون،2018: 242) .

## 6.کێشەی کاتی بەتاڵ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو لەم سەردەمەدا گرنگی زۆری پێدەدرێت بەتایبەت لای گەنجان، چۆنیەتی بەسەربەردنی ئەو کاتانەش پەیوەندیی تەواوی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی کەسەکەوە هەیە (حلس،2010: 7). کاتێک گەنجان هۆشیار بن بەرامبەر گرنگی خۆیان وگرنگی ئەو دەستکەوتانەی لە ژیاندا بە دەستیان دەهێنن، بێگومان هەمیشە لە بیری ئەوەدا دەبن کاتەکانیان لە برەودان بە لێهاتووی و ئەزموونی پەروەردەیی و زانستی بەسەربەرن و سەرقاڵ بن بە خولیا بەسوودەکانیان و توانای تازەگەری و داهێنانیان پەرەپێبدەن، هەموو ئەوانەش بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پیشان دەدەن (الحلبی و خضر،2010: 243) .

لەم سەردەمەشدا بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوون و کاریگەرییەکانی تەکنەلۆجیا، خوێندکاران دەبێت هۆشیارانەتر هەڵسوکەوت بکەن و ئاگاداربن لە چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانیان، چونکە دەبینرێت زۆرێک لە گەنجان و خوێندکارانی زانکۆکان کاتێکی زۆر بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەسەر دەبەن و ئەم دیاردەیەش لە نێو زانکۆی سلێمانی دەبینێرێت بەجۆرێک، ژمارەیەکەی زۆر لە خوێندکاران لە کاتی پشووەکاندا سەرقاڵن بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەمتر گفتوگۆ لەسەر بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکان دەکەن و زانیاریان لەسەر کۆدەکەنەوە .

## حەوتەم: ئەرک و مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

خوێندکار کاتێک دەچێتە زانکۆ چەندین ئەرک دەکەوێتە ئەستۆی، کە لەسەر شانیەتی جێبەجێیان بکات، لە کاتێکدا لە قۆناغەکانی خوێندنی پێشووتر ئەو ئەرکانەی نەبووە، لە

بەرامبەریشدا چەندین مافی هەیە لە ئەستۆی زانکۆیە بۆیان فەراهەم بکات، تا خوێندکار بتوانێت خوێندنەکەی بەسەرکەتووی تەواو بکات، لێرەدا ئاماژە بەو ماف و ئەرکانە دەکرێن :

**یەکەم :ئەرکەکانی خوێندکارانی زانکۆ :**

ئەرکەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە مانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە :

ـ پابەندن بوون بە پێدانی زانیاری ڕاست و دروستی کەسی بە زانکۆ و ئاگاردارکردنەوەیان لە هەر گۆڕانکاریەک کە ڕوودەدات لەو زانیاریانە .

ـ پابەندبوون بە ڕێسا و یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ، یان کۆلێژەکان .

ـ نەزڕاندنی ناوبانگی زانکۆ یان کۆلێژەکان بە کردار، یان گوفتار لە زانکۆ، یان دەرەوەی زانکۆ .

ـ ڕێزگرتنی دەستەی کارگێڕی و وانەبێژی و فەرمانبەران و خوێندکاران وهاوکاریکردنیان

ـ دەستپێشخەری لە خستنەڕووی هزری نوێ و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر سەبارەت بەو هزرە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، کە لە توانایاندا بێت .

ـ پاراستنی ئامڕازەکانی خوێندن و شتومەکەکانی زانکۆ و کۆلێژەکان (محمود،1994: 49) .

ـ پابەندبوون بە ئەرک و بابەتە داوالێکراوەکانی خوێندن و جێبەجێکردنیان و ئامادەبوون لە وانەکاندا .

ـ قۆپیە نەکردن، یان هاوکاری نەکردنی هاوڕێکانی بۆ قۆپیەکردن .

ـ پابەندبوون بەمیتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی و پاراستنی ئەمانەتی پیشەیی لەو توێژینەوانەی بەشداری تیادا دەکات .

ـ پابەندبوون بەهەر سزایەک، کە بۆی دادەنرێت لەکاتی لادان لە ڕێنماییەکانی زانکۆ .

ـ پاراستنی پاک وخاوێنی زانکۆ بەگشتی .

ـ بەکارهێنانی ئینتەرنێتی زانکۆ بۆ توێژینەوە و بابەتی زانستی و نەچوونە ناو پێگە ناتەندروستەکانەوە .

ـ نەخواردن و نەخواردنەوە لە هۆڵی وانە گوتنەوە، یان تاقیگە و کتێبخانەی زانکۆ، بەکارنەهێنانی مۆبایل لە هۆڵەکانی وانە گوتنەوەدا (سلامة،2015: 10) .

**دووەم : مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ**

مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە مانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە :

ـ وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشەکانی زانکۆ بەویستی خۆیان بەمەرجێک بگونجێت لەگەڵ یاساکانی وەرگرتنی خوێندکاراندا .

ـ باجی زانکۆ بدرێتە خوێندکاران، تا بتوانن سوود لە خزمەتگوزاریەکانی زانکۆ وەربگرن و تیایدا ئاماژە بەڕێنمایی و بڕیار و یاساکانی زانکۆ بدرێت لەپێناو ئاشناکردنیان بەو زانیاریانە

ـ خوێندکاران بتوانن لەگەڵ مامۆستاکانیان گفتوگۆی زانستی و مەعریفی بکەن .

ـ دەستەی وانەبێژی پابەندبن بە کاتی وانەکان و کاتی کتێبخانە و پشوودانی نێوان وانەکان و فەرامۆش نەکردنی وانەکان یان نەگۆڕینی کاتەکانی تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت .

ـ وەڵامی نموونەیی پرسیاری تاقیکردنەوەی وەرزەکانیان پێبدرێت .

ـ ئەو وانانەی خوێندویانە بۆ تاقیکردنەوەکان ئەرکە لەسەر شانیان پێیان بدرێت .

ـ پاراستنی زانیاری تایبەت و نهێنی کەسی خوێندکاران .

ـ ئەو ڕێنمایانەی تایبەتن بە سەرپێچیەکانی خوێندکاران پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت بڵاوبکرێنەوە و ڕێگا بدرێت بە خوێندکاران وتووێژ و گفتوگۆ دەربارەی بکەن و پاشان بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت بەمەرجێک گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی زانکۆ .

ـ ئازادی پێدانیان بۆ گفتوگۆکردنی ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەی تایبەت بە خوێندکاران، لە سنوری ڕەفتاری بنیادنەر و گونجاو لەگەڵ سیستەم و ڕێنماییەکانی زانکۆ .

ـ بە ڕێنمای و یاساکانی زانکۆ ئاشنایان بکەن، بە پێدانی کۆپیەکی لاپەڕەیی یان (C.D) سەبارەت بە ئەرک و مافەکانیان، یان دانانی لە وێب سایتی ئەلەکترۆنی زانکۆ .

ـ بەڵگەنامەی دەرچوون بە خوێندکاران بدرێت، دوای تەواوکردنی زانکۆ بەپێی ڕێنمایی .

ـ ئاسایشی جەستەیی و دەروونی پارێزراو بێت لە زانکۆدا (سلامة،2015: 8-9) .

ـ بنکەی تەندروستی لە زانکۆکاندا هەبێت و کاری پشکنین و چارەسەرکردنی تیادا ئەنجامبدرێت، ئەگەر خوێندکارەکە چارەسەری زیاتری پێویست بوو ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سەر بە زانکۆکە بکرێت .

ـ ڕێگەی پێبدرێت بەشداربێت لە چالاکیەکانی زانکۆ بەپێی توانا .

ـ خوێندکاران بتوانن سوود لە خزمەتگوزرایەکانی زانکۆ وەربگرن، وەک بەشە ناوخۆییەکان و کتێبخانەی ناوەند و بنکەی ڕێنماییە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی زانکۆ و یاریگا و چالاکی خوێندکاری و زانستیی و چێشتخانە و پارکی ڕاگرتنی ئۆتومۆبێل...... هتد

ـ هاندەر و خەڵاتی ماددی و مەعنەوی بۆ خوێندکاران هەبێت وەک هاندانێک بۆ زیاتر سەرکەوتنیان .
ـ ئەو خوێندکارانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، هاوکاری بکرێن بە پێی توانای زانکۆ .
ـ هەلیان بۆ بڕەخسێت، تا بەشدار بن لە خولی ڕاهێنان و گەشت و چالاکی و کاری خۆبەخشی بەجۆرێک زیان بە ئەرکی ئەکادیمیان نەگەیەنێت .
ـ بەشی ناوخۆیی و سەرجەم پێداویستیکانیان بۆ دابینبکریت و ڕێنمایەکانی بەشە ناوخۆییەکانیان پێبدرێت .
ـ زانکۆ ژینگەی گونجاوی خوێندن بۆ خوێندکارانی زانکۆ بڕەخسێنێت .
ـ توانا هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیریەکانی خوێندکاران پەرەپێبدرێت و کار بۆ بەرزکرنەوەی ئاستیان بکرێت (محمود،1994: 27) .

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پەیوەندیەکی تەواوی هەیە بە ماف و ئەرکەوە، بە فەراهەمکردنی پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانەوە، ناتوانرێت ئاستی بەرپرسیاربوونی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە بزانرێت، ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و چارەسەری کێشەکانیان تەنها پشت بە خۆیان ببەستن، ئەو کۆمەڵگەی تیایدان مافەکانیان بۆ فەراهەم نەکات، چونکە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکارییە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەکەیاندا (محمود،2008: 79) زۆرجار لەم ڕووەوە گوێبیستی لۆمەکردنی گەنجان و خوێندکاران دەبینەو،ە کە بەرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان لاوازە و پابەندنابن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیانەوە، بەڵام گرنگە ئەو ڕاستیە قبوڵ بکرێت، کاتێک گەنجان مافەکانیان بۆ فەراهەم ناکرێت و گوێبیستی داخوازیەکانیان نابین ئەمە دەبێتە یەکێک لە پاڵنەرەکانی لاوازبوونی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بەرامبەر کۆمەڵگەکەیان و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانیان (غرایبة،2009: 180) .

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستەیەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تەواو پەیوەستە بەئەرک و مافەوە، لە هەر پێگەیەکدا بەرپرسیارێتی هەبێت، پێویستە مافیش بەرامبەر ئەو بەرپرساریێتیە هەبێت، کاتێک خوێندکاران لە زانکۆدا دەخوێنن و لە پێگەی خوێندکاریدان وەک خوێندکارێکی زانکۆ بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر بە خۆیان و زانکۆکەیان، ئەو بەرپرسیارێتیانەش لە سنوری ڕێنماییەکانی زانکۆدا بۆیان دیاریکراوە و لەسەر شانیانە پێیانەوە پابەندبن، بەڵام لە بەرامبەردا ئەرکی زانکۆیە مافەکانیان بۆ فەراهەم بکات و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات .

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوە

# بەشی سێیەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی

### باسی یەکەم : چوارچێوە میتۆدیەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

سێیەم : نموونەی توێژینەوەکە

چوارەم : سنورەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم : ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

دووەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

# بەشی سێیەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی

### باسی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە هەموو ئەو ڕێگا و ڕێبازانە دەگرێتەوە، کە پێویستن بۆ خستنەڕوو و چۆنیەتی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی جۆر و میتۆد و کۆمەڵگە و نموونە و قەبارە و بوارەکانی توێژینەوە و کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان و ئەو یاسانەش کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون .

### یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە (Research Methods)

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگە بابەتیانەیە، کە توێژەر دەیگرێتە بەر لە لێکۆڵینەوەی دیاردەیەک، یان گرفتێک، یان بابەتێکی دیاریکراو، بە ئامانجی دیاریکردن و شیکردنەوەی دیاردە یان بابەتەکە (امین،2015: 65)، ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرێتییەوە توێژینەوەیەکی (فرەمیتۆدە) کە بریتییە لە تێکهەڵاوکردنی میتۆدی چەندێتی و چۆنیەتی بۆ وەڵامدانەوەی پرسێک یان زیاتر لە پرسێک لە یەک توێژینەوەدا (Hesse-Biber,2010:3) یان بریتییە لە تێکەڵاوکردنی زیاتر لە میتۆدێک، یان بەکارهێنانی زیاتر لە کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە یەک توێژینەوەدا (محمد،2019: 139) .

جۆری میتۆدی تێکەڵاوی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە میتۆدی (تێکهەڵکێشراو) ( Mix Methods )، لەم جۆرەدا هەردوو میتۆدی (چەندێتی) و (چۆنیەتی) پێکەوە جێبەجێ دەکرێن، لەم توێژینەوەیدا میتۆدی بنەڕەتی بریتیە لە (چەندێتی) و میتۆدی تەواوکارەکەشی بریتی لە (چۆنیەتی) .

بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە چەندێتییەکان میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ( Social Survey Method) بەکارهاتووە، کە بریتیە لە کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیاریە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەدەستهاتووە لە ڕێگای فۆڕمێکی ڕێکخراو بە مەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر کۆمەڵێک لە لێتوێژراو، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکەن (الجوهری

والخريجی،2008: 126)، لەکاتێکدا بۆ کردنەوەی زانیارییە چۆنیەتییەکان میتۆدی (شیکاری تەوەرەیی ) (Thematice Analysis ) بەکار هاتووە، کە یەکێکە لە میتۆدەکانی توێژینەوەی چۆنیەتی، بەکاردەهێنرێت بۆ پۆلێنکردن و دروستکردنی تەوەری تایبەت بەو داتا و زانیاریانەی لە توێژینەوەکەدا کۆکراونەتەوە، بۆ خستنەڕوو و شیکارکرنیان بەوردی . (Boyatzis، 1998: 27)

### دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ( Research Population)

کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکە، دەکرێت (دانیشتوان، ڕێکخراو،دامەزراوە،یان تاک) بێت ( Walliman,2011:94) کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆسی کۆلێژە (مرۆیی و زانستیەکان)ی زانکۆی سلێمانی لە کەمپی نوێ خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی(2019-2020) دەگرێتەوە .

### سێیەم : نموونەی توێژینەوەکە (Research Sample)

سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (یەک و چوار) ی کۆلێژە زانستی و مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی (2019 – 2020) وەرگیراوە، کە ژمارەیان(6108) خوێندکارن، لە بانکی زانیاری زانکۆی سلێمانی ژمارەکەیان وەرگیراوە، وەک لە پاشکۆی (1) خراوەتەڕوو، (کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان) و (کۆلێژی یاسا ) وەک دوو کۆلێژی مرۆیی، (کۆلێژی ئەندازیاری) و (کۆلێژی زانست ) وەک دوو کۆلێژی زانستی وەرگیراون، کە قۆناغی یەک (2845) خوێندکارن، قۆناغی چوار(3263) خوێندکارن، قۆناغی یەکی مرۆیی(2089) خوێندکارن، قۆناغی یەکی زانستی(756) خوێندکارن، قۆناغی چواری مرۆیی(2441) خوێندکارن، قۆناغی چواری زانستی (822 ) خوێندکارن، لەبەر زۆری ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە تەنها (7%) ژمارەکە وەرگیراوە کە دەکاتە (428)خوێندکار، پاشان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی نێوان بەشەکان و قۆناغ و پسپۆڕییەکان، بەڕێژەی (7%) وەرگیراون، بۆ قۆناغی یەک (200) خوێندکار و بۆ قۆناغی چوار(228) خوێندکار، قۆناغی یەکی مرۆیی(146) خوێندکار و قۆناغی یەکی زانستی (53) خوێندکار، قۆناغی چواری مرۆیی(171) خوێندکار و قۆناغی چواری زانستی (58) خوێندکار، کەواتە نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی (هەڕەمەکیی چینایەتیی ڕێژەیی) ( Proportional Stratified

(Random Sampling) وەرگیراوە، وەک لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو، بەڵام وەرگرتنی نموونەی خوێندکارەکان لە ناو بەشەکاندا بەشێوەی (هەڕەمەکیی سادە) (Random Sample) هەڵبژێردراون. وەک لە خشتەی (2) خراوەتەڕوو، لە کاتێکدا نموونەی چاوپێکەوتنەکان (بە شێوەی مەبەستدار)(Purposive Sample) وەرگیراون، کە ژمارەیان (10) ستافە و بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەیان لەگەڵ خوێندکاراندا هەیە .

خشتەی (1)

نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی 7%

| خوێندکاران | ژ. خوێندکاران | ڕێژە 7% |
|---|---|---|
| قۆناغی یەک | 2845 | 200 |
| قۆناغی چوار | 3263 | 228 |
| قۆناغی یەکی مرۆیی | 2089 | 146 |
| قۆناغی یەکی زانستی | 756 | 53 |
| قۆناغی چواری مرۆیی | 2441 | 171 |
| قۆناغی چوار زانستی | 822 | 58 |
| کۆی گشتی | 6108 | 428 |

خشتەی (2)

ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی بەشەکان

| کۆلێژ | بەش | قۆناغ | | | | کۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەک | ڕێژە | چوار | ڕێژە | | |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | مێژوو | 12 | %2.80 | 21 | %4.90 | 33 | 317 |
| | شوێنەوار | 14 | %3.27 | 19 | %4.43 | 33 | |
| | کار | 17 | %3.97 | 28 | %6.54 | 45 | |
| | کۆمەڵناسی | 19 | %4.43 | 27 | %6.30 | 46 | |
| | جوگرافیا | 12 | %2.80 | 25 | %5.84 | 37 | |
| | ڕاگەیاندن | 18 | %4.20 | 12 | %2.80 | 30 | |
| | فەلسەفە | 17 | %3.97 | - | | 17 | |
| یاسا | یاسا | 37 | %8.64 | 39 | %9.11 | 76 | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەندازیاری | سەرچاوەکانی ئاو | 8 | %1.86 | 10 | %2.33 | 18 | 111 |
| | شارستانی | 4 | %0.93 | 6 | %1.40 | 10 | |
| | تەلارسازی | 5 | %1.16 | 7 | %1.63 | 12 | |
| | کارەبا | 7 | %1.63 | 8 | %1.86 | 15 | |
| زانست | کیمیا | 6 | %1.40 | 9 | %2.10 | 15 | |
| | کۆمپیوتەر | 8 | %1.86 | 7 | %1.86 | 15 | |
| | جیۆلۆجی | 9 | %2.10 | 5 | %1.16 | 14 | |
| | بایۆلۆجی | 7 | %1.63 | 5 | %1.16 | 12 | |
| کۆی گشتی | | 200 | %46.65<br>100 | 228 | %53.43<br>100 | 428 | 428 |

لە خشتەی (3) زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو .

خشتەی (3)

زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| **گۆڕاوەکان** | **بژاردەکان** | **ژ.خوێندکارەکان** | **ڕێژەی سەدی** | **کۆ** |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 195 | 45.6 | 428 |
| | مێ | 233 | 54.4 | |
| پسپۆڕی | زانستی | 111 | 25.9 | 428 |
| | مرۆیی | 317 | 74.1 | |
| قۆناغی خوێندن | یەک | 200 | 46.7 | 428 |
| | چوار | 228 | 53.3 | |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | دەرەوەی شار | 173 | 40.4 | 428 |
| | ناوەوەی شار | 255 | 59.6 | |

بەڵام نموونە چاوپێکەوتنەکان بریتی بوون لە :

(4) بڕیاردەری بەش (2) لێپرسراوی بەشی ناوخۆیی

(2) لێپرسراوی کتێبخانە (1) لێپرسراوی بنکەی تەندروستی

(1) لێپرسراوی کاروبار خوێندکاران و تۆمارگەی گشتی

وەک لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو .

خشتەی (4)

زانیارییە گشتیەکانی نموونەی چاوپێکەوتنەکان

| ژ | ناو | ڕەگەز | بەرپرسیارێتی | بڕوانامە | ڕۆژی چاوپێکەوتن | ماوەی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سورێن ابوبکر عبداللە | نێر | بڕیاردەری بەش | ماستەر | 2019/12/18 | 26.37 |
| 2 | چۆمان علاءالدین | نێر | ل. تۆماری گشتی زانکۆ و بەپرسی کاروباری خوێندکاران | دکتۆرا | 2019/12/22 | 32.28 |
| 3 | ئومێد توفیق حەمە رحیم | نێر | بڕیاردەری بەش | دکتۆرا | 2019/12/22 | 19.49 |
| 4 | عباس رضا فەرهاد | نێر | لێپرسراوی کتێبخانە | بەکالۆریۆس | 2019/12/22 | 42.40 |
| 5 | نیاز محمد | مێ | لێپرسراوی کتێبخانە | پەیمانگا | 2019/12/22 | 27.51 |
| 6 | شکریة عثمان | مێ | لێپرسراوی بەشە ناوخۆییەکانی کچان | پەیمانگا | 2019/12/22 | 28.12 |
| 7 | هاوکار طارق رضا | نێر | لێپرسراوی بەشە ناوخۆییەکانی کوڕان | بەکالۆریۆس | 2019/12/23 | 25.57 |
| 8 | یوسف مصطفی صالح | نێر | بڕیاردەری بەش | دکتۆرا | 2019/12/23 | 45.49 |
| 9 | شێرزاد عبدالباقی حمید | نێر | بەڕێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی زانکۆ | پەیمانگا | 2019/12/23 | 23.21 |
| 10 | مصطفی رسول حسین | نێر | بڕیاردەری بەش | دکتۆرا | 2019/12/24 | 20.09 |

**چوارەم : سنورەکانی توێژینەوەکە**

1. **سنوری جوگرافی** : ئەم توێژینەوەیە لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی کە سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە ئەنجامدراوە .

2 . **سنوری مرۆیی** : سنوری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی خوێندنی بەیانیانی کۆلێژە زانستی و مرۆییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2019 - 2020) لەخۆدەگرێت .

3.**سنوری کاتی** : سنوری کاتی ئەو ماوە زەمەنیەیە، کە پێویست بووە بۆ ئەنجامدانی کارە (مەیدانی و تیۆری) یەکانی توێژینەوەکە، لە بەرواری( 20 / 11 / 2018 - 27 / 1 / 2020 ) .

## باسی دووەم : ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و جۆراوجۆرن، لەسەر توێژەر پێویستە ئامرازی گونجاو بەکاربهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکەی، بەجۆرێک گونجاو بێت لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکە و سروشت و جۆری نموونەی توێژینەوەکە و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەکەی، هاوکات توانا ماددی و مرۆییەکانیش ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان دیاریدەکەن (محمود،2017: 104)، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیدا سێ ئامرازن، ئامرازێکیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە چەندێتییەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە کەبریتییە لە (پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی)، ئامرازەکەی دیکەیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە چۆنێتیەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە، کە بریتیە لە (چاوپێکەوتن) .

#### 1. پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

ئەم پێوەرە بۆکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەکارهێنراوە، بەچەند هەنگاوێک ئامادەکراوە وەک لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکەین .

## ـ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەری بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی

بۆئامادەکردنی فۆڕمی پێوەری(بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی) بە ڕێگای زانستی توێژەر کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر، کە ئەمانەن :

ا .خوێندنەوە و پێداچوونەوەی ئەو و نوسراو و بابەت و پێناسانەی، کە توێژەر لە سەرچاوە زانستییەکانەوە دەستیکەوتووە و سوودوەرگرتن لەلایەنی تیۆریی توێژینەوەکە، کە هاوکارێکی باش بووە لە داڕشتن و دروستکردنی کۆمەڵێک بڕگەی پێوەرەکە .

ب . سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە نزیکبوون لە بابەتەکەوە .

ج . سوود وەرگرتن لەو بڕگانەی، کە لە فۆڕمی پێوەرەکانی بەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی هەبووە و پێشتر لەلایەن توێژەرانی ترەوە لە توێژینەوەکانیان بەکاریان هێناوە و داڕشتەوەیان بەجۆرێک، کە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و خزمەت بە ئامانجەکانی بکات، کە ئەمانە بوون :

1. سید عثمان ( الخراشی،2004 )    2. قاسم (قاسم، 2008)

3. مشرف (مشرف، 2009)    4. بن عبید (بن عبید،2015 )

د . ئەنجامدانی پرسە توێژینەوەیەکی بەرایی (دراسة الاستطلاعیة) لە ڕێگای وەرگرتنی(25) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕای خوێندکارەکان بۆ داڕشتنی هەندێک لە بڕگەی پرسیارەکان . هەروەک لە پاشکۆی (2) خراوەتەڕوو .

هـ . لە کۆتاییدا فۆڕمی پێوەری بەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی بە شێوەی سەرەتایی دروست کرا، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهات، ئەوانیش (زانیارییەکانی تایبەت بەلێتوێژراوان، زانیارییەکانی تایبەت بە بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی)، ئەو بەشەی تایبەت بووە بەزانیاریەکانی تایبەت بەبەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی دابەشبووە بەسەر(3) تەوەردا، بەم جۆرە (بەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی بەرامبەر خود، بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر زانکۆ، بەرپرسیاریێتیی کۆمەلایەتی بەرامبەر کۆمەڵگە) کە لە (54) بڕگە پێکهاتووە، وەک لە پاشکۆی (3) خراوەتەڕوو، وەڵامی بڕگەکانیش دابەش بووە بەسەر پێنج وەڵامدا بۆ ئەمەش پشت بە پێوەری لیکرت (Likert Scale) بەستراوە، وەک لە خشتەکەی (5) خراوەتەڕوو .

خشتەی (5)

هێزی بڕگەکانی ئامڕازی توێژینەوەکە بە پێی پێوەری لیکرت (Likert Scale )

| هێزی بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بڕیارم نەداوە | لەگەڵیدا نیم | زۆر لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگە ئەرێنییەکان | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| بڕگە نەرێنییەکان | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

( Bryman,2012:239)

هەروەها بۆ دیاریکردنی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ هەر یەکێک لە بڕگەکان، سوود لە ناوەندە ژمێرەیی هەر بڕگەیەک وەرگیراوە، بۆ شیکردنەوەشی سوود لە بژاردەکان بە پێوەری (لیکرت) وەرگیراوە، بەم جۆرە :

$$\text{درێژی مەودا} = \frac{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان - 1}}{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان}} = \frac{4}{5} = 0.8$$

خشتەی (6)

بەهای ناوەندە ژمێرەیی

| ناوەندە ژمێرەیی | بەهاکەی |
|---|---|
| 1 - 1.8 | زۆر لەگەڵیدا نیم |
| 1.8 - 2.6 | لەگەڵیدا نیم |
| 2.6 - 3.4 | بڕیارم نەداوە |
| 3.4 - 4.2 | لەگەڵیدام |
| 4.2 - 5 | زۆر لەگەڵیدام |

(الشقران،2016: 504)

پاشان ئەم قۆناغانەی خوارەوەمان جێبەجێ کرد :

## 1. تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی (Validity)

ڕاستگۆیی پێوەر ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی پێوانەیی فۆڕمی توێژینەوە، کە پێویستییەکی بنچینەییە لەداڕشتنی فۆڕمدا(Bhattacherjee,2012:58) چونکە بێ بوونی ڕاستگۆیی توێژینەوە بە دروست هەژمار ناکرێت و بەهای نابێت، هەر بۆیە ڕاستگۆیی مەرجی هەموو توێژینەوەیەکە، جا چەندێتی یان چۆنیەتی بێت(Cohen with others,2007:133). بەمەستی تاقیکرنەوەی ڕاستی بڕگەکانی ئەم پێوەرە و دڵنیابوون لە گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئەمەش توێژەر شێوازی ڕاستگۆیی ئاشکرای بەکارهێناوە (الصدق الظاهري)، کە بریتییە لە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکەدا بەمەبەستی زانینی ڕاو و بۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر فۆڕمەکەی خستە بەردەست (12) پسپۆڕ، بەگشتی تێبینی پسپۆڕان لەسەر شێوازی ڕێکخستنەوەی بڕگەکان و پەکخستنی هەندێک لە بڕگەکان و دانانی بڕگەی نوێ بووە لە جێگایان، ئەنجامی تێکڕای پلەی ڕاستگۆیی پێوەرەکەش (96.14%) دەرچووە، لە پاشکۆی (4) خراوەتە ڕوو .

## 2. تاقیکردنەوەی جێگیری بۆ پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

جێگیری فۆڕم واتە هاومانا بوون و گونجاوی لە وەڵامدانەوەی لێتوێژراواندا لە دوای دووبارە دابەشکردنەوەی فۆڕمەکە بەسەر هەمان لێتوێژراوندا بۆ چەند جارێک (Cohen with others,2007:143) ، واتە هەمان نمرە و دەرئەنجام بەدەست بهێنێتەوە لە پێوانەکردنی هەمان ئەو پرسیارانەی لێیان دەکرێتەوە (احمد،83:2016 ) .

**بەمەبەستی دڵنیایی لە جێگیری فۆڕمی پێوانەکە دوو ڕێگا گیراوەتە بەر :**

ا. (15) فۆڕم بەسەر(15) خوێندکاردا دابەشکراوە بۆ هەردوو کۆلێژی زانستی و مرۆیی و لە قۆناغی یەک و چوار بۆ هەردوو ڕەگەز، پاش وەرگرتنەوەیان لە یەکەم جاردا ئەو نمرانەی بەدەست هاتبوون تۆمار کران، پاش(15) ڕۆژ دووبارە هەمان ئەو(15) خوێندکارە فۆڕمەکانیان بەسەردا دابەشکرایەوە، نمرەی دووەم جاریش تۆمارکرایەوە، پاشان جێگیری

فۆڕمی پێوانەکە دەرهێنراوە و ڕێژەی جێگیریەکەی لە (0.97) نمرە دەرچووە، وەک لەپاشکۆی (5) خراوەتەڕوو.

ب.هەروەها سوود لە بەرنامەی (S.P.S.S) (پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان) وەرگیراوە و کرداری (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنراوە، ئەنجامەکەی لەخشتەی (8) خراوەتە ڕوو .

خشتەی(7)

جێگیری فۆڕمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو

| تەوەرەکان | ئەنجامی ئەلفا کرونباخ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر خود | 0.66 | 16 |
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر زانکۆ | 0.83 | 19 |
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەارمبەر کۆمەڵگە | 0.76 | 17 |
| پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی | 0.86 | 52 |

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جێگیری فۆڕم لە بڕەگەکاندا لە نێوان(66% - 83% )دایە، نمرەی گشتی جێگیری فۆڕم (86%) نمرەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کرداری (ئەلفا کرونباخ) لەداتای زۆردا نرخەکەی بەرزتر دەبێت بە بەراوورد بەداتای کەم. کەواتە دەبینرێت پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لەنێوان بڕگەکان و بەهای(ئەلفا کرونباخ) بۆ هەر بڕگەیەک هەیە، ئەمەش مانای وایە جێگیری فۆڕم لە ئاستێکی بەرزردایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن .

### 3. دیاریکردنی بڕگە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکان

فۆرمی پێوانەکە چەندین بڕگەی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی لەخۆگرتووە ، وەک لە خشتەی (8) دا ئاماژەیان پێکراوە .

خشتەی (8)

برگە پۆزەتیف و نەگەتیڤەکان

| تەوەرەکان | برگە پۆزەتیڤەکان | هەژماری برگەکان | برگە نەگەتیڤەکان | هەژماری برگەکان |
|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی بەرامبەر بە خود | 1، 2، 3، 6، 8، 10، 12، 13، 15، 16 . | 10 برگە | 5 ،4 ، 7، 9، 11، 14، 17 . | 7 برگە |
| بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی بەرامبەر بە زانکۆ | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8، 10، 11، 12، 14، 15، 16، 17، 18، 19، 20 . | 18 برگە | 9 ، 13 | 2 برگە |
| بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی بەرامبەربە کۆمەلگە | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8، 10، 12، 13، 14، 15، 16. | 14 برگە | 9، 11، 17 . | 3 برگە |

## 4. ڕێکارییەکانی شیکردنەوەی برگەکان

### ا. هێزی جیاکاریی برگەکان ( Discrimination Power of Items )

بەسوود وەرگرتن لە پرۆگرامی(S.P.S.S) و بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری(T) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (T.test for two sample) دەرکەوت لە زۆرینەی برگەکاندا بەهای (T)ی بەدەستهاتوو بەرزترە لە بەهای(T)ی خشتەی، کە دەکاتە (1.97) پلە بۆ ئاستی دەلالەتی(0.05) و پلەی ئازادی (230)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی زۆرینەی برگەکان توانایەکی بەهێزی جیاکاریان هەیە و گونجاون بۆ پێوانەکردنی (بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی) وەک لە خشتەی (10) خراوەتەڕوو، جگە لە برگەکانی (4،30) کە بریتیین لە (بۆچارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکانم پشت بەخێزانەکەم دەبەستم، خاوێن ڕاگرتنی هۆلی وانە خوێندن ئەرکی کارگوزارەکانە) دەلالەتی ئامارییان نییە و بەهای (T) بەدەستهاتوو کەمترە لە بەهای (T) خشتەیی، بۆیە لە پێوەرەکەدا لابراون .

## خشتەی (9)

### هێزی جیاکاری برگەکان بۆ پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

### بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ

| برگە | گرووپی زۆرترین | | گرووپی کەمترین | | بەهای (T) | پلەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | | |
| 1 | 4.40 | .684 | 3.33 | 1.163 | 8.534 | 230 | .000 |
| 2 | 4.82 | .387 | 3.73 | 1.066 | 10.315 | 230 | .000 |
| 3 | 4.46 | .936 | 3.97 | 1.198 | 3.421 | 230 | .001 |
| 4 | 2.27 | 1.379 | 2.37 | 1.296 | .589 | 230 | .557 |
| 5 | 3.38 | 1.228 | 2.41 | 1.351 | 5.747 | 230 | .000 |
| 6 | 4.13 | 1.146 | 2.78 | 1.257 | 8.516 | 230 | .000 |
| 7 | 3.88 | 1.210 | 2.45 | 1.517 | 7.943 | 230 | .000 |
| 8 | 4.11 | .940 | 3.77 | 1.175 | 2.469 | 230 | .014 |
| 9 | 4.02 | 1.119 | 2.92 | 1.415 | 6.536 | 230 | .000 |
| 10 | 4.65 | .498 | 4.01 | 1.191 | 5.324 | 230 | .000 |
| 11 | 3.66 | 1.128 | 2.54 | 1.360 | 6.779 | 230 | .000 |
| 12 | 2.40 | 1.186 | 2.84 | 1.336 | 2.703 | 230 | .007 |
| 13 | 4.65 | .563 | 3.58 | 1.166 | 8.892 | 230 | .000 |
| 14 | 3.75 | 1.179 | 2.40 | 1.382 | 8.024 | 230 | .000 |
| 15 | 4.60 | .603 | 3.69 | 1.091 | 7.898 | 230 | .000 |
| 16 | 3.80 | 1.015 | 3.33 | 1.304 | 3.090 | 230 | .002 |
| 17 | 3.94 | 1.106 | 3.24 | 1.355 | 4.300 | 230 | .000 |
| 18 | 4.36 | .828 | 2.76 | 1.336 | 10.989 | 230 | .000 |
| 19 | 4.59 | .647 | 3.05 | 1.222 | 11.954 | 230 | .000 |
| 20 | 4.70 | .578 | 4.10 | 1.083 | 5.220 | 230 | .000 |
| 21 | 4.34 | .866 | 3.30 | 1.232 | 7.462 | 230 | .000 |
| 22 | 4.81 | .415 | 3.96 | .999 | 8.496 | 230 | .000 |
| 23 | 4.86 | .346 | 3.95 | 1.178 | 8.013 | 230 | .000 |
| 24 | 4.75 | .491 | 3.23 | 1.226 | 12.377 | 230 | .000 |
| 25 | 4.05 | 1.045 | 2.67 | 1.311 | 8.861 | 230 | .000 |
| 26 | 3.37 | 1.227 | 2.39 | 1.256 | 6.028 | 230 | .000 |
| 27 | 4.88 | .353 | 3.85 | 1.081 | 9.713 | 230 | .000 |
| 28 | 4.22 | .931 | 2.64 | 1.268 | 10.804 | 230 | .000 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .000 | 230 | 9.953 | 1.342 | 3.52 | .429 | 4.82 | 29 |
| .044 | 230 | 2.028 | 1.509 | 3.59 | 1.402 | 3.98 | 30 |
| .000 | 230 | 9.035 | 1.098 | 3.55 | .666 | 4.63 | 31 |
| .000 | 230 | 5.457 | 1.281 | 3.56 | .776 | 4.32 | 32 |
| .000 | 230 | 7.482 | 1.079 | 4.02 | .409 | 4.82 | 33 |
| .000 | 230 | 10.730 | 1.093 | 3.62 | .413 | 4.78 | 34 |
| .000 | 230 | 4.803 | 1.220 | 3.91 | .783 | 4.56 | 35 |
| .000 | 230 | 11.359 | 1.343 | 2.33 | 1.081 | 4.15 | 36 |
| .000 | 230 | 9.957 | 1.304 | 3.33 | .579 | 4.65 | 37 |
| .000 | 230 | 8.262 | 1.376 | 3.19 | .665 | 4.36 | 38 |
| .000 | 230 | 7.256 | 1.477 | 3.51 | .707 | 4.61 | 39 |
| .000 | 230 | 5.811 | 1.468 | 3.05 | 1.234 | 4.09 | 40 |
| .000 | 230 | 4.836 | 1.083 | 3.48 | .859 | 4.10 | 41 |
| .000 | 230 | 8.494 | 1.076 | 1.87 | 1.309 | 3.21 | 42 |
| .000 | 230 | 11.622 | 1.211 | 2.94 | .752 | 4.48 | 43 |
| .000 | 230 | 11.112 | 1.278 | 3.14 | 6.55 | 4.62 | 44 |
| .002 | 230 | 3.204 | 1.274 | 3.35 | 1.183 | 3.87 | 45 |
| .000 | 230 | 4.945 | 1.607 | 2.79 | 1.276 | 3.73 | 46 |
| .000 | 230 | 6.775 | 1.446 | 2.57 | 1.302 | 3.79 | 47 |
| .000 | 230 | 5.936 | 1.530 | 3.16 | 1.060 | 4.18 | 48 |
| .000 | 230 | 10.899 | 1.290 | 3.07 | .639 | 4.53 | 49 |
| .000 | 230 | 8.376 | 1.254 | 3.53 | .640 | 4.63 | 50 |
| .000 | 230 | 7.235 | 1.206 | 3.76 | .629 | 4.67 | 51 |
| .000 | 230 | 13.263 | 1.221 | 2.61 | .754 | 4.38 | 52 |
| .000 | 230 | 9.525 | 1.275 | 2.97 | .864 | 4.34 | 53 |
| .000 | 230 | 5.111 | 1.391 | 3.15 | 1.168 | 4.01 | 54 |

### ب.پەیوەندیی پلەی بڕگە بەکۆی پلەکانەوە (Consistency Coefficient Internal )

لە دوای دەرهێنانی ئامڕازی پەیوەندیی هەر بڕگەیەک دەردەکەوێت، کە زۆرینەی بەهاکانی هاوکێشەی ئاماری پێرسۆن بۆ بڕگەکان ئەرێنین و دەلالەتی ئامارییان هەیە، لەبەرئەوەی بەهای ئاستی بەڵگەداری ئاماری بچووکترە لە ئاستی دەلالەتی(0.05) ئەمەش بەو مانایە دێت، کە پەیوەندی لە نێوان هەر بڕگەیەک هەیە بە کۆنمرەی گشتی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە، کە واتە زۆرینەی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ پێوانە کردن

دەشێت، بەڵام سەبارەت بە هەردوو بڕگەی(4،30)، وەک لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو دیارە ئاستی بەڵگەداری ئامارییان نیە، واتە پەیوەندیی لە نێوان ئەو دوو بڕگەیە و کۆنمرەی گشتی پێوەرەکە نییە بۆیە لە پێوەری بەپرسیارێتیی کۆمەڵاتی لابراون .

خشتەی (10)

پەیوەندیی بڕگەکان بە کۆ نمرەی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە

| بڕگە | ئامراِزی ئاماری پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری | بڕگە | ئامراِزی ئاماری پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .399** | 0.00 | 28 | .523** | 0.00 |
| 2 | .462* | 0.00 | 29 | .539** | 0.00 |
| 3 | .216** | 0.00 | 30 | .084** | 0.82 |
| 4 | .073** | 0.131 | 31 | .485** | 0.00 |
| 5 | .269** | 0.00 | 32 | .363** | 0.00 |
| 6 | .380** | 0.00 | 33 | .428** | 0.00 |
| 7 | .356** | 0.00 | 34 | .563** | 0.00 |
| 8 | .127** | 0.09 | 35 | .267** | 0.00 |
| 9 | .360** | 0.00 | 36 | .488** | 0.00 |
| 10 | .313** | 0.00 | 37 | .494** | 0.00 |
| 11 | .350** | 0.00 | 38 | .425** | 0.00 |
| 12 | .156** | 0.01 | 39 | .398** | 0.00 |
| 13 | .484** | 0.00 | 40 | .326** | 0.00 |
| 14 | .412** | 0.00 | 41 | .267** | 0.00 |
| 15 | .380** | 0.00 | 42 | .406** | 0.00 |
| 16 | .185** | 0.00 | 43 | .534** | 0.00 |
| 17 | .279** | 0.00 | 44 | .506** | 0.00 |
| 18 | .547** | 0.00 | 45 | .203** | 0.00 |
| 19 | .531** | 0.00 | 46 | .229** | 0.00 |
| 20 | .319** | 0.00 | 47 | .350** | 0.00 |
| 21 | .411** | 0.00 | 48 | .338 | 0.00 |
| 22 | .387** | 0.00 | 49 | .467** | 0.00 |
| 23نن | .403** | 0.00 | 50 | .469** | 0.00 |
| 24 | .582** | 0.00 | 51 | .392** | 0.00 |
| 25 | .460** | 0.00 | 52 | .561** | 0.00 |
| 26 | .300** | 0.00 | 53 | .471** | 0.00 |
| 27 | .420** | 0.00 | 54 | .287** | 0.00 |

## 5. پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە شێوەی کۆتایی

دوای بەئەنجام گەیاندنی ڕێوشوێنە زانستییەکان و دڵنیابوون لە گونجاوی بڕگەکان، شێوەی کۆتایی پێوەرەکە ئامادە کرا، کە پێکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی :

**بەشی یەکەم** : تایبەتە بەکۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بەخوێندکاران کە لە (4) گۆڕاوی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە گۆڕاوی (ڕەگەز، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێبوون، قۆناغی خوێندن ) .

**بەشی دووەم** : تایبەتە بەو بڕگانەی کە پەیوەندییان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە سێ تەوەرەدا خراوەتەڕوو، کە لە (52) بڕگە پێکهاتووە، **تەوەرەی یەکەم** : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود(16) بڕگەیە، **تەوەرەی دووەم** : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ (19) بڕگەیە، **تەوەرەی سێیەم** : بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە (17) بڕگەیە. وەک لە پاشکۆی (6) خراوەتەڕوو، دواتر پێوەرەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە .

## 2. چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن وەک ئامرازی دووەم لە توێژینەوەکەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە لای لێتوێژراوانی نموونەی چاوپێکەوتنەکان، پاش ئەنجامدانی چاوپێکەتن لە گەڵیان توێژەر بەچەند هەنگاوێک زانیاری ناو چاوپێکەوتنەکانی بەتاڵکردەوە، وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت :

### ـ هەنگاوەکانی بەتاڵکردنەوەی چاوپێکەوتن

1. هەر چاوپێکەوتنێک بەجیا نووسراوەتەوە .
2. بەوردی وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی نموونەی چاوپێکەوتنەکان خوێندراوەتەوە .
3. پشت بە وەڵامی ویستراو و مەبەست بەستراوە .
4 وەڵامە لێکچوو و هاوشێوەکان لە تەوەرەیەکدا کۆکراونەتەوە .
5. وەڵامەکان بەستراونەتەوە بە باسی سەرەکیی توێژینەوەکەوە .

## دووەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان (Means of Statistics)

دوای ئەنجامدانی کارە مەیدانییەکان بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوە و گۆڕینی وەڵامی لێتوێژراوان بۆ داتا و زانیاری ورد، سوودمان لەبەرنامەی( پاکێجی ئاماری بۆ زانستەکۆمەڵایەتییەکان )(S.P.S.S.) وەرگرتووە، لەناو بەرنامەکەشدا سوودمان لەم هاوکێشە و یاسا ئامارییانە وەرگرتووە :

1. ڕێژەی سەدی بۆ دەرکردنی ڕێژەی سەدی گۆڕاوە گشتییەکانی توێژینەوەکە .

2. ناوەندە ژمێرەیی .

3. لادانی پێوەری .

4. هاوکێشەی ئاماری(T) بۆ یەک نموونە( T.test for One Sample) بۆ دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ( الحسن وزینی،1982: 175) .

5. هاوکێشەی ئاماری(T) بۆ دوو نموونە سەربەخۆ(T.test for Two Sample) بۆ زانینی جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی دوو گروپ لەنموونەی توێژینەوەکە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوەکان (Mindrila,2013: 4) .

6.هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرۆنباخ (Coefficient Alpha) بۆ دەرکردنی پلەی جێگیری بڕگەکانی هەردوو پێوەرەکە (Neuman,2014: 376 ) .

7.ئامرازی ئاماری پێرسۆن بۆ پەیوەندیی بڕگەکان بەکۆ نمرەی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە (خیری،1997: 44 )

# بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی

## باسی یەکەم

### خستنەڕووی ئامانج و گریمانەکان و گفتوگۆکردنیان

## باسی دووەم

### ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی

یەکەم : ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم : ڕاسپاردەکان

سێیەم : پێشنیازەکان

# بەشی چوارەم

# ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی

## باسی یەکەم : خستنەڕووی ئامانج و گریمانەکان و گفتوگۆکردنیان

لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی ئامانجەکان خراوەتەڕوو ،لەگەڵ بەراوورد کردنی بە توێژینەوە هاوشێوەکان لەو شوێنەی پەیوەندیدارە بە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەوە .

### ئامانجی یەکەم : زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر خود

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو گەشتۆتە(54.06) پلە و لادانی پێوەرەکەی (7.51) پلەیە، بە بەراوورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (48) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(T) بۆ یەک نموونە ( T.test for one sample)، دەرکەوت بەهای(T) بەدەستهاتوو(16.68) گەورەترە لە بەهای(T)خشتەیی(1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427)، وەک لە خشتەی(11) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود بەرزە .

خشتەی (11)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) بەدەستهاتوو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرامبەر خود | 48 | 54.06 | 7.51 | 16.68 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

بەپێی وەڵامی خوێندکارەکان وەک لە پاشکۆی (7) خراوتەڕوو، دەرکەوتووە زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بەخود، خۆی دەبینێتەوە لە : دیاریکردنی ئامانجەکانیان و هەوڵدانیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە، هەروەها گرنگیدان بە پاراستنی تەندروستی جەستە و هۆشیار بوونیان بەرامبەر مافەکانیان وەک خوێندکارێک لە زانکۆ و وەک تاکێکیش لە کۆمەڵگە .

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی ڕێز لە خۆیان و کاتەکانیان دەگرن و بەهەند دەڕواننە ڕۆڵیان لە ژیان، لە هەمانکاتدا ئامانجیان هەیە و کار بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەکەن، هەروەها هۆشیاری تەندروستییان هەیە و کات بۆ وەرزشکردن و پاراستنی جەستە و تەندروستیان تەرخان دەکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا وەک گەنجێک هۆشیارن بەرامبەر مافەکانیان و دەزانن مافەکانیان وەک گەنجێک لە زانکۆ و کۆمەڵگەدا چین .

بەپێی ئەو دەرئەنجامەی پێیگەشتوین، گریمانەی یەکەم (ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود نزمە) نەهاتۆتەدی، دەرکەوتووە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەرزە .

**ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر زانکۆ**

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ، ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە(74.81) پلە و لادانی پێوەرەکەی (10.41) پلە، بە بەراوودکردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمار کراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (57) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(T) بۆ یەک نموونە( T.test for one sample)،دەرکەوت بەهای(T) بەدەستهاتوو(35.39) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی(1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427)، وەک لە خشتەی(12) خراوەتەڕوو، کەواتە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ بەرزە .

خشتەی(12)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) بەدەستهاتوو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر زانکۆ | 57 | 74.81 | 10.41 | 35.39 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

بەپێی وەڵامی خوێندکارەکان وەک لە پاشکۆی (8) خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی لە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ، خۆی دەبینێتەوە لە : هاوکاریکردنی هاوڕێکانیان لە کاتی پێویستدا و خۆبە بەرپرس زانینیان بەرامبەر پاراستنی کەلو پەلەکانی هۆڵی وانە خوێندن و زانکۆ و پارێزگاری لێکردنیان، هەروەها ئامادەبوونیان لە وانەکان لە کاتی خۆیدا و پابەندبوون پێیانەوە .

لە کۆتایدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و دڵسۆزانە لە نێوانیاندا هەیە و ئامادەن یارمەتی یەکتر بدەن لە کاتی پێویستدا و هاوکاری یەکتر بکەن ، لە هەمانکاتدا کەرەستە و کەلو پەلەکانی هۆڵی وانەخوێندن و زانکۆ دەپارێزن و زیانیان پێناگەیەنن و وەک پێویست بەکاریان دەهێنن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پابەندن بە ئامادەبوون لە وانەکان لە کاتی خۆیدا و گرنگی بە وانەکانیان دەدەن و کەمترین ئامادەنەبوونیان دەبێت، بەم ڕەفتارەنەشیان دەتوانن ڕێز و خۆشەویستی لای خوێندکارانی هاوڕێیان و مامۆستایان و ستافەکانی دیکەی زانکۆ بەدەستبهێنن .

بەپێی ئەو دەرئەنجامەی کە پێیگەشتوین گریمانەی دووەم (ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ نزمە) نەهاتۆتەدی، دەرکەوتووە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر زانکۆ بەرزە .

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر  بە کۆمەڵگە**

لە ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە، ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە (61.98) پلە و لادانی پێوەرەکەی (9.49) پلە، بە بەراوودکردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (51) پلەیە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نموونە ( T.test for one sample)، دەرکەوت بەهای(T) بەدەستهاتوو (23.92) گەورەترە لە بەها (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427)، وەک لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە .

خشتەی (13)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) بەدەستهاتوو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرامبەر کۆمەڵگە | 51 | 61.98 | 9.49 | 23.92 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

بە پێی وەڵامی خوێندکارەکان وەک لە پاشکۆی (9) خراوەتەڕوو زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی لە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە لەوەی : ڕێگری لە زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە دەکەن و شوێنە گشتیەکانی دەپارێزن و پەیڕەوی یاسا تەندروستییە گشتییەکان دەکەن، لە هەمانکاتدا خۆشحاڵن بەسەرکەوتنی پرۆژەکانی شارەکەیان و وەک داهاتوویی خۆیان تەماشای دەکەن.

لە کۆتایدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی ئینتما و خۆشەویستیان بۆ کۆمەڵگەکەیان هەیە و پاراستنی شوێنە گشتییەکانی بە ئەرکی خۆیان دەزانن، هەروەها زۆرینەیان بەشدارن لە پاراستنی تەندروستیی گشتی و خۆیان بە دوور دەگرن لە هەر ڕێوشوێنێک، زیان بە تەندروستی گشتی بگەیەنێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەشبینانە دەڕواننە پرۆژەکانی شارەکەیان و دڵخۆشن بە بوونی ئەو پرۆژانە و وەک

دەستکەوت و داهاتوویی خۆیان دەبینن، بە بوونی هەموو ئەو ڕەفتار و بیرکردنەوە ئەرێنیانەیان دەتوانن ڕێز و خۆشەویستی لای ئەندامانی کۆمەڵگە بەدەستبهێنن .

بەپێی ئەو دەرئەنجامەی پێیگەشتوین گریمانەی سێیەم (ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە نزمە) نەهاتۆتەدی، دەرکەوتووە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەرزە .

## ـ ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان بە گشتی، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو (194.71) پلەیە، لادانی پێوەری (22.78) پلەیە، ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی (156) پلەیە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک نموونە ( T.test for one sample)، دەرکەوتووە بەهای (T) بەدەستهاتوو (35.15) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97)، بەئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427)، وەک لە خشتەی (14) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی بەرزە .

خشتەی (14)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان

| تەوەرە | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | پلەی ئازادی | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | | |
| بەگشتی | 156 | 194.71 | 22.78 | 35.15 | 1.97 | 0.000 | 427 | بەڵگەدارە |

لە کۆی دەرئەنجامی گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان دەرکەوێت، کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بەرامبەر خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگە لەئەستۆ دەگرن، بەم ڕەفتارانەشیان دەتوانن بگەنە پلەی بەدەستهێنانی ڕێز، لەلایەک ڕێزگرتنی خۆیان بۆ خۆدی خۆیان، لەلایەکی دیکەوە ڕێز لێگرتنیان لەلایەن زانکۆ و کۆمەڵگەوە، لەکاتێکدا ڕێزگرتن لەخود و ڕێزگرتنیان لەلایەن کەسانی ترەوە لەو پێداویستیانەن کە (ماسلۆ) لە

هەڕەمی پێداویستییەکاندا ئاماژەی پێکردووە و وەک یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ هەژماری کردووە، ئەمەش بەو واتایە دێت خوێندکارانی زانکۆ دەتوانن لە ڕێگای بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیەوە پێداویستی ڕێز و خۆشەویستی خۆیان بۆ خۆیان و دەروبەر بۆیان فەراهەم بکەن، لە هەمانکاتدا پەیوەندی و پێگەی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو و گونجاو بەدەست بهێنن لە زانکۆ و کۆمەڵگەدا کە هەموو ئەوانە پێویستی گرنگی ژیانی مرۆڤن .

ئەم دەرەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (عمر،2007)، کە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لێتوێژراوەکانی بەرزە، بەلام لەگەڵ دەرەنجامی توێژینەوەکەی (الهذلی،2009) یەکناگرێتەوە، کە گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتی لای نمونەی لێتوێژراوەکانی مامناوەندە .

**ـ** بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو دەرئەنجامە بەدەستهاتووە، هەمان پرسیار ئاڕاستەی نموونەی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکان کراوە بەم جۆرە (**بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی چۆن دەبینیت** ؟، بەم جۆرەی خوارەوە وەلامیاندایەوە :

(د.یوسف) دەڵێت : ((بەشێکیان هەستی پێناکەن و بەشێکیان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، بەڵام ئەمانە کەمن ))، هەروەها (د.ئومێد)دەڵێت : (( لە هەندێکیان ڕازین و لە هەندێکی تریان ڕازی نین))، لەگەڵ ئەوەشدا (نیاز)دەڵێت : ((هەندێکیان هیچ هەستی پێ ناکات کە زۆرینەن و هەندێکیان زۆر باشن))، لەهەمان کاتدا (عباس) دەڵێت : ((نیوەی خوێندکارەکان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان لەئەستۆ دەگرن))، زیاتر لەوەش (د.مصطفی) دەڵێت: ((ئەوخوێندکارانە ژمارەیان زۆر نییە کە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن))، هەروەها (هاوکار) دەڵێت: ((ئەوانەی هەستی پێناکەن زۆرترن ))، لەگەڵ ئەوەشدا (شکریە) دەڵێت: ((زۆربەیان بەپرسیارێتی هەڵناگرن))، لەکۆتایشدا (م.سورێن) دەڵێت: ((بەرپرسیارێتیی هەڵناگرن لەهەموو ڕوویەکەوە )) .

لە کۆی وەڵامەکانیان دەردەکەوێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی نزمە و لە ئاستی پێویستدا نییە، زۆرترین دەرکەوتەکانی لاوازی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان لە چەند ڕەفتارێکدا دەبیننەوە لەوانە : زۆرێک لەخوێندکاران گرنگی بەوانەکانیان نادەن و بێ باکن بەرامبەری و وەک ئەرکی سەرشانیان جێبەجێناکەن، بەجۆرێک زۆرێک لە خوێندکاران تەنها شەوی تاقیکردنەوەکان کۆشش دەکەن، سەرەڕای ئەوانەش پارێزگای لە کەلوپەلەکانی هۆڵی وانە خوێندن ناکەن و بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵدا

دەکەن و وەک پێویست بەکاریان ناهێنن، هەروەها پارێزگاری لە خاوێن ڕاگرتنی زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکان ناکەن و لەو ڕووەوە زۆر بێباکن .

لە کۆتای وەڵامی لێتوێژراوانی هەردوو نموونەکە بە دوو دەرەنجامی جیاواز گەیشتوویت، بەجۆرێک لە تێڕوانینی خوێندکارانەوە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرزە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە تێڕوانینی لێتوێژراوانی نموونەی چاوپێکەوتنەکانەوە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی نزمە.

دەکرێت هۆکاری ئەم جیاوازیە بگەڕێتەوە بۆ، جیاوازی لە تێڕوانینی هەردوو نموونەی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە سەبارەت بە لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، یان کەمی هۆشیاری بێت سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ناو زانکۆ، یاخود بگەڕێتەوە بۆ سروشت و تایبەتمەندی مرۆڤ، کە بە جۆرێکە زۆرینە ڕەفتارەکانی خۆیان لا ڕاست و دروستە و هەڵەکانیان نابینن، ئەمەش هۆکار بووبێت بۆ زیاتر هەڵبژاردنی وەڵامە ئەرێنیەکان لە فۆڕمی پێوەرەکەدا .

**هۆکارەکانی لاوازی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی**

- بۆ زانینی هۆکاری لاوازی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە تێڕوانینی نموونەی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکەوە، پرسیاریان لێکرا، **هۆکاری ئەو لاوازیە دەگەڕێنیتەوە بۆ چی** ؟ لە وەڵامدا چەند هۆکارێکیان خستەڕوو کە ئەمانەن :

(د.یوسف)دەڵێت: ((ئەوانەی بەحەزی خۆیان هاتوون هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن و ئەوانەی حەزیان لەو بەشە نییە لێی وەرگیراون بەرپرسیارێتی هەڵناگرن، هەروەها بێ هیوابوون بەرامبەر داهاتووی خوێندنەکەیان هۆکارێکی گەورەیە بەرپرسیارێتی هەڵنەگرن))، بەهەمان شێوە (د.چۆمان)دەڵێت: ((ئەوانەی کۆلێجەکەیان بەدڵە هەستی پێ دەکەن و ئەوانەی بە مەجبوری لەو کۆلێجە دەخوێنن گرنگی بەخوێندنەکەیان نادەن، هەروەها دانەمەزراندنی وای لێدەکات بەرپرسیارێتی لەئەستۆ نەگرێت))، لەگەڵ ئەوەشدا (د.ئومێد) دەڵێت (( ئەو کۆلێجانەی هەلی کاریان تا ئاستێک باشە، باشترن لەچاو کۆلێژەکانی تر ))، هەروەها(عباس) دەڵێت: ((کەمی بواری کار لە کەرتی تایبەتی و گشتی کاریگەریی نەرێتی لە ئاستی بەرپرسیارێتیان کردووە، هەروەها کاریگەربوونی تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندن کە زۆر پێیەوە سەرقاڵ دەبن و سەرنجیان بۆ مۆدێلات ڕادەکێشیت ))، هاوکات (شێرزاد) دەڵێت:

((كاریگەریی تەکنەلۆجیا وای کردووە کاتێکی زۆر بە فەیسبووک بەسەر ببەن))، لەگەڵ ئەوەشدا (هاوکار) دەڵێت: ((نەبوونی هەلی کار بۆیان و گرنگی دانیان بە جل و بەرگ و مۆدێلات کاریکردۆتە سەر کەم بوونەوەی بەرپرسیارێتیان ))، هەروەها (م.سورێن) دەڵێت :((ساڵ بە ساڵ بەرپرسیارێتیەکەی کەم دەبێتەوە بەهۆی لاوازی لە پەروەردەی خێزانی کوردی و سێکتەرەکانی وەک قوتابخانە و مزگەوت و زانکۆ، لەگەڵ ئەوەشدا دانەمەزراندیی دوای تەواوکردنی خوێندن هۆکارێکی ترە )) .

لە کۆی وەڵامەکانیان دەردەکەوێت، چەند هۆکارێک بۆتە هۆی لاوازی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خویندکاران و ئەو هۆکارانەش خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە : کاتێک خوێندکار دەبینێت ئەو خوێندکارانەی زانکۆیان تەواوکردووە بێکارن و بڕوانەمەکەیان نەبۆتە هۆی دەستکەوتنی کار و پیشەیەک و سەرچاوەیەکی بژێوی بۆیان لە کەرتی گشتی و لە کەرتی تایبەت ئەوا بێ هیوا دەبن لە خوێندن و بڕوانەمەکەیان، ئەمەش وایان لێدەکات گرنگی بە خوێندن و وانەکانیان نەدەن و بەرپرسانە ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ نەکەن .

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان نەبوونی هەل و بوارە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەشە لە زانکۆ، کە خولیایانە و لەگەڵ ئامانجەکانیان یەکدەگرنەوە، بەڵکو بەپێی نمرەکانیان لە کۆلێژ و بەشەکان وەردەگیرێن، ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی خوێندکاران گرنگی بەوانەکانیان نەدەن و هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پسپۆڕیەکەیان لە ئاستی پێویستدا نەبێت، بەڵکو زانکۆ تەنها وەک قۆناغێکی ئاسایی خوێندن بەڕێی بکەن و بیانەوێت بڕوانەمەیەک بەدەستبهێنن، لە هەمانکاتدا دەبینن لە زانکۆ ئەهلیەکان خوێندکاران بە نمرەی نزمتر لەمان لەو بەشانەی دەیانەوێت وەردەگیرێن و دەخوێنن و بڕوانامەی تیادا بەدەستدەهێنن، ئەم دۆخە زیاتر بێ هیوایان دەکات و خوێندنیان لا بێ بایەخ دەکات .

سەرەڕای ئەوانەش شێوازی پەروەردەی خێزان و دامەزراوەکانی دیکەی وەک قوتابخانە و زانکۆ و مزگەوت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە نەیانتوانیەوە ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە بەرامبەر خوێندکاران جێبەجێیان بکەن و هۆشیاریان بکەنەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتییان و ڕایانبهێنێنن لەسەر لە ئەستۆگرتنی بەرپرساریێتیی کۆمەڵایەتی و فێریان بکەن ئەرکی خوێندکار لە زانکۆ و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن چییە .

هۆکارێکی دیکە کاریگەریی نەرێنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانن، کە ژیانیانی داگیرکردووە و بۆتە هۆی ئەوەی پێیانەوە سەرقاڵ بن و کاتێکی زۆر بەهەدەر

بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت بۆ مۆدێلات و جوانکاری و بابەتە کەمالیەکان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خوێندکاران پارە و کاتێکی زۆر لەم ڕووەوە بەهەدەر بدەن .

ئەمەش ڕەوشێکی لە زانکۆدا دروستکردووە بۆت جیاناکرێتەوە کامە فەرمانبەر و کامە خوێندکار و مامۆستا و کامە میوانە، خوێندکاران جۆرە جل و بەرگێک دەپۆشن شیاوی لەبەرکردن نین لە زانکۆدا وەک دامەزراوەیەکی زانستی، بەڵکو بۆ ئاهەنگ و گەشت و ڤیستیڤاڵ و بۆنەکان دروستە، نەک بۆ وانە و ژووری تاقیگە و کاتی خوێندن، لەکاتێکدا لە نێو زانکۆکانی دونیادا سیستەمی (یەکپۆشی) پەیڕەودەکرێت، کە یەکێکە لە پێویستییەکانی خوێندن لە مەڵبەندە فێرکاری و پەروەردەیەکاندا، کە خوێندکار زیاتر لە مەبەست و بوارەکەی خۆی نزیکتر دەکاتەوە، کە ئەویش خۆی لە زانست و زانیاری وەرگرتندا دەبینێتەوە ( محمود:2001: 120 - 122 ) .

هەموو ئەمانە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر هەوڵ و کۆششی خوێندکاران و لە ئەستۆگرتنی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بەرامبەر بە خۆیان و زانکۆ و کۆمەڵگەیان و ئاستی پابەندبوونیان بە وانەکان و کۆششکردنیان و گرنگی دانیان بە زانکۆ و کۆمەڵگە .

**ئامانجی چوارەم: خستنەڕووی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر (خود، زانکۆ، کۆمەڵگە) بە پێی گۆڕاوەکانی : (ڕەگەز، پسپۆڕی زانستی و مرۆیی، شوێنی نیشتەجێبوون ،قۆناغی خوێندن )**

**1. گۆڕاوی ڕەگەز ( نێر ، مێ )**

**ا. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە (خود) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات ڕەگەزی (نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی(53.63) و لادانی پێوەری (7.77) تۆمار بکات، لەبەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیوەیەتی ناوەندی ژمێرەیی (54.43) و لادانی پێوەری (7.29) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازیی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، سوود لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە وەرگیراوە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.101) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، ئەمەش

دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، وەک لە خشتەی (15) خراوەتەڕوو .

خشتەی (15)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی ڕەگەز

| تەوەرە | نێر | | مێ | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر خود | 53.63 | 7.77 | 54.43 | 7.29 | 426 | 1.101 | 1.97 | 0.27 | بەڵگەدار نییە |

**ب. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە (زانکۆ) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات ڕەگەزی (نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (72.69) و لادانی پێوەری (10.61) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (76.59) و لادانی پێوەری (9.91) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازیی ئاماری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، بە سوود وەرگرتن لەهاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کەبەهای (T) بەدەستهاتوو(3.925) وگەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ جیاوازە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ، وەک لە خشتەی (16) خراوەتەڕوو .

خشتەی (16)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی ڕەگەز

| تەوەرە | نێر | | مێ | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر زانکو | 72.69 | 10.61 | 76.59 | 9.91 | 426 | 3.925 | 1.97 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**ج . ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە (کۆمەڵگە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات ڕەگەزی ( نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (61.65) و لادانی پێوەری (9.78) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (62.25) و لادانی پێوەری (9.25) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازیی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.653) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بەکۆمەڵگە جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، وەک لە خشتەی (17) خراوەتەڕوو .

خشتەی (17)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی ڕەگەز

| تەوەرە | نێر | | مێ | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتە | | |
| بەرامبەر کۆمەڵگە | 61.65 | 9.78 | 62.25 | 9.25 | 426 | 0.653 | 1.97 | 0.51 | بەڵگەدارنیە |

**د. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات، ڕەگەزی (نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (191.62) و لادانی پێوەری (23.19) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (197.30) و لادانی پێوەری (22.15) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.584) و گەورەترە لە بەهای (T)

خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (18) خراوەتەڕوو، کەواتە بەگشتی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازە لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ .

خشتەی (18)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی ڕەگەز

| تەوەرە | نێر | | مێ | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەدری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەیی | | |
| بەگشتی | 191.62 | 23.19 | 197.30 | 22.15 | 426 | 2.584 | 1.97 | 0.01 | بەڵگەدارە |

لە کۆتایدا بەو دەرەنجامە گەیشتین، خوێندکارانی ڕەگەزی مێ لە زانکۆی سلێمانی زیاتر بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەئەستۆ دەگرن و پابەندن پێیەوە بە بەراوورد بەڕەگەزی نێر، بێگومان ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، کە دەکرێت هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئەو پەروەردە و پرۆسە پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەی، کە ڕەگەزی مێی پێیدا تێپەڕیووە، وا فێرکراون زیاتر پابەندبن بە ڕێسا و یاسا و نەریتە باوەکان، لەبەرئەوەی خێزانەکان دەیانەوێت کچەکانیان کەمترین لادانیان هەبێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە خاوەن کولتورێکە هەڵەی ڕەگەزی مێ زیاتر دەبینرێت و باسدەکرێت بە بەراوورد بە ڕەگەزی نێر، لە هەمانکاتدا ڕەگەزی مێ زیاتر لەڕەگەزی نێر بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی کار و باری ناو ماڵ و سەرپەرشتی کردنی خوشک و برا بچووکەکانیان دەخرێتە ئەستۆ، هەموو ئەوانەش کاریگەریی لەسەر شێواز و چۆنیەتیی ڕەفتاری ڕەگەزی مێ دروست دەکات و لە کردەوەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە .

ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەل دەرنجامی توێژینەوەکەی (عودە،2014)، توێژینەوەکەی (مشرف،2009)کە گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاوازە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی (مێ)، بەڵام

پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (عمر،2007) کە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز جیاوازە بەڵام لە بەژەوەندیی ڕەگەزی نێر، لە هەمانکاتدا پێچەوانەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (بن عبید،2016) کە گەشتووە بەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز .

بەپێی ئەو دەرئەنجامەی پێیگەشتوین گریمانەی چوارەم ( ئاستی بەرپرسیارێتیی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاوازە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ) هاتۆتەدی .

## 2. گۆڕاوی پسپۆڕی

### ا . ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی

ئەم ئەنجامە ئاماژە دەکات بەوەی، پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (53.25) و لادانی پێوەری (6.47) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (54.35) و لادانی پێوەری (7.84) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا، سوود لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە وەرگیراوە، بۆمان دەرکەوتووە کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.32) بچووکترە لە بەهای (T)خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی(0.05)، وەک لە خشتەی(19) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی زانستی و مرۆیی .

خشتەی (19)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بەپێی پسپۆڕی

| تەوەرە | زانستی | | مرۆیی | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەرخود | 53.25 | 6.47 | 54.35 | 7.84 | 426 | 1.32 | 1.97 | 0.18 | بەڵگەدارنییە |

**ب.ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە پسپۆڕی (زانستی) ناوەندی ژمێرەیی (72.40) و لادانی پێوەری (11.03) تۆمار کردووە، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) ناوەندی ژمێرەیی (75.66) ولادانی پێوەری (10.06) تۆمار کردووە، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا، سوود لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە وەرگیراوە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.86) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (20) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی (مرۆیی) .

خشتەی (20)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی پسپۆڕی

| تەوەرە | زانستی | | مرۆیی | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر زانکۆ | 72.40 | 11.03 | 75.66 | 10.06 | 426 | 2.86 | 1.97 | 0.00 | بەڵگەدارە |

**ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە پسپۆڕی (زانستی) ناوەندی ژمێرەیی (60.56) و لادانی پێوەری (10.22) تۆمار کردووە، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) ناوەندی ژمێرەیی (62.48) و لادانی پێوەری (9.19) تۆمار کردووە، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە،

بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.83) و بچووکترە لەبەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لەخشتەی (21) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی .

خشتەی (21)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی پسپۆڕی

| تەوەرە | زانستی | | مرۆیی | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر کۆمەڵگە | 60.56 | 10.22 | 62.48 | 9.19 | 426 | 1.83 | 1.97 | 0.06 | بەڵگەدار نیە |

**د. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەگشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی .**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (190.29) و لادانی پێوەری (22.97) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (196.26) و لادانی پێوەری (22.54) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.38) گەورەترە لە بەها (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (22) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی جیاوازە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی (مرۆیی) .

خشتەی (22)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بە پێی پسپۆڕی

| تەوەرە | زانستی | | مرۆیی | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەی | | |
| بەگشتی | 190.29 | 22.97 | 196.26 | 22.54 | 426 | 2.38 | 1.97 | 0.01 | بەڵگەدارە |

کەواتە بەو دەرئەنجامە دەگەین بە گشتی خوێندکارانی پسپۆڕییە مرۆییەکان لە زانکۆی سلێمانی زیاتر بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ دەگرن بەبەراورد بە خوێندکارانی پسپۆڕییە زانستییەکان .

دەکرێت هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆگرامانەی، کە لە کۆلێژە مرۆییەکاندا دەخوێندرێت، بەجۆرێک کە زیاتر باس لە بابەت و دۆخ و ڕووداوەکانی ناو زانکۆ و کۆمەڵگە دەکەن و لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی دەخەنەڕوو، هەروەها زیاتر بوار دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکاران تا گفتوگۆ لەسەر ئەو باس و بابەتانە بکەن و زیاتر کاتیان بۆ تاوتوێکردنیان دەبێت بە بەراوورد بە کۆلێژە زانستییەکان، ئەمانەش هاوکار دەبن بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوور و کێشە و باسەکانی ناو کۆمەڵگە و زانکۆ، کە دەبێتە پاڵنەرێک بۆیان، تا زیاتر لە ڕووداوەکان تێبگەن، گرنگی پێبدەن و بەشداربن تیایدا، لە کاتێکدا (تێگەیشتن، گرنگیپێدان، بەشداربوون) لە ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین .

ئەم دەرئەنجامەش هاواتایە لەگەڵ دەرنجامی توێژینەوەکەی (مشرف،2009)، کە گەشتووە بەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاوازە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لەبەرژەوەندیی (مرۆیی)، پێچەوانەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (بلوی،2002) و (العمری،2007) و (القحطانی،1998) و (الهذلی،٢٠٠٩) کە گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی زانستی و مرۆیی .

بەپێی ئەو دەرئەنجامەی پێیگەشتوین گریمانەی شەشەم (ئاستی بەرپرسیارێتیی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاوازە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی ) هاتۆتەدی .

### 3. گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون ( دەرەوەی شار ، ناو شار )

**ا.ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات، (دەرەوەی شار) ناوەندی ژمێرەیی (53.66) و لادانی پێوەری (7.48) تۆمار کردووە، لە بەرامبەردا (ناو شار) ناوەندی ژمێرەیی (54.33) و لادانی پێوەری(7.54) تۆمار کردووە، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.90) بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (23) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی جیاواز نییە بەرامبەر بە خود بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .

خشتەی (23)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

| تەوەرە | دەرەوەی شار | | ناو شار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەی | | |
| بەرامبەر خود | 53.66 | 7.48 | 54.33 | 7.54 | 426 | 0.90 | 1.97 | 0.36 | بەڵگەدار نیە |

**ب .ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (74.79) و لادانی پێوەری (9.61) تۆمار بکات، لەبەرامبەرد (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (74.82) و لادانی پێوەری (10.94) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز

ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.03) بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (24) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ جیاواز نییە بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .

خشتەی (24)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

| تەوەرە | دەرەوەی شار | | ناو شار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر زانکۆ | 74.79 | 9.61 | 74.82 | 10.94 | 426 | 0.03 | 1.97 | 0.97 | بەڵگەدار نیە |

## ج . ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە (دەرەوەی شار) ناوەندی ژمێرەیی (62.34) و لادانی پێوەری (0.09) تۆمارکر دووە، لەبەرامبەردا (ناو شار) ناوەندی ژمێرەیی (61.74) و لادانی پێوەری (9.76) تۆمار کردووە، پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.63) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (25) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .

خشتەی (25)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

| تەوەرە | دەرەوەی شار | | ناو شار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر کۆمەڵگە | 62.34 | 0.09 | 61.74 | 9.76 | 426 | 0.63 | 1.97 | 0.52 | بەڵگەدار نیە |

**د. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (194.59) و لادانی پێوەری (21.79) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (194.79) و لادانی پێوەری (23.46) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.09) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (26) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .

خشتەی (26)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە گشتی بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

| تەوەرە | دەرەوەی شار | | ناو شار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەگشتی | 194.59 | 21.79 | 194.79 | 23.46 | 426 | 0.09 | 1.97 | 0.92 | بەڵگەدار نیە |

کەواتە خویندکارانی دەرەوەی شار و ناو شار هاوئاستن لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، دەکرێت هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ نزیکی کولتوور و شێوازی ژیان و شێوازی پەروەردەکردن لای دانیشتوانی ناو شار و دەرەوەی شار و کاریگەربوونیان بەهەمان کارتێکەرەکانی ژیان، ئەوەش یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی بە جیهانیبوون و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و تێکەڵ بوون و کاریگەر بوونی کولتوورەکان بە یەکتر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری گەنجان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بە تایبەتی، بۆتە هۆی کەم بوونەوەی دەرکەوتنی جیاوازی لە ڕەفتاری گەنجانی ناو شار و دەرەوەی شار .

ئەم دەرئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (مشرف،2009)، کە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونی دەرەوەی شار و ناوشار .

بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەشتوین گریمانەی شەشەم ( ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاواز نییە بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون) هاتۆتەدی .

## 4. گۆڕاوی قۆناغی خوێندن (یەک ، چوار )

### ا. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن .

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی (یەک) ناوەندی ژمێرەیی (56.23) و لادانی پێوەری (6.72) تۆمار کردووە، لەبەرامبەردا قۆناغی (چوار) ناوەندی ژمێرەیی (25.16) و لادانی پێوەری (7.68) تۆمار کردووە، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت بەهای (T) بەدەستهاتوو (5.79) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (27) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بەخود جیاوازە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندیی قۆناغی (یەک) .

خشتەی (27)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود بە پێی قۆناغی خوێندن

| تەوەرە | یەک | | چوار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر خود | 56.23 | 6.72 | 25.16 | 7.68 | 426 | 5.79 | 1.97 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**ب . ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن .**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی(78.63) و لادانی پێوەری (9.68) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (71.46) و لادانی پێوەری (9.87) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت بەهای (T) بەدەستهاتوو (7.54) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (28) خراوەتەڕوو، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ جیاوازە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندیی قۆناغی (یەک) .

خشتەی (28)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ بە پێی قۆناغی خوێندن

| تەوەرە | یەک | | چوار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر زانکۆ | 78.63 | 9.68 | 71.46 | 9.87 | 426 | 7.54 | 1.97 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (63.94) و لادانی پێوەری (9.80) تۆمار بکات، لەبەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (60.26) و لادانی پێوەری (8.88) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو نموونە، بۆمان دەرکەوت کە بەهای (T) بەدەستهاتوو (4.07) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (29) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی جیاوازە بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندیی قۆناغی (یەک) .

خشتەی (29)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە پێی قۆناغی خوێندن

| تەوەرە | یەک | | چوار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| بەرامبەر کۆمەڵگە | 63.94 | 9.80 | 60.26 | 8.88 | 426 | 4.07 | 1.97 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**د. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە گشتی بۆ سەرجەم تەوەرەکان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن .**

ئەم ئەنجامە ئاماژە بەوە دەکات، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (63.94) و لادانی پێوەری (9.80) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (60.26) و لادانی پێوەری (8.88) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو

نموونە، بۆمان دەرکەوت بەهای (T) بەدەستهاتوو (4.07) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05)، وەک لە خشتەی (30) خراوەتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی لە ئاستی بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی بە گشتی بۆ هەر سێ تەوەرەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندیی قۆناغی (یەک) .

خشتەی (30)

ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی بە گشتی بە پێی قۆناغی خوێندن

| تەوەرە | یەک | | چوار | | پلەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەلگەداری | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەدەستهاتو | خشتەیی | | |
| بەگشتی | 202.83 | 22.89 | 187.59 | 20.19 | 426 | 7.31 | 1.97 | 0.000 | بەلگەدارە |

کەواتە لە کۆتایدا گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی قۆناغی یەک زیاتر بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی لە ئەستۆ دەگرن بە بەراورد بە قۆناغی چوار .

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (عودە،2014) کە گەشتووە بەو دەرئەنجامەی جیاوازی لە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، بەلام لە بەرژەوەندیی قۆناغی چوار، پێچەوانەی دەرئەنجامی توێژینەوەکەی (بلوی،2002)، توێژینەوەکەی (مشرف،2009) بەو دەرئەنجامە گەیشتوون ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی خوێندکارانی زانکۆ جیاواز نییە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندنی (یەک و چوار) .

بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتوین گریمانەی حەوتەم (ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک ) هاتۆتەدی .

– بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو دەرئەنجامە، هەمان پرسیار ئاراستەی نموونەی لێتوێژاوانی چاوپێکەوتنەکان کراو بەم شێوەیە: **ئاستی بەرپرسیارێتیی خوێندکارانی زانکۆ بە پێی قۆناغی خوێندن چۆن دەبینیت ؟** بەم جۆرە وەلامیاندایەوە :

(عباس) دەڵێت :((قۆناغی یەک بەرپرسیارێتیەکەی بەرزترە بە بەراوورد بە چوار))، هەروەها (شکریە) دەڵێت: (( یەکەکان زۆر باشترن لە چوارەکان ))، لەهەمان کاتدا (د.ئومێد) دەڵێت:(( قۆناغی یەک زیاتر بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن تا چوار))، لەگەڵ ئەوەشدا (نیاز) دەڵێت: (( قۆناغی یەک زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن تا چوار ))، زیاتر لەوەش (م.سورێن) دەڵێت: (( یەک باشترە تا چوار))، لەکاتێکدا (د.مصطفى) دەڵێت: (( قۆناغی چوارەکان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان بەرزترە)) بەهەمان شێوە (د.یوسف)دەڵێت: (( قۆناغی چوارەکان باشترن )) .

لە کۆی وەڵامەکانیان گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی زۆرینە هاوڕان لەسەر ئەوەی ئاستی بەرپرسیایتیی کۆمەڵایەتی لای قۆناغی یەک بەرزترە بە بەراورد بە قۆناغی چوار، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی دەرئەنجامی وەڵامی خوێندکارانە لە فۆرمی پێوەری بەکارهاتووی توێژینەوەکە .

ـــ بۆ زانینی هۆکارەکەی پرسیار لە لێتوێژراوانی نموونەی چاوپێکەوتنەکە کراو، ئەوانیش گەڕاندیانەوە بۆ چەند هۆکارێک، کە ئەمانەن :

(د.ئومێد) دەڵێت : (( کەمی هەلی کارە بۆ ئەو خوێندکارانەی تەواویان کردووە))، بەهەمان شێوە (عباس) دەڵێت: (( کەمی هەلی کارە ))، (م.سورێن) دەڵێت: (( هۆکارەکەی کولتوورێکە لە زانکۆ کە خۆیان دروستیان کردووە))، هەروەها (شکریە) دەڵێت: ((یەکەکان زیاتر دەترسن تا چوارەکان))، جگە لەوەش (نیاز) دەڵێت: (( چوارەکان چاوکراوەترن و بارودۆخی زانکۆ زیاتر کاری تێکردوون ))

کەواتە لە کۆی وەڵامەکانیان دەگەین ئەو دەرئەنجامەی، دەستنەکەوتنی هەلی کار زیاتر کاریگەریی نەرێنی لەسەر قۆناغی چوارەکان دروست دەکات بە بەراورد بە قۆناغی یەکەکان، چونکە قۆناغی چوارەکان کۆمەڵێک هاوڕێیان هەیە و چەند ساڵێک پێش ئەمان خوێندنیان تەواو کردووە و دەیانبینن بێکارن و بڕوانامەکەیان نەبۆتە هۆی دەستکەوتنی کار و پیشەیەک بۆیان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵاتیان دروست دەکات و زیاتر بەرەوە بێباکی لە خوێندن و زانکۆ و کۆمەڵگەیان دەبات .

هۆکارێکی دیکە کولتوورێکە لە زانکۆدا خۆیان دروستیان کردووە، بۆ نموونە ڕێک دەکەون لەسەر نەهاتنەوەیان بۆ زانکۆ یان نەچوونە هۆڵی وانەخوێندن، ئەم ڕەفتارانە زیاتر لەقۆناغی چوارەکاندا دەردەکەوێت، پاشان کاریگەریی لەسەر قۆناغەکانی دیکە دروست

دەکات و فێری ئەو کولتووره دەبن و دووبارەی دەکەنەوە، ئەگەر ئەمە ببەستینەوە بە تیۆری (فێربوونی کۆمەڵایەتی)، خوێندکاران کە دێنە زانکۆ ڕەفتارێکی نوێ دەبینن کە پێشتر نەیانبینووە و لە زانکۆدا فێردەبن لاسایی دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوەوە بێت خوێندکارانی قۆناغی یەک کە دێنە زانکۆ ببینن خوێندکارانی قۆناغەکانی پێش خۆیان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵاتیان لە ئەستۆدەگرن و ئەم ڕەفتارە بۆتە کولتوور لایان، ئەوا خوێندکارانی قۆناغی یەک فێری ئەم ڕەفتارە دەبن و لاسایی دەکەنەوە و دەبێتە تایبەتمەندی و کولتوورێکی بەردەوام لە زانکۆدا .

دەکرێت هۆکارێکی دیکەی بگەڕێتەوە بۆ مانەوەی کاریگەریی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لای خوێندکارانی قۆناغی یەک، چونکە لە قۆناغی ئامادەیدا خوێندکاران زیاتر پابەندن بە ڕێسا و ڕێنمایەکانی خوێندن و ئامادەبوون لە هۆڵەکانی خوێندن و خاوێنکردنەوەی خوێندنگاکانیان .

دەکرێت هۆکارێکی دیکە لاوازی پێکهێنەرەکانی زانکۆیە لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ .

**ئامانجی پێنجەم : زانینی سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ .**

بۆ زانینی سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی زانکۆ لە پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، پرسیار لە نموونەی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکان کرا، ئەوانیش لەڕێگای ئاماژەیان بەسێ لە پێکهێنەرەکانی زانکۆ کرد، لەبەرئەوەی پێیان وابوو ئەم پێکهێنەرانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەفتاری خوێندکاران هەیە، کە بریتیبوون لە ( پرۆگرامی خوێندن، مامۆستا، چالاکی خوێندکاری) و وەڵامەکانیان بەم شێوەی خوارەوە خستەڕوو :

**ـــ سەبارەت بە پرۆگرامەکان**

(د.یوسف)دەڵێت:(( ئێستا سیستەمی بۆلۆنیا بەکاردەهێنرێت، خوێندکار فێردەکات بەرپرسیارێتی چییە ))، هەروەها (د.چۆمان)دەڵێت: (( ئێستا سیستەمی بۆلۆنیا هەیە خوێندکار فێری بەرپرسیارێتیی دەکرێت))، لەگەڵ ئەوەشدا (د.ئومێد)دەڵێت: ((سیستەمی بۆلۆنیا

جێبەجێ دەکرێت خوێندکار ئاگادار دەکاتەوە دەبێت چی بکات))، بەهەمان شێوە (نیاز) دەڵێت: ((ئەم ساڵ لەم سیستەمە تازەی بۆلۆنیادا فێری بەرپرسیاریتی دەکرێن))، لە هەمانکاتدا (عباس) دەڵێت:((سیستەمی بۆلۆنیا جێبەجێ کراوە، بۆیان باسکردوون بەرپرسیارێتییان چییە))، سەرەڕای ئەوانیش (م.سورێن)دەڵێت: (( بڕیار وایە کار بەسیستەمی بۆلۆنیا بکرێت، خوێندکار ئاگادار دەکرێتەوە ئەو چوار ساڵە چی بکات)) .

**ـ سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستا**

(د.یوسف) دەڵێت : ((بەشێکی مامۆستا ڕۆڵی هەیە لەمەدا نیوەی ژمارەی مامۆستاکانە، نیوەکەی تری ئەو توانایەی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکان بە ئامادەکراوی دەدەن بە خوێندکاران))، بەهەمان شێوە (نیاز) دەڵێت : ((هەندێک لە مامۆستا هەوڵیان داوە بەڵام هەندێکی تریان بە ئەرکی خۆیانی نازانن))، هەروەها (د.ئومێد) دەڵێت : ((مامۆستاکان زیاتر فۆکەسیان لەسەر مەنهەجی خوێندنە))لە کاتێکدا (د.مصطفى) دەڵێت :((بەڵی مامۆستاکان هوشیاریان دەکەنەوە و پەروەردەشیان دەکەن )) .

**ـ سەبارەت بە چالاکی خوێندکاری**

(د.یوسف) دەڵێت : ((ڕۆژانە خوێندکاران پەیوەندیم پێوە دەکەن تا چالاکی بکەن هەرچەندە ئەمانە کەمن، بەڵام زۆر دڵخۆشن بەو چالاکیانە))، لەگەڵ ئەوەشدا (نیاز) دەڵێت: (( خوێندکاران خۆیان چالاکیان کەمە))، بەهەمان شێوە (د.ئومێد)دەڵێت: (( چالاکی کە خوێندکار بەشدار بێت کەمە))، زیاتر لەوەش (عباس) دەڵێت : (( چالاکی خوێندکاران زۆر کەمە))، هەروەها (د.مصطفى) دەڵێت : (( چالاکی بۆ خوێندکاران زۆر کەم هەیە )) .

لە کۆی وەڵامەکانیان دەردەکەوێت، ئەم ساڵ پرۆسەیەکی نوێ بە ناوی ( پێواژۆی بۆلۆنیا) لەزانکۆدا پەیڕەو دەکرێت بۆ قۆناغی یەکەکانی سەرجەم بەشەکان، کە تیادا خوێندکار هۆشیار دەکرێتەوە بەرامبەر بە بەرپرسیارێتییەکانی و فێر دەکرێت وەک خوێندکارێک ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی لەسەر شانیەتی چین و دەبێت چی بکات لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندنیدا، بەڵام ساڵانی پێشوو بەو ڕێکخراوییە پرۆگرامەکان کاریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران نەکردووە، لەکاتێکدا دەتوانرا سوود لە پرۆگرامەکانی خوێندن وەربگیرێت بۆ فێرکردنی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی

کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران وەک لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێکراوە، جا ئەو فێرکردنە لە ڕێگای وانەگوتنەوەوە بێت، یان لە ڕێگای پیشاندانی فیلم و ڤیدیۆوە بێت .

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ نەیانتوانیووە ڕۆڵێکی کارایان هەبێت لە هۆشیار کردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیان، بەهۆی جۆر و زۆری پرۆگرامەکان، کەوای کردووە مامۆستاکان زیاتر جەخت لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بکەن و کاتیان بۆ بابەتی دیکە نەبێت، بەتایبەت لە بەشە زانستییەکان، سەرەڕای ئەوەش مامۆستاکان ئەرکی کەم دەخەنە سەرشانی خوێندکاران و گوانەکانیان بە ئامادەکراوی پێدەدەن، کە وا لە خوێندکار دەکات بەدوای زانیاریدا نەگەڕێت و فێرنەبێت بەرپرسیارێتیەکانی چین، دەکرێت هۆکاری ئەمەش بێباکی خوێندکاران بێت بەرامبەر خوێندنەکەیان و ئامادەکردنی وانەکانیان .

سەبارەت بە چالاکیی خوێندکاری، ژمارەیەک لە خوێندکاران چالاکییان لە زانکۆدا هەبووە وەک ئەنجامدانی سیمینار لە وانەکاندا و بەشداربوون لە هەڵمەتی پاراستنی ژینگەی زانکۆ و سەوزکردنی، هەروەها کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکان، بەڵام ژمارەی ئەو چالاکییانە کەمبوون و لە ئاستی پێویستدا نەبووە و زۆرێک لە خوێندکاران تیایدا بەشدارنەبوون، لەکاتێکدا یەکێک لەو ڕێگایانەی کە زانکۆ دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت بۆ پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، هەروەک وەک لە تیۆری ڕۆڵدا ئاماژەی پێکراوە، ئەنجامدانی چالاکی خوێندکارانە، کە یەکێکە لە ڕێگا کاریگەر و ئاسانەکانە بۆ هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ و چۆنیەتی لە ئەستۆگرتنی، چونکە خوێندکاران خۆیان لەو چالاکیانەدا ڕۆڵ دەبینن و فێردەبن چۆن چالاکییەکان بەڕێوەببەن و ئەرکەکانیان بەرپرسانە جێبەجێی بکەن و کاتی بۆ تەرخان بکەن، لەبەرئەوەی کەموکورتی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان و دڵسۆزنەبوون تیایدا دەبێتەهۆی کەموکورتی لە بەڕێوەچوونی چالاکییەکە و نەگەییشتن بە ئامانجەکانی .

کەمی ئەنجامدانی چالاکی خوێندکاری دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە: داهاتی تایبەت لەلایەن زانکۆوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چالاکییەکان بەڕێوەچوونی تەرخان نەکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی بەشەکان پاڵنەری مەعنەوی بۆ خوێندکاران هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە پێدانی سوپاسنامە و بڕوانامەی ڕێزلێنان و هەندێک جار پێدانی دیاری بچووک و ناساندنیان لەڕێگای سایت و ماڵپەڕەکانی زانکۆ و بەشەکانیانەوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی

باشی هەبووە و بۆتە پاڵنەرێکی دڵخۆشکەر بۆ خوێندکارە بەشداربووەکانی چالاکییەکان، لە هەمانکاتدا هاندەربووە بۆ زیادبوونی ژمارەیان، هەر وەک لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە گرنگی پاڵنەرەکان لە فێربوون و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران کراوە، ئەگەر ئەم پاڵنەرانە بەردەوام و زیاتر بن دەبنە فاکتەرێکی کارا و کاریگەریی دەرەکی بۆ فێربوونی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای ژمارەیکی زۆری خوێندکاران .

هۆکارێکی دیکە کەمی ئەنجامدانی چالاکییەکان دەکرێت کەمی هەوڵ و کۆششی خودی خوێندکاران بێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی خوێندکاری و هەستنەکردنیان بێت بە بەرپرسیارێتی لەم ڕووەوە و لاوازی هەوڵ و پاڵنەری خودیان بێت بۆ ئەنجامدانی، هۆکاری ئەمەش دەکرێت لاوازی ئاستی مەعریفی و هۆشیاریی خوێندکاران بێت سەبارەت بە بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان وەک خوێندکارێکی زانکۆ، دەکرێت هۆکارێکی ئەمە خودی خوێندکار خۆی بێت کە بێباک و کەم تەرخەم بێت لەم ڕووەوە، یاخود ئەو پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەوە بێت کە خوێندکارانی پێداتێپەڕیووە، کەموکورتیان هەبووبێت سەبارەت بە فێرکردنی بەرپرسیارێتییەکانیان و چۆنیەتی لەئەستۆگرتنیان .

لە کۆی وەڵامەکانی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، زانکۆ نەیتوانیووە لە ئاستی پێویستدا خوێندکارەکانی هۆشیار بکاتەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پەرەدان بەم ڕەفتارە لایان و هەروەها فێری چۆنیەتی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵاتییان بکات، ئەمەش لایەنێکی کەم و کورتی و نەرێنیە بۆ زانکۆ، بەڵام وەک ئاماژەی پێکراوە زانکۆ کاردەکات بۆ پەیڕەوکردنی پرۆسەیەکی نوێ بەناوی (پێواژوی بۆڵۆنیا) و لەم ساڵیشدا جێبەجێ کراوە، کەتیادا بەڕێکخراوی لەوانەی تایبەتدا ئیش لەسەر خوێندکاران دەکات بۆ هۆشیار کردنەوەیان سەبارەت بە بەپرسیارێتییەکانیان و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی، کە جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام تا چەند زەمینە سازی بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە دەکرێت و ستافی گونجاوی بۆ ئامادە دەکریت و بەردەوام دەبێت، ئەوە داهاتوو پیشانی دەدات .

بە پێی ئەو دەرئەنجامە گریمانەی هەشتەم ( زانکۆ کەموکورتی هەیە لە پەرەدان بەڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ ) هاتۆتەدی .

**ئامانجی شەشەم : زانینی توانای زانکۆ لە فەراهەمکردنی مافەکانی خوێندکاراندا**

ئاماژەمان بە لایەنی یەکەمی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کرد، کە ئەرکە، گرنگە ئاماژە بە لایەنی دووەمی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیش بکرێت، کە مافە، چونکە لەبەرامبەر داواکردنی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە خوێندکارانی زانکۆ، گرنگە مافەکانیان تا ئاستێکی باش بۆ فەراهەم بکرێت، ئەم پرسیارە ئاڕاستەی نموونەی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکان کرا ، **ئایا زانکۆ توانیویەتی مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە زانکۆدا فەراهەم بکات؟** ، بەم جۆرە وەلامیان دایەوە :

(د.یوسف)دەڵێت: (( لەڕووی زانستییەوە بۆیان دابینکراوە، بەڵام مامۆستاکان لە ئاستی پێویستدا نین )) ،لەکاتێکدا د.چۆمان دەڵێت: (( لەڕووی پرۆگرام و مامۆستاکانیان لە ئاستێکی باشدان))، هەروەها (د.ئومێد) دەڵێت: ((هەست دەکەم لەڕووی زانستییەوە پێداویستییەکانیان بۆ دابینکراوە و چەندین پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەریان هەیە، بەڵام لەڕووی پرۆگرامەوە دایم کێشە هەبووە ))،لەگەڵ ئەوەشدا (عباس) دەڵێت: ((لەڕووی زانستیەوە بۆیان دابین کراوە))، زیاتر لەوەش (د.مصطفی) دەڵێت : ((سورین لەسەر بوونی مامۆستای باش و پسپۆڕ و نەفەوتانی وانەکانیان))، هەروەها (م.سورێن) دەڵێت: ((لەڕووی زانیاری و پرۆگرامەوە لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام مافی خوێندنی خۆڕایی پێدراوە، هەروەها بەشە ناوخۆییەکان بەخۆڕاییە )) لە هەمانکاتدا (شکریة) : (( لە ناو بەشی ناوخۆیدا پێویستییەکانیان بۆ دابینکراوە ))، بەهەمان شێوە (هاوکار)دەڵێت: (( پێداویستیی بەشە ناوخۆییەکان لە ئاستێکی بەرزدا دابینکراوە ))، هاوکات (شێرزاد) دەڵێت: (( پێداویستی تەندروستی لە بنکەی تەندروستی زانکۆ لە ئاستێکی زۆر باشدا بۆیان دابینکراوە )) .

لە کۆی وەڵامەکانی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنەکان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، هەندێک لە لێتوێژراوەکان ڕازی نەبوون لە پرۆگرامەکانی خوێندن و چۆنیەتی گوتنەوەی وانەوەکان و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران، بەڵام زۆرینە هاوڕان لەسەر ئەوەی زانکۆ لە ئاستێکی باشدا توانیویەتی مافەکانی خوێندکاران فەراهەم بکات، لەڕووی زانستی و گرنگیدان بە وانەکان و بوونی مامۆستای شارەزا، لە هەمانکاتدا خوێندن لە زانکۆدا بە خۆڕایە و بنکەی تەندروستی و بەشی ناوخۆیی تایبەت بە زانکۆ بۆ خوێندکاران هەیە و پێداویستییەکانی خوێندکاران لە ئاستێکی باشدا دابینکراوە، خوێندکاران بێ بەرامبەر سوودیان لێوەردەگرن و بەکاریان دەهێنن، هەموو ئەمانەش بۆ زانکۆ لایەنی ئەرێنین .

بەڵام لەوەڵامی هەمان پرسیاردا، کە لە فۆڕمی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە لە خوێندکاران کراوە، زۆرینەی خوێندکاران ئاماژەیان بەوەکردووە، زانکۆ نەیتوانیوە مافەکانیان بۆ فەراهەم بکات وەک لە پاشکۆی (9) خراوەتەڕوو .

لە کۆتایدا بە دوو دەرئەنجامی جیاواز گەیشتووین، بە ڕای لێتوێژراوانی نموونەی چاوپێکەوتنەکان، زانکۆ توانیویەتی لە ئاستێکی باشدا مافەکانی خوێندکاران فەراهەم بکات، بەڵام بەڕای خوێندکاران، زانکۆ نەیتوانیوە مافەکانیان بۆ فەراهەم بکات، دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە بگەڕێتەوە بۆ، دنیابینی نموونەی چاوپێکەوتنەکان و تێگەیشتنیان لە دۆخ و توانای زانکۆ و بەراوردکردنی بە دۆخی دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگە و دۆخی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، کە پێیان وایە زانکۆ توانیویەتی لە ئاستێکی باشدا مافەکانی خوێندکاران لە زانکۆدا فەراهەم بکات بە پێی ئەو توانا و دەسەڵاتەی هەیەتی .

دەکرێت هۆکاری جیاوازیی ڕای خوێندکاران بگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی خوێندکاران و ئاگاداربوونیان لە دۆخی زانکۆکانی جیهان و بەراوردکردنیان بە دۆخی خوێندکار و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و بە باشتر زانینی زانکۆکانی دەرەوە بە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئاستی زانستی و ئاستی مامۆستا و گرنگیدان بە توانا و داهاتوویی خوێندکاران و پەرەردان بە توانای زانستی و داهێنانکاریان .

گریمانەی نۆیەم ( ڕادەی فەراهەم بوونی مافەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستێکی باشدایە)

# باسی دووەم : ئەنجام و دەرنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی

## یەکەم : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1. ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو گەشتۆتە (54.06) پلە، لادانی پێوەرەکەی (7.51)، بەهای (T) بەدەستهاوو (16.68) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427) .

2. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆی سلێمانی، ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە (74.81) پلە و لادانی پێوەرەکەی (10.41) پلەیە، بە بەراوود کردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (57) پلەیە، بەهای(T) بەدەستهاتوو ( 35.39) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427) .

3. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە، ناوەندە ژمێرەییەکەی گەشتۆتە (61.98) پلە و لادانی پێوەرەکەی (9.49) پلە، بە بەراوودکردنی ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بە ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی کە (51) پلەیە بەهای (T) بەدەستهاتوو ( 23.92) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) و بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427) .

4. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو بۆ سەرجەم تەوەرەکان (194.71) پلەیە، لادانی پێوەرەکەی (22.78) پلەیە، ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی (156) پلەیە، بەهای (T) بەدەستهاتوو (35.15) یە و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) یە، بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و پلەی ئازادی (427) .

5. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر خود بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ڕەگەزی (نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (53.63) و لادانی پێوەری (7.77) تۆماربکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (54.43) و

لادانی پێوەری (7.29) تۆماربکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری (T) بۆ دوو سامپڵ، بۆمان دەرکەوت بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.101) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

6. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، ڕەگەزی (نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (61.65) و لادانی پێوەری (9.78) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (62.25) و لادانی پێوەری (9.25) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.653) و بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

7. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، ڕەگەزی ( نێر) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (191.62) و لادانی پێوەری (23.19) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا ڕەگەزی (مێ) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (197.30) و لادانی پێوەری (22.15) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو(2.584) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆپلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی(0.05) .

8. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (56.23) و لادانی پێوەری (6.72) تۆماربکات ، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) تانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (25.16) و لادانی پێوەری (7.68) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (5.79) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

9. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (78.63) و لادانی پێوەری (9.68) تۆمار بکات ، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (71.46) و لادانی پێوەری (9.87) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (7.54) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

10. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (63.94) و لادانی پێوەری (9.80) تۆمار بکات ، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی

(60.26) و لادانی پێوەری (8.88) تۆمار بکات و بەهای (T) بەدەستهاتوو (4.07) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

11. ئەنجامی تایبەت بە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەگشتی بەپێی قۆناغی خوێندن، قۆناغی (یەک) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (63.94) و لادانی پێوەری (9.80) تۆمار بکات ، لە بەرامبەردا قۆناغی (چوار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی(60.26) و لادانی پێوەری (8.88) تۆمار بکات، بەهای(T) بەدەستهاتوو (4.07) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

12.ئەنجامی تایبەت بەئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر خود بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی، پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (53.25) و لادانی پێوەری (6.47) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (54.35) و لادانی پێوەری (7.84) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.32) وبچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

13. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی، پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (72.40) و لادانی پێوەری (11.03) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (75.66) و لادانی پێوەری (10.06) تۆمار بکات ،پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕیەکەدا، بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.86) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

14. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی، پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (60.56) و لادانی پێوەری (10.22) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (62.48) و لادانی پێوەری (9.19) تۆمار، بەهای (T) بەدەستهاتوو (1.83) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

15. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی، پسپۆڕی (زانستی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (190.29) و لادانی پێوەری (22.97) تۆمار بکات، لەبەرامبەردا پسپۆڕی (مرۆیی) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی

(196.26) و لادانی پێوەری (22.54) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو پسپۆڕییەکاندا، بەهای (T) بەدەستهاتوو (2.38) و گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی(0.05) .

16. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (53.66) و لادانی پێوەری (7.48) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (54.33) و لادانی پێوەری (7.54) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێبوونەکەدا، بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.90) و بچووکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

17. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (74.79) و لادانی پێوەری (9.61) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (74.82) و لادانی پێوەری (10.94) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.03) و بچووکترە لە بەهای ( T ) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلەو ئاستی دەلالەتی (0.05) .

18. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (62.34) و لادانی پێوەری (0.09) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (61.74) و لادانی پێوەری (9.76) تۆمار بکات، بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.63) و بچوکترە لەبەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

19. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی نیە بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، (دەرەوەی شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (194.59) و لادانی پێوەری (21.79) تۆمار بکات، لە بەرامبەردا (ناو شار) توانیویەتی ناوەندی ژمێرەیی (194.79) و لادانی پێوەری (23.46) تۆمار بکات، پاشان بۆ دەرخستنی جیاواز ئاماری لە نێوان هەردوو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەدا، بەهای (T) بەدەستهاتوو (0.09) و بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.97) بۆ پلەی ئازادی (426) پلە و ئاستی دەلالەتی (0.05) .

## دووەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### 1. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە خود

أ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود بەرزە .

ب. زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە خود, خۆی دەبینێتەوە لە: دیاریکردنی ئامانجەکانیان و هەوڵدان بۆ هێنانەدیان، هەروەها گرنگیدان بە پاراستنی تەندروستیی جەستەیان و هۆشیار بوونیان بەرامبەر مافەکانیان وەک خوێندکارێک لە زانکۆ و وەک تاکێک لە کۆمەڵگە .

پ. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لە نێوانیاندا نیەە .

ت. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک .

ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

چ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە خود بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

### 2. بەرپرسارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە زانکۆ

ا. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ بەرزە .

ب. دەردەکەوێت زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی لە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆ, خۆی دەبنێتەوە لە: هاوکاریکردنی هاوڕێکانیان لە کاتی پێویستدا و خۆبە بەرپرسزانینیان بەرامبەر پاراستنی کەل و پەلەکانی

هۆڵی وانه خوێندن و پارێزگاری لێکردنیان، هەروەها ئامادەبوونیان لە وانەکان لەکاتی خۆیدا و پابەنبوون پێیانەوە .

پ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازە لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێ .

ت. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک .

ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی .

چ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

## 3. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە

ا. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەرزە .

ب. زۆرترین دەرکەوتەکانی بەرزی لە ڕەفتاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە لەوەی : ڕێگری لە زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە دەکەن و شوێنە گشتیەکانی دەپارێزن و پەیڕەوی یاسا تەندروستیە گشتیەکان دەکەن، لە هەمانکاتدا خۆشحاڵن بەسەرکەوتنی پرۆژەکانی شارەکەیان و وەک داهاتوویی خۆیان تەماشای دەکەن .

پ. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

ت. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک .

ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

چ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

## 4. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بە گشتی بۆ هەرسێ تەوەرەکە

أ. بە گشتی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەرزە، بەڵام دەرئەنجامی چاوپێکەوتنەکان پێچەوانەی ئەم دەرئەنجامەیە، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی نزمە .

ب. پێی بەهای ناوەندە ژمێرەییان ئاستی بەرپرساریێتیی کۆمەڵاتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە (کۆمەڵگە) لە پلەی یەکەمدایە و بەرزترینە، بەرامبەر بە ( زانکۆ ) لە پلەی دووەمدایە، بەڵام بەرامبەر بە (خود ) لە پلەی سێیەمدایە .

پ. بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ جیاوازە بەپێی ڕەگەز لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی می .

ت. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە گشتی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازە لە بەرژەوەندیی قۆناغی یەک، لە چاوپێکەوتنەکانیش گەشتینە هەمان دەرئەنجام .

ج. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەیەکی گشتی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی جیاوازە لە بەرژەوەندیی پسپۆڕی مرۆیی .

چ. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەیەکی گشتی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازی لە نێوانیاندا نییە .

5. زانکۆ نەیتوانیوە لە ئاستی پێویستدا ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکارەکانی سەبارەت بە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی .

6. زانکۆ توانیویەتی لە ئاستێکی پێویستدا مافەکان بۆ خوێندکاران فەراهەم بکات .

## سێیەم : ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک لەبارەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەخاتە ڕوو :

1. هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی سەبارەت بە گرنگی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و مەترسیەکانی لە ئەستۆ نەگرتنی لەڕێگای وانەی تایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆدا و گوتنەوەیان لەلایەن مامۆستایانەوە .

2. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران لە ڕێگای ئەنجامدانی کۆڕ و سیمنیاری تایبەت بە هۆشیاری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ، لەلایەن مامۆستایان و ڕۆشنبیرانەوە .

3. فێرکردنی چۆنیەتی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئەنجامدانی و چالاکی خوێندکاری و ڕەخساندنی هەل بۆ خوێندکاران تا بەشدار بن لەو چالاکییانە، لە لایەن دەستەی کارگێڕی و مامۆستایانی زانکۆوە .

4. بەشداربوونی خوێندکاران لە چالاکیەکاندا بکرێتە مەرج و نمرەی لەسەر دابنرێت لە لایەن مامۆستایانەوە تا ببێتە هاندەر بۆ بەشداربوونیان، لەهەمان کاتدا لە چالاکییەکاندا کاربکرێت بۆ بەرجەستە بوون و پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ .

## چوارەم : پێشنیازەکان

بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوونی خوێندکاران و گەنجان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ،توێژەر پێشنیار دەکات توێژەرانی دیکە توێژینەوە لەلایەنە جیاوازەکانی دیکەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و لەکۆمەڵگەی جیاوازتردا توێژینەوە ئەنجام بدەن بۆ نموونە :

1. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان .

2. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی ناوەندەکانی دیکەی خوێندن .

3. ڕۆڵی زانکۆ و قوتابخانەکان لە پەروەردان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران.

4. ڕێگریەکانی بەردەم پەرەدان بە بەرپرییسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران یان گەنجان .

5. گرنگی ڕۆڵی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە خزمەتکردنی زانکۆ و کۆمەڵگە .

6. ڕۆڵی مامۆستایان لە هوشیارکردنەوە و پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی (زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی خوێندن ) .

٧. ماوەی چوار ساڵی دیکە ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە لە هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، بۆ زانینی ئاستی کاریگەریی پێواژوی بۆلۆنیا لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی .

# سەرچاوەکان

# کتێب

* قورئانی پیرۆز

## یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان


1. حەمە،ئازاد، هزری بزوتنەوەی ئایاری 1968 لە پاریس، چاپخانەی چوار چرا، شوێنی چاپ نیە ،2011 .

2. حەمەد ،یوسف عثمان، گەنج گرفتە دەروونیەکان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،2015.

3. حەسەن،ئیحسان محمد،تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان،وەرگێڕانی ، دیدار ئەبو زێد ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر ،2016.

4. دۆلای ، جۆن پۆڵ، شۆڕشی خوێندکارانی 68، وەرگێڕانی، شوان ئەحمەد، چاپی دووەم ،چاپخانەی کارۆ، شوێنی چاپ نیە ، 2013 .

5 . سادق، فوئادی تاهیر، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، 2008 .

6. سدیق، ئارام،گەنج و شوناس، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی،2007.

7. سەعید،شاهۆ، کۆمەڵگای گەنج/گۆمەڵگای پیر ،ڕەهەند،ژمارە (16-17)،شوێنی چاپ نیە ،2004 .

8. شاوەیس ،بەختیار جەبار، گەنج .سیاسەت . مەعریف، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی ،2006 .

9. شوانی، محمد، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2015 .

10. شێفەرس، برنهارد، بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان، وەرگێڕانی، یووسف فەقیهی، چاپخانەی شڤان ،وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، شوێنی چاپ نیە،2008 .

11. عوسمان، محەمەد ،هەژاریی خوێندکار لەڕووی هزری ، دەروونی و مۆڕاڵیەوە، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی ،2017.

12.کۆهین،برۆس، بنەماکانی کۆمەڵناسی، ورگێڕانی چەکۆ ئەحمەدی، دەزگای چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر ،2014..

13. مستەفا، یوسف حەمە سالّح، کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، 2019 .

14. میران،رەشاد، سۆسیۆلۆگیای مەعریفە،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر،2017.

15. محمود،سالار، زانکۆ و کۆمەڵگا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی، سلێمانی، 2001.

16. قانع،مەریوان وریا، شوناس و ئالۆزی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، شوێنی چاپ نیە، 2010.

## دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان

17. ابراهيم ،ابو الحسن عبدالموجود ، العمل مع الشباب، مكتب الجامعى الحديث، بدون مكان النشرە،2016.

18. ابوالنصر، مدحت محمد، ممارسة الخدمة الاجتماعية فى مجال المسئولية الاجتماعية، مكتبة الجامعى الحديث،الاسكندرية، 2016

19. بدوى، احمد زكى، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية،مكتبة لبنان،بيروت ،1982 .

20. الجوهرى ،محمد ،المدخل الى علم الاجتماع، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان ،2007 .

21. الجوهرى، محمد، و عبدالله الخريجى ، طرق البحث الاجتماعى، ط5، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة،2008 .

22. الجوهرى، محمد، و احمد زيدان و اخرون، تاريخ التفكير الاجتماعى، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان ،2011

23. الحسن، احسان محمد، و عبدالحسين زينى، الاحصاء الاجتماعى، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل ، 1982 .

24. خيرى، محمد ، الاحصاء فى البحوث النفسية، دار الفكر العربى، القاهرة،1997

25. الدهان،عقيلة عبدالحسين سعيد، اثر التنشئة الاجتماعية فى البناء الديمقراطى، دار ميزوبوتاميا للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد،2014.

26. حامد عبدالسلام الزهران ,علم النفس الاجتماعى,ط5,عالم الكتب,القاهرة.1984.

27. زهران، حامد عبدالسلام، علم النفس النمو ،الطفولة و المراهقة، ط5، عالم الكتب، القاهرة،1995 .

28. الزيود، ماجد، الشباب و القيم فى عالم متغير ، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان،2011

29. زيدان، محمود، الاستقراء والمنهج العلمى، ط4، مؤسسة الشباب الجامعة للطباعة والنشر، القاهرة ، 1980 .

30. سكوت، جون، علم الاجتماع المفاهيم الاساسية، ترجمة ، محمد عثمان،المكتبة العرية للابحاث والنشر، بيروت ،2009 .

31. سلامة، عبدالمقصود معوض، ميثاق الطالب الجامعى الحقوق و الواجبات ، جامعة المجمعة ، مملكة العربية السعودية، 2015 .

32. شلتز، دوان، نظريات الشخصية، ترجمة حمد دلى الكربولى، المكتبة الوطنية للنشر والتوزيع، بغداد ،1983 .

33. صالح ، على عبدالرحيم و زينة على صالح و حسام محمد منشد، سيكولوجية الشباب نموهوم ،صحتهم، ارشادهم النفسى ،الدار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان ،2018.

34. الصالح، مصلح احمد، الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية،ط1،دار عالم الكتب للطباعة والنشرو التوزيع، الرياض ،1999.

35. الصفار ، حسن ، مسؤلية الشباب، طبعة الثالثة ، دار البيان العربى، بيروت،1992.

36. عبدالرحمن ، محمد السيد ، نظريات الشخصية، دار قباء للطباعة والنشر و التوزيع، القاهره، 1998.

37. عبدالقادر، موفق بن عبدالله، منهج البحث العلمى وكتابة الرسائل العلمية، ط1،دار التوخيد للنشر، الرياض،2011 .

38. عثمان، سيد احمد، التحليل الاخلاق للمسئولية الاجتماعية، ط2،مكتبة الانجلو المصرية،القاهره، 2010 .

39. عويضة،الشيخ كامل محمد محمد، جان بول سارتر، دار الكتب العلمية، بيروت، ، 1993.

40. العانى ،نزار محمد سعيد، اضواء على الشخصية الانسانية، دار الشؤن الثقافية العامة،بغداد ،1989.

41. العطار، اسعد تقى و شذى بنت عبدالمجيد الزجالية، المقارنة فى المسؤولية الاجتماعية (الاسرية و المهنية) لدى المراة العمانية العاملة فى محافظة مسقط، نشر وزارة التنمية الاجتماعية، عمان،2014

42. عطوى، جودت عزت، الادارة المدرسية الحديثة، دار الثقافة للنشر والتوزيع،عمان - الاردن،ط8، 2014 .

43. العيسوى، عبدالرحمن محمد، جنوح الشباب المعاصر و مشكلاته، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، 2004 .

44. غبارى،محمد سلامة محمد، التنمية والرعاية الشباب، المكتب الجامعى الحديث ،الاسكندرية، 2011 .

45. غرايبه،فيصل محمود، العمل الاجتماعى فى مجال رعاية الشباب، داروائل للنشروالتوزيع، عمان ، 2009 .

46. الغازى،عبدالعزيز، مشاكل الشباب فى العالم الاسلامى، منشورات المنظمة الاسلامية للتربوية و العلوم والثقافة –ايسيسكو- صندوق الامم المتحدة للسكان ، 2000 .

47. فهمى ،محمد سيد ، المسئولية الاجتماعية ، مكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، 2015 .

48. فهمى ،محمد سيد، العولمة والشباب من منظور اجتماعى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية،2007.

49. فهيم ،كلير ، طريق نجاح الشباب فى الحياة، مكتبة الانجلو المصرية للنشر، قاهرة ،2007.

50. القصاص، مهدى محمد، مبادىء الاحصاء والقياس الاجتماعى، مكتبة عامر للطباعة والنشر ،المنصورة ،2007 .

51. كرمة، صفاء طارق حبيب و نورجان عادل محمود دةمير، قوة الذكاء الاجتماعى فى تفعيل المسؤولية الاجتماعية و مفهوم الذات الاجتماعية، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، 2014.

52. ماجد، ريما، منهجية البحث العلمى، مؤسسة فريدريش ايبرت، بيروت،2016 .

53. محمود، جلال حمة صالح، صلاحيات و اختصاصات مؤسسات جامعة السليمانية، مكتب رئيس الجامعة، جامعة السليمانية ،1994.

54. محمود، جلال حمة صالح، التعليمات الجامعة السليمانية، مكتب رئيس الجامعة، جامعة السليمانية ،1994.

55. محمود، خالدصالح ،الممارسة المهنية للخدمة الاجتماعية، مكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية،2008 .

56. هريدى، عادل محمد، نظريات الشخصية، ط3، دار ايتراك للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة ، 2011.

57.ياسين، عبدلله على، قضايا عالمية المعاصرة، دار يانا للنشر والتوزيع، طبعة الاولى، الاردن ،2000.

58. اليوسف، عبدالله احمد، خصائص الشباب، دار العلوم للطباعة والنشر، بيروت،2002 .

## سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

59. Bhattacherjee, Anol، Social Science Research : Principle Methods and Practices , 2th Edition, published by : craetive Commons Attribution- Non

Commercial - Share Alike 3.0 Unported License University of south Florida , UAS , 2012

60.Boyatzis, Richard Eleftherios, Thematic analysis and code develoment: Transforming Qualitative information, London and New Delhi: sage publications, 1998 .

61. Bryman, Alan, Social research methods ,4th ed. , OXFORD ,University press , 2012 .

62. Cohen, Louis, Lawrence Manion & Keith Morrison,Research Methods in Education , 6th edition, Published by Routledge Taylor and Francis Group, in New York & London, 2007 .

63. Hesse- Biber, Sharlene Nagy, Mixed Methods Research: Merging Theory with Practice. New York: The Guildford Press, 2010 .

64. Mindrila, Diana, The basic practice of statistics, (6th ed.)،published by W. H. Freeman and Company Group, New York,2013 .

65. Neuman, Lawrence, Social Researcher Methods: Qualitative and Quantitative Approaches, 7th edition, published by British Library Cataloguing-in-Publication Data, England, 2014 .

66. Petrie, pat,Working with Children and Youth People, Third Edition, Published by Jessica Kingsley Publishers، London and Philadelphia ،2011.

67. pierce, Micheal, Bandora Methode, published by Calpine Society,U.S,1977 .

68. Raudys Leo, social responsibility , Published printed in Great Britain by Amazon, 2016 .

69. Morris ,Van Clev ,What Is a Curriculum , Published by; The University of Chicago Press, U.S. 2019 .

70. Walliman, Nicholas, Research Methods The Basics, Published by Routledge Taylor and Francis Group, in New York & London, 2011 .

# نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

## یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان


71. احمد، کاظم محمد زاهید، پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بە نامۆ بوون لای گەنجانی زانکۆ ،نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،بەشی کۆمەڵناسی،زانکۆی سلێمانی ،2016.

72. بیبانی،ارکان شفیق رشید، توندوتیژی خوێندکاران، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ،بەشی کۆمەڵناسی،زانکۆی سلێمانی،2017 .

73.رشید،چیا فائق، رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەشەپێدانی تواناکانی گەنجاندا، نامەی ماستەری بڵآونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان،2012.

74.عبدللە،کامران جوهر، بەرپرسیارییتی کۆمەڵایەتی لەپاراستنی ژینگەی شار، نامەی ماستەربڵاونەکراوە،کۆلێژی ئاداب، بەشیکۆمەڵناسی،زانکۆیسەلاحەدین، هەولێر،2016.

75. عمر،ڕوخسارمحمد، بەرپرسیاریتی کۆمەڵآیەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمیەکان، نامەی ماستەری بڵآونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،2005

76. فرج، ئارام احمد، بونیاد و کرداری کۆمەڵایەتی وەک دوو ئاستی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیدا، تیزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی، 2013 .

77. محمود، باخان احمد محمد، پەیوەندی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان بە بێکاریەوە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،2017 .

78. محمد، فائز ابراهیم، ئەنۆمی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ، 2019 .

## دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان


79. ابوكوش ،يوسف احمد ابراهيم، السمات القيادية والمسؤلية الاجتماعية لدى الطالب المشاركين و غير المشاركين فى جماعات النشاط الطلابى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، قسم علم النفس، جامعة الاسلامية، غزة ،2012 .

80. احلام،اوغيدنى، القيم الاجتماعية المحلية و تاثيرها على الالتزام التنظيمى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر بسكره ، 2016

81. احمد،فلوح، مواصفات استاذة الجامعة من وجه نظر الطلبة، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية علوم الانسانية، قسم العلم النفس و التربية، جامعة وهران، جزائر، 2013 .

82. بو معيزة،السعيد، اثر وسائل الاعلام على قيم والسلوكيات لدى الشباب، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية علوم السياسة والاعلام، قسم علوم الاعلام و الاتصال، جامعة الجزائر ،الجزائر،2006 .

83. بن عبيد، عهود بنت ناصر، دور الاسرة فى تنمية المسؤولية الاجتماعية لدى ابنائها، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، قسم الدراسات الاجتماعية، جامعة ملك السعود ،مملكة العربية السعودية،2015 .

84. البلوى، محمد بن سليمان الفريعى، تشكيل هوية الانا والمسئولية الاجتماعية لدى عينة من طلاب بعض التخصصات والمستوايات المختلفة بجامعة ام القرى، رسالة ماجستير غير منشورة كلية التربية، قسم علم النفس، جامعة ام القرى، المملكة العربية السعودية ،2002 ،

85. حسونة، باسل فرييز، المسئولية الاجتماعية والضغوط النفسية لدى القيادات الطلابية فى الجامعة القدس المفتوحة، رسالة ماجسستير غير منشورة، كلية التربية، قسم علم النفس، جامعة الاسلامية-غزة، فلسطين،2014 .

86. حفيظة،منخفر، خطاب الحياة اليومية لدى الطالب الجامعى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة يطيف، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماع و الديموغرافيا، جامعة سطيف2، الجزائر،2013 .

87. حوامد،كريمة، دورالجامعة فى التنشيئة السياسية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الحقوق، قسم العلوم السياسة، جامعة الحاج لخضر-باتنة، الجزائر، 2008 .

88. حويذق، سهيلة و لمياء سلطانى، عوامل غياب الطالب الجامعى عن المحاضرة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الاجتماع، جامعة الشهيد حمة لخضر الوادى ،2018 .

89. الحورانى، نوال عبدالرحمن محمد، مقارنة بين كيفية اتخاذ القرار بين المدراء والمديرات، رسالة ماجستير غير منشورة، كليـــــــةالتجـــارة، قســـم إدارة الاعمـــال، الجامعة االسالمية، غزة، فلسطين،2013 .

90. خملة، نهاد، واقع الاختيار المهنى لخريجى الجامعة الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علوم الاجتماعية، جامعةمحمد خيضر، الجزائر،2014 .

91. الخمسان، محمد سليمان سالم، تأثير القيم الاجتماعية للعمالة الوافدة على الأمن الاجتماعي بالمجتمع السعودي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، قسم الاجتماع، جامعة القاهرة،2012 .

92. الخراشى، وليد بن عبدالعزيز بن سعد، دور الانشطة الطلابية فى تنمية المسؤلية الاجتماعية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، قسم الدراسات الاجتماعية، خدمة الاجتماعية، جامعة الملك سعود،2004 .

93. رزق ،نور احمد سعيد، الذكاء الوجدانى والمسئولية الاجتماعية وعلاقتها باضغوط المهنية لدى متخذى القرار فى الوزراة التربية والتعليم، رسالة ماجسستير غيرمنشورة، كلية تربية، قسم علم النفس، جامعة الاسلامية-غزة،2015.

94. رشيد، بوتقرابت، ظاهرة الاهتمام بالباس عند الشباب الجامعى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم علم الاجتماع، جامعة الجزائر، 2007 .

95. رحيم، نجاق محمد فرج، دور الجامعة فى ترسيخ الامن الاجتماعى، اطروحة دكتورا، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، جامعة السليمانية، اقليم كردستان_ العراق-، 2008 .

96. الزهراء، فاطمة، مدى تلبية المكتبات الجامعية لحاجيات المستفيدين، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الانسانية، جامعة الجيلالى بونعامة الجزائر،2018 .

97. الزيناتى، اسامة محمد خليل، دور اخلاقيات المهنة فى تعزيز المسئولية الاجتماعية فى المستشفيات الحكومية الفلسطينية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية ادارة و السياسة، قسم القيادة والادارة، جامعة الاقصى،فلسطين،2014 .

98. سعيدة، عكاشة، الرضى الوظيفى و علاقته بالدافعية لدى الاستاذ الجامعى بجامعة ام البواقى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب و اللغات والعلوم الاجتماعية والانسانية، قسم علوم الاجتماعية، جامعة العربى بن مهيدى ام البواقى،-الجزائر-،2013 .

99. الشاعر، منار محمود، الضغوط النفسية والمسئولية الاجتماعية لدى ضباط اسعاف حرب غزة فى ضوء بعض المتغيرات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية تربية، قسم علم النفس، جامعة الاسلامية-غزة،2011 .

100.-طلحى,خولة, المسؤلية الاجتماعية للقطاع الخاص فى الجزائر, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الحقوق والعلوم السياسية, قسم العلوم السياسة, جامعة العربى بن مهيدى ام البواقى,2015 .

101. العمرى، منى بنت سعد بن فالح، الاسلوب المعريفى(التروى / الاندفاع )وعلاقته بالمسئولية الاجتماعية لدى عينة من طالبات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للبنات، قسم التربية و علم النفس، جامعة طيبة، مملكة العربية السعودية، 2007.

102. عباس، يزيد، مشكلات الشباب الاجتماعية فى ضو التغيرات الاجتماعية الراهنة فى الجزائر، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية علوم الانسانية والاجتماعية، قسم علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، 2016 .

103. عتيق، منى، طلبة الجامعيون:تصوراتهم للمستقبل و علاقتهم بالمعريفة، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية علم النفس والعلوم التربية، قسم علم النفس التربوى، جامعة قسنطينة، الجزائر،2013 .

104. عزيز، تقى بدرى، الوعى الذاتى و علاقته بالاقناع الاجتماعى لدى طلبة الجامعة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للعلوم الصرفة - ابن الهيثم، قسم علم النفس، جامعة بغداد، 2015 .

